دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
٦٠
چوارشەممە
٢٠١٠/١٢/٨
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net



یەکگرتوو جێ بەگۆڕان لێژ دەکات!
3

## دوابەدوای ڕووداوەکەی کانی گۆمە:

# بەتۆمەتی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچێکی مەغۆل پیاوێکی تەمەن ٧٠ ساڵ دوای فڕاندنی دەکوژرێت





**دەستوور**

پیاوێک کە تەمەنی نزیکەی ٧٠ ساڵ دەبێت، بەناوی (ع)، دوای ئەوەی لەلایەن دراوسێیەکیانەوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەرفێنرێت، دەست و قاچ و پەراسووەکانی دەشکێنن، فرێی دەدەنو دواتر لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. دواتر بکوژەکان دەستگیر دەکرێن، بەڵام پۆلیس هیچ ڕوونکردنەوەیەک نادات.

ڕووداوەکە کاتژمێر یەکی شەوی ١١/٣٠ لەسەر ١٢/١ لەگەڕەکی کانی سپیکەی سلێمانی ڕوویداوە، بەپێی وتەی هوشیاری کوڕی (ع)، ٢٦ ساڵ، سێ چەکدار چوونەتە سەر ماڵیان دوانیان دەمانچەیان پێبووەو سێیەمیان چەکی گەورە، کە یەکێکیان زاوای باوکی کچەکەو ئەوی تریان خوشکەزای بووە لەگەڵ کەسێکی تر، باوکی کچەکەش لەگەڵ چوار چەکداری تر لەدووری ماڵی (ع) وە بەچەند سەد مەترێک پاسەوانییان کردووەو سەیارەیەکی جۆری میسۆبۆشی پیکابیان پێبووە.

هوشیار کوڕی (ع)، لەبارەی ڕووداوەکەوە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "هەر لەوێدا چەکدارەکان دەستیانکرد بە لێدانی باوکم و دەستیان شکاند و بردیان، مۆبایلی خوشکەکەمیشیان برد".

لەوکاتەدا هوشیار تەلەفون بۆ پۆلیس دەکات، بەڵام تا پۆلیس دەگات چەکدارەکان هەڵدێن.

هوشیار وتی "کچێکی ناتەواو (مەغۆل) تەمەن ١٥ ساڵ، دراوسێی ئێمەن، دوای ئەوەی لەلایەن چەند کەسێکەوە سکی پڕ دەکرێت، بە فێڵێک کچەکە ناچار دەکرێت ناوی باوکم بهێنێت".

هوشیار دەڵێت بەهۆی ئەوەی باوکی دووکانی هەبوو لە گەڕەکەکە ئاسان بووە ئەو تۆمەتە بدرێتە پاڵی و دواتریش باوک و کەسوکاری کچەکە بڕوایان بەو کچە کردووەو باوکیان کوشتووە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٢/٢ سەعات ٩ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنەوە تەلەفۆن بۆ ماڵی (ع) دەکرێت پێیان دەڵێن کە باوکیان لەوێیە، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە (ع) گیان لەدەستدەدات.

هوشیار وتی "شوێنی لێدان بە جەستەی باوکمەوە دیار بوو، سنگو قاچو دەستو پەراسووەکانیان شکاند بوو".

سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بە دەستووری ڕاگەیاند "جگە لەشکانی چەند شوێنێکی لەشی، شوێنەواری لێدان بە جەستەی (ع)ەوە دیاربووە،".

سەرچاوەکە دەڵێت بەپێی ڕاپۆرتی پزیشک ئەو پیاوە بەتەمەنە ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی نەخۆشییەوە توانای سێکسکردنی لەدەستداوە.

دوای ئەوەی کەسوکاری (ع) سکاڵایان لەدادگاو پۆلیس تۆمارکردووەو ئێستا کێشەکە لەلایەن پۆلیسەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، هەریەکە لە باوکی کچەکەو زاوا و خوشکەزاکەیو کەسەکەی تر کە لەگەڵیان چووەتە سەرماڵی (ع) دەستگیرکراون. ئەوانەی تریش کە گومانیان لەسەرەو پاسەوانی ئەمانیان کردووە هەڵهاتوون.

هوشیار وتی "گرتەیەکی ڤیدیۆ بەو کەسانە گیراوە، کە تێیدا باوکم سوێند دەخوات دەستدرێژی نەکردووەتە سەر ئەو کچە و ئاگاداری شتی وانییە".

ئاسۆ عومەر ئەفسەری ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی لەلێدوانێکیدا ڕاستی ڕووداوەکەی سەلماند، بەڵام وتی "ئەمڕۆ پشووەو لەدەوام نیم، ڕۆژی دواتر زانیاریتان دەدەمێ".

ئەمەش دووەمین ڕووداوە لەماوەی دوو هەفتەدا لەسلێمانی ڕوویداوە، دوای ئەوەی دوو هەفتە لەمەوپێش گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەمۆبایلو سایتی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا بڵاوکرایەوە، کە تێیدا سێ کەس لەلایەن چەند کەسێکی ترەوە، دوای ئەوەی گوایا بۆ کاری سێکسی دەچنە سەر ماڵێک لێیان دەدرێتو وێنەیان بڵاودەکرێتەوە.

ئەو ڕووداوە لەگەڕەکی کانی گۆمەی سلێمانی ڕوویدا، بەپێی گرتە ڤیدیۆییەکە، ئەو سێ کەسە هەڕەشەی فڕاندنی ژنەکەیان کردووە، ئەگەر سێکسیان لەگەڵدا نەکات، بۆیە ژنەکە مێردەکەی ئاگاداردەکاتەوەو مەوعیدیان پێدەداو دوای هاتنی ئەو سێ کەسە بۆ ماڵەکە، لەلایەن مێردی ژنەکەو چەند کەسێکی تریانەوە دەگیرێنو لێیان دەدرێتو گرتەی ڤیدیۆییشیان بڵاودەکەنەوە.

## سەبارەت بە تراژیدیا تۆقێنەرەکەی کانی گۆمە

16

REKLAM



# ٩٦ ئەندامی تر بۆ کۆنگرەی پارتی زیادکران

## بۆ ئاشتکردنەوەی کادیرە ناڕازییەکان، مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاریدا بیانکات بەئەندامی کۆنگرە

**بورهان قادر**

پارتی دیموکراتی کوردستان ٩٦ کادیری دەرنەچووی لەهەڵبژاردنی ئەندام کۆنگرەکاندا سەرخست بۆ کۆنگرە، بەپێی هەڵسەنگاندنی لێپرساو و کارگێڕ لقەکان، لەپێناو هێورکردنەوەی کادیرە ناڕازییەکان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتییەوە، مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بڕیاریداوە ٩٦ ئەندام بۆ کۆنگرە زیاد بکات، کە لە سلێمانیو کەرکوک هەریەکە ٢٤ ئەندام کۆنگرە، واتە بۆ هەر لقێک شەش ئەندام زیادکراوە، بۆ هەر یەک لەشارەکانی هەولێرو دهۆکو موسڵیش ١٦ ئەندام کۆنگرە زیاد کراوە، واتە بۆ هەر لقێک چوار ئەندام کۆنگرە زیاد کراوە.

پێش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی سیانزەی پارتی، لەبەر ڕۆشنایی ئاماری لقەکان مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا بۆ هەر هەزار ئەندامێک کەسێک بکرێتە نوێنەرو ببێتە ئەندام کۆنگرە، بەڵام دەرکەوت ئامارەکان هەڵەن و پارتی ئەو نزیکەی کەمێک زیاتر لەنیوەی ئەو ئامارە کە ملیۆنێک کەس بوو ئەندامی هەیە.

دەڵێت ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بووە کە لقەکان ئاماری نادروستیان لەبارەی ئەندامانیانەوە ناردبوو، زۆرێکیان تەنانەت فەرمانبەرانیشیان کردبوو بە ئەندامی حیزب.

وتی «بۆیە لە هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی کۆنگرە ڕێژەی ئەندام بەپێی ئامارەکان نەبوون و زیاتر لە سێ یەکی کورسییەکانی کۆنگرە بەبەتاڵی مانەوە».

بۆیە مەکتەبی سیاسی بڕیاریداوە بەشێک لەو بۆشاییانە بەڕێگەی تر پڕ بکاتەوە. بەتایبەت

بۆ بایەخدان بە سلێمانی و کەرکووک کە پارتی تیایدا لاوازە و نیگەرانی و ناڕەزایی بەشێک لەستافی لقەکان کە نەبوون بە ئەندام لە کۆنگرە و لە ترسی نیگەرانی و وازهێنانیان مەکتەبی سیاسی بەشێک لەکادیرە دەرنەچووەکانی کرد بە ئەندام کۆنگرە.

فایەق تۆفیق سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتڕاستیکردەوە کە ژمارەی ئەندامانیان زیادکردووە، وتی زیادکردنەکە بەهەڵبژاردن بووە».

سەرچاوەکە وتی «ئەگەری ئەوەش هەیە کەسیتریش لەڕێی تەسکیەو بڕیاری تایبەتەوە بهێنرێتە کۆنگرە».

سەرچاوەکەی دەستوور ئاماژەی بەوەدا ئەو ئەندام کۆنگرانەی کە دانراونو ئەوانەشی کە دەنگیان پێدوان هەموویان لەستافی ناو لقەکانن واتە ئەندام لق یان بەرپرسی ناوچەکانن، هەرچەندە ئەو ئەندامانەی کە دەنگیان پێدوان پێشتریش لەهەڵبژاردنەکان بەشداری دەنگدانیان کردووە، ئەوەی کە خۆیشی هەڵبژاردووە ئەوانەن کە پێشتر بۆ ئەندامی کۆنگرە دەرنەچوونو نیگەران بوون،



بڕیارە لە هەفتەکانی داهاتوودا کۆنگرە ببەستێت

وتی «ئەمەش فێڵێکە بۆ هێورکردنەوەی کادیران».

هەر لەوبارەوە فایەق تۆفیق دەڵێت ئەوەی بەشداریکرد جارێکی تر بەشداری ناکاتەوە، وتی «ئەو زیادکردنە هەر لەنێوان کادیرو حیزبدا بووەو چەند کەسانێک زیادکرانو تەواو».

سەبارەت بەوەی کە ئەی ئەوانە کێ دەنگی پێدوان فایەق تۆفیق وتی «بەرپرس و کارگێڕەکانی لقەکان، لەهەموو جێگایەک شتی وا هەیە، هی ئێمەش بۆ کادیرە پێشکەوتووەکان بووە تیایەتی لەلقەکان بەشداری دەنگدانیان کردووە، بەس کەسیان خۆی نەپاڵاوتووەو وایاندەزانی بە تەسکیە دەردەچن».

# یەکگرتوو جێ بەگۆڕان لێژ دەکات!

## لەهەڵبژاردنی مامۆستایاندا لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەیانتوانی پێگەی دەسەڵات کەمتر بکەنەوەو ڕێژەی دەنگەکانیان لەنێوان خۆیاندا هاتووچۆ دەکات

**کاروخ نامیق**

هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان گەشەی بەرفراوانی هێزە ئیسلامییەکان بەتایبەت یەکگرتووی ئیسلامی پیشاندا لەگەڵ پاشەکشەی گۆڕاندا. بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو ٢٠١٠/١٢/٢ بەبەشداری ١١ لیستی ڕکابەر ئەنجام درا، کە تیایدا ١٠٠ هەزار ١٨٠ مامۆستا لە کۆی ١٢٠ هەزار مامۆستا دەنگیاندا بەم پێیەش لە ٨٠٪ ئەو مامۆستایانە دەنگیانداوە کەمافی دەنگدانیان هەبووە.

لەو هەڵبژاردنەدا لیستی مامۆستایانی کوردستان لە ٥٨٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوەو بە پلەی یەکەم دێت کە دەکاتە ٥٧ هەزار ٧٤٠ دەنگ، لیستی سەردەم بە ١٦٪ دەنگەکان بە پلەی دووەم دێت واتا ١٥ هەزار ٧٠٥ دەنگ، لیستی مامۆستایانی یەکگرتوو لە ١٤٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە کەدەکاتە ١٣ هەزار ٦٥٠ دەنگ، لیستی مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامی ٨٪ دەنگەکانی بە دەستهێناوە کە دەکاتە ٨ هەزار ٣٦٦ دەنگ.

بەو پێیەش تەنها هەردوو حیزبی ئیسلامی (یەکگرتوو ـ کۆمەڵ) ٢٢٠١٦ دەنگیان هێناوە کەدەکاتە ٢٢٪ دەنگەکان.

**ئیسلامییەکان گەشە دەکەن**

سەرەڕای ئەوەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی تووشی پاشەکشەیەکی بەرچاو بوو، ژمارەی کورسییەکانی لە نۆ وە کەمیکرد بۆ شەش، بەڵام لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و یەکێتی مامۆستایاندا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دیوە.

یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی مامۆستایان توانی ١٤٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێت، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ تەنها ٦٪ دەنگەکانی بەدەستهێنا بەگوێرەی کورسییە بەرکەوتووەکانی لەهاوپەیمانێتی چوار حیزبەکە، ئەوەش دوو ئەوەندە زیاتر زیادیکردووە.

عەتا ئەحمەد ڕەمەزان لەلیستی مامۆستایانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند «ئەو ئەنجامەی هێناومانە بە ئەنجامێکی گەورەی دەزانین، هەروەها ئەگەر هەندێک دەستێوەردانی حیزبی نەبوایە دەنگی زیاترمان دەهێنا زۆر لەوە زیاتر دەبوو کە ئێستا هەیە».

م. عەتا ئەحمەد ئاماژە بەوە دەدات کە دەنگی مامۆستایانی یەکگرتوو بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، وتی «وەک دەیبینین لیستی یەکگرتوو لەهەر دوو پارێزگای دهۆک و کەرکوک پلەی دووەمی هێناوە، لەسەر ئاستی شارۆچکە بچوکەکانی قەزا و ناحیەکانیش لە هەندێک ناوچە پلەی یەکەمی هێناوە».

کۆمەڵی ئیسلامی توانیویەتی ٨٪ دەنگەکان مسۆگەر بکات، لەکاتێکدا تەنها ٤٪ دەنگەکانی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێناوە.

«ئێمە پێش هەڵبژاردن لەگەڵ مامۆستایانی کۆمەڵ بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنمان نەکرد، دوای هەڵبژاردنیش لەوە دەچێت کارێکی زەحمەت بێت لیستێکی هاوبەش دروستبکەین، ڕەنگە لە دەربڕینی هەڵوێستەکانمان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەین بەڵام ببین بەیەک لیست شتی لەو جۆرە لە ئارادا نییە». م.عەتا وای وت.

**گۆڕان پاشەکشە دەکات**

لیستی مامۆستایانی سەردەم، کە بەنزیک لە بزوتنەوەی گۆڕان دادەنرێت یان بە مامۆستایانی گۆڕان ناودەبرێن، توانییان ١٦٪ دەنگەکان بەدەستبهێنن و پلەی دووەم لەدوا لیستی مامۆستایانی کوردستان (پارتی و یەکێتی) کە ٥٨٪ دەنگەکانیان بردووەتەوە.

هەرچەندە لیستی مامۆستایانی سەردەم پلەی دووەمی وەرگرتووە، بەڵام تەنها نزیکەی دوو هەزار دەنگ لەپێش یەکگرتووەوەیە، ئەوەش پێگەی بەهێزی بزوتنەوەی گۆڕان کەپێشتر هەیبوو بەرەو لەدەستدان دەچێت ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەم شێوە بمێنێتەوە.

م. عەتا ئەحمەد لەلیستی یەکگرتوو ئاماژە بەوە دەدات کەدەنگی مامۆستایانی یەکگرتوو بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، وتی «وەک دەیبینین لیستی یەکگرتوو لەهەر دوو پارێزگای دهۆک و کەرکوک پلەی دووەمی هێناوە، لەسەر ئاستی شارۆچکە بچوکەکانی قەزا و ناحیەکانیش لە هەندێک ناوچە پلەی یەکەمی هێناوە».

م.سەنگەر فایەق وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم ئاماژە بۆ ئەوە دەدات لەچاو ئەو خروقاتانەی لە هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایان کراوە بەو ئەنجامە تاڕادەیەک ڕازین، چونکە لەبەر زۆری خروقاتەکان چاوەڕوان نەدەکرا ئەو ئەنجامە بهێنن».

م. سەنگەر دەڵێت «ترسمان لەهیچ لیستێک نییە پێشمان بکەوێتەوە لەهەڵبژاردنەکان ئەگەر یەکگرتوو بێت یان کۆمەڵ یاخود هەر لیستێکی تر بەمەرجێک بەڕێگەیەکی شەرعی بتوانێت ڕێژەی دەنگەکانی زیاد بکات، بەبێ پەنابردن بۆ کاری نایاسایی».

م. عومەر وتی « هەشت ساڵە هەڵبژاردنی مامۆستایان نەکراوە، لەو ماوەیەدا ڕێژەی مامۆستا زیادی کردووەو بیروڕای جیاواز هاتۆتەکایەوە، بەو هۆیەوە هەندێک لیست تاڕادەیەک توانیویانە دەنگ بهێنن، بەڵام بەو جۆرە نییە، ئەم هەڵبژاردنە دەریخست لیستەکانی تر بە ئیسلامیەکانو گۆڕانەوە بەرەو کەمی دەچن ئێمە بەرەوە زیادی دەڕۆین، بۆنمونە لە هەڵبژادنی ٧/٢٥ گۆڕان لە ٢٥٪ دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێنا بەڵام ئێستا ١٦٪ هێناوە».

**ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵاتی لاواز نەکرد**

بە بەراوردی دەنگەکان لەنێوان هەڵبژرادنەکەی یەکێتی مامۆستایان و کورسییەکانی پەرلەماندا، پێگەی ئۆپۆزیسیۆن وەک خۆی ماوەتەوە، سەرەڕای ئاڵوگۆڕی پێگەکە لەنێوان خۆیاندا.

م. عومەر محەمەد ئەمین لە لیستی مامۆستایانی کوردستان (یەکێتیو پارتی) لەلیدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت قەناعەتیان بەو دەنگانە هەیە کە هێناویانەو پێی ڕازین وتی «هەرچەندە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەموو لایەنێک تموحی زیاتری هەیە».

هەروەها وتی «ئێمە بەهیچ شێوەیەک هەست بە مەترسی ناکەین لەبەرئەوەی لیستەکەی ئێمە بەردەوام لەگەشەکردندایە».

بەڵام لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەڵێن پێشلکاری و ساختەکاری بەربەستی بەردەم دەرکەوتنی پێگەی ڕاستەقینەی ئەوان بووە.

م. سەنگەر پێیوایە ئەو خروقاتانە وایکرد ڕێژەی دەنگی لیستی دەسەڵات زیاد بکاتو ڕکابەرەکانیان کەمبکات.

م. عومەر ڕایگەیاند ئەگەر هەڵبژاردن بکەین بۆ سکرتاریەتی مامۆستایان جگە لە لیستی مامۆستایانی کوردستان (یەکێتیو پارتی) هیچ لیستێکی تر سەرناکەوێت.

بەڵام لیستەکانی ئۆپۆزیسیۆن بڕوایان وایە هەرچەندە پێگەیان لەچاو کورسییەکانی پەرلەمان زیادینەکردووە، بەڵام لەناو یەکێتی مامۆستایاندا دەنگیان زیادیکردووەو دەتوانن کورسی زیاتر لە سکرتارییەتی ڕێکخراوەکە مسۆگەر بکەن.

بە بڕوای م. عەتا هەڵبژاردنی مامۆستایان وەک هەڵبژاردنی حکومەت نییە هەندێک بەشداری حکومەت بکەنو هەندێکیان ئۆپۆزسیۆن بن، دەڵێت «لەم ڕێکخراوەدا هەر لایەنەو بەپێی دەنگی خۆی ڕێژەی دەبێت، بەڵام لەئایندەدا یەکێتی مامۆستایان هەمەجۆرییەکی تێدا دروست دەبێت وەک جاران نامێنێتەوە کە یەکێتیو پارتی بۆخۆیان قۆرخیان کردبوو».

م. سەنگەر ڕایگەیاند «لەدوای هەڵبژاردنەوە هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵ لیستەکانی تر نەکردووە، بەڵام چاوەڕواندەکرێت لە داهاتوودا دانیشتنمان هەبێتو بەهاوبەشی کاربکەین».



# هیچ وەزارەتێک بەڕەسمی نەدراوەتە کورد

## دابەشکردنی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق تەنها زارەکییەو لەلیژنەکانی پەرلەمانیش تەنها کۆمەڵ بێبەش بوو

**محەمەد نەجیب**

ئەندامانی کورد لەپەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنن تائێستا بەڕەسمی هیچ پۆستێکیان بۆ یەکلاییەنەکراوەتەوە، ئەوانەشی کەباسدەکرێت زارەکین نەک ڕەسمی.

شێخ فاتیح دارا ئاغای ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەر لایەنێک باسی دابەشکردنی وەزارەتەکان دەکات تەنها ڕای لایەنەکە خۆیەتی، چونکە هیچ بڕیارێکی ڕەسمی لەسەر نییە، واتە ڕێککەوتنێکی ڕەسمی نییە لەنێوان لایەنەکاندا".

دارا ئاغایی دەڵێت تائێستا ڕێککەوتنی ڕەسمی لەسەر هیچ وەزارەتێک لەنێوان هەر سێ لایەنی هاوپەیمانی نیشتیمانیو عیراقییەو کوردستانی ڕووی نەداوەو بەرجەستە نەبووە، وتی "بەڵکو تەنها بەسەرزارەکی نەبێت وەزارەتەکانی دەرەوە بۆ کوردو نەوت بۆ هاوپەیمانی نشتیمانیو دارایی بۆ عێراقیە، ئەویش بەنوسراو نییە".

دارا ئاغایی ئەوەشی وت "بۆ کورد هیچ وەزارەتێک بەڕەسمی دیاری نەکراوە، تەنانەت وەزارەتی دەرەوەش".

لەلایەکی ترەوە، بەکر حەمەسدیق ئەندامی پەرلەمانی عێراقو ئەندامی پەیڕەوپڕۆگرامی ناوخۆ لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بەدابەشکردنی لیژنەکان، وتی "سەرۆکایەتی لیژنەکان وەک ژمارەو دابەشکردن یەکلاییبوونەتەوە، بەشێوەیەک ئیئتیلافی کوردستانی سەرۆکایەتی ٤ لیژنەی بەردەکەوێت، بەڵام یەکێکیان بۆ یەکگرتوو دەبێت، گۆڕان یەک لیژنەو عێراقییە ٧ لیژنەو هاوپەیمانی نیشتیمانی ١٢ لیژنەی بەردەکەوێت".

هەروەها وتی "تەنها کۆمەڵ سەرۆکایەتی هیچ لیژنەیەکی وەرنەگرتووە، ئەوانیش خۆیان خوازیاری ئەوە نەبوون کەسەرۆکایەتی هیچ لیژنەیەک بکەن، بەڵام دەتوانن ئەندام بن لەهەموو لیژنەیەکدا".

# لیژنەی مادەی ٢٣ کارەکانی بەجێنەگەیاند

**کارۆخ نامیق**



"هیچ هەوڵێکی جدی لە ئارادانییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوک"

کاری لیژنەی مادەی ٢٣ کەتایبەت بوو بەزەمینەسازیو ئاسایکردنەوەی هەلومەرجی هەڵبژاردن لەکەرکوک، بەبێئەوەی هیچ ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن، کارەکانیان ڕاوەستێنراوەو ئەندامێکی ئەو لیژنەیەش دەڵێت "هەر نازانم بەکوێش گەیشت؟".

بەپێی یاسایی ژمارە ٣٦ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە٢٠٠٩/١/٣١ لەچواردە پارێزگای عێراق هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچوو، بەبێ کەرکوکو سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنیش لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک مادەی ٢٣ لەیاسای هەڵبژاردنەکان دانرا، بەڵام ئەو لیژنەیە کەس نازانێت بەکوێ گەیشت.

بەپێی مادەی ٢٣ دەبوو لەکۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٩ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجامبدرایە، بەڵام ئەو لیژنە پەرلەمانییەی کە بۆ مادەی ٢٣ دروستکرابوو نەیتوانی ئامادەکاری بکات بۆ ئەو هەڵبژاردنەو لیژنەکەش بەهێواشی کارەکانیان ڕاگرت.

ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هیچ هەوڵێکی جدی لە ئارادانییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوک، تەنیا لەنێو خەڵک ئارەزوویەک هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن".

ئاوات ڕایگەیاند دوو ڕێگە لەپێشەوەیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەپارێزگای کەرکوک بکرێت، کەهەردووکیان لەڕێگەی پەرلەمانی عێراقەوە دەکرێت، ڕێگەی یەکەم ئەوەیە یان دەبێت بگەڕێینەوە سەر مادەی ٢٣ بزانرێت ئایا ئەو لیژنە پەرلەمانییە دەسەڵاتی ماوە، چونکە ئەو لیژنەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا نەیتوانی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکات، ڕێگەی دووەم ئەوەیە دەبێت بگەڕێینەوە سەر خاڵی شەشەم لەمادەی ٢٣ کەداوا دەکات هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نوێنەران بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێوشوێنی هەڵبژاردن لەکەرکوک دابنێن.

سیروان کاکەیی ئەندامی لیژنەی مادەی ٢٣و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات لەوبارەیەوە، وتی "من ئێستا هەر ئاگاداری ئەو مەسەلانە نیم".

لیژنەی مادەی ٢٣ لەحەوت ئەندام پێکهاتبوو، دوو کوردو دوو تورکمانو دوو عەرەبو، یەک کلدو ئاشووری کەهەموویان ئەندام پەرلەمانی کەرکوک بوون لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

کاری لیژنەی مادەی ٢٣ بریتیبوو لەزەمینەسازیو ئاسایکردنەوەی هەلومەرجی هەڵبژاردن لەکەرکوک، لەڕێگەی پێداچوونەوە بەتۆماری دەنگدەرانو چارەسەرکردنی کێشەی تەجاوز لە سەر موڵکی گشتیو تایبەتو، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.

# بڕیاری دەرچوون لەپۆلی دوو و سێی بنەڕەتی هەڵوەشایەوە

## مامۆستایان دەڵێن ئەوانەی دەچوونە پۆلی چوار زۆرینەیان ناوی خۆیان نەدەزانی

**هێمن لەتیف لەسلێمانی**

بڕیارێکی تری سیستمی نوێی خوێندن هەڵوەشایەوە، کە بەپێی سیستمەکە خوێندکاری پۆلی یەکەم تا سێیەمی بنەڕەتی ڕاستەوخۆ دەردەچێنران، بەهۆی ئەوەی خوێندکارەکان ئەوەندە فێرنەدەبوون.

بەپێی بڕیارە نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردە، لەپۆلەکانی دووەمو سێیەم، ماوە لەخولی دووەمدا لەهەردوو بابەتی کوردیو بیرکاری پێکەوە بەدەرنەچوو دادەنرێت لەو ساڵەدا. بەڵام لەپۆلی یەکەم هەموویان دەردەچێنرێن.

لەپۆلەکانی دووەمو سێیەم، لەخولی دووەمدا ئەگەر بەتەنها لەبابەتی کوردی یان بیرکاری مابێتەوە بەدەرچوو ئەژمار دەکرێت. هەروەها لەخاڵێکیتری نووسراوەکەدا ڕوونکراوەتەوە "ماوە لەبابەتەکانی تری پۆلی دووەمو سێیەم لەخولی دووەمدا جگە لە"کوردی، بیرکاری" پێکەوە، بەدەرچوو ئەژماردەکرێت لەچەند بابەت کەوتبێت".

بەشێک لەمامۆستایان دەڵێن لەساڵانی ڕابردوودا ئەو خوێندکارانەی کە لەپۆلی یەکەم تا سێیەم ڕاستەوخۆ دەردەچێنران،



بەهۆی ئیهمالی خوێندکارەکەو گوێنەدانی هەندێک مامۆستاوە ئەوەندە فێرنەدەبوون، بەشێکیان کاتێک دەچوونە پۆلی چوارەم تەنانەت نەیاندەزانی ناوی خۆیشان بنووسن.

ئیسماعیل حەمەڕەحیم مامۆستای زمانی کوردی، لەقوتابخانەی بنەڕەتی ئاڵیاوا لەسلێمانی، دەڵێت کەوەزارەتی پەروەردە لەکاتی دەرکردنی بڕیاری نەکەوتنی خوێندکار لەپۆلەکانی یەکەمو دووەمو سێیەمدا پەلەی کردووە، بۆیە ئێستا هەستدەکەن دەرئەنجامێکی خراپی لێکەوتووەتەوە، بڕیاریانداوە ئەوە هەڵبوەشێننەوە.

ئەو مامۆستایە وتی "باشنییە خوێندکارێک لەهەموو وانەکان بکەوێت، بەدەرچوو ئەژماربکرێت، لەلایەکیتریشەوە پرس بەدایکو باوک دەکرا کەخوێندکارەکەی هیچ نازانێت ئایا بچێتە پۆلێکیتر، ئەوانیش دەیانگوت بادەربچێت، ئەمەیش هەڵەیەکە چونکە لایەنی زانستی ڕەچاونەدەکرا، بەو دەرچوونەیش مامۆستا لەساڵی داهاتوودا بەدەستیەوە تووشی ماندووبوون دەبوو".

ئەو مامۆستایە پێیوایە کەبڕیارەکە کەمێک هەڵەی تێدابووە، چونکە بەبەراورد بەوڵاتانی ئەوروپا دایاننناوە، وتی "ئەو وڵاتانەش منداڵ ئامادە دەکەن بۆ خوێندنگە چونکە لە ٩٥٪ بەقۆناغی باخچەی ساوایاندا تێپەڕدەبن، بەڵام لەکوردستان ئەم خاڵە ڕەچاو ناکرێت".

واحید سورە عەبدول، سەرپەرشتیاری زمانی کوردی، پێیوایە ئەرکی پەروەردەییو زانستی خوێندکار لەئەستۆی مامۆستادایە، وتی "بۆیە زمانی کوردی کەزمانی دایکە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ هەموو وانەکانیتریش، چونکە هەموو وانەکان بەم زمانە دەخوێنێت، ئەگەر بەشێوەیەکی باش خوێندکار فێربکرێت".

ئەو سەرپەرشتیارە، ئاماژە بەوەش دەدات کەپێشئەوەی بڕیارێک دەربکرێت یاخود مەنهەجێک بگۆڕدرێت، پێویستە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت، بۆئەوەی لایەنی خراپیو باشییەکەی دیارییبکرێت.

واحید سورە عەبدول، وتی "کەسوکاری خوێندکار هاوکارمان نین، چونکە پێشتر ڕایان وەرگیراوە بۆ دەرچوونی منداڵەکەی، بەڵام دەیانوت ئەگەر هیچیش نەزانێت بابچێتە پۆلێکیتر، بۆیە دەبێت بەربەسێک هەبێت بۆ ئەو حاڵەتە".

هەمین محەمەد دایکی خوێندکارێکی پۆلی چوارەم بەدەستووری وت "منداڵەکەم تائێستا تەنانەت ناوی خۆشی نازانێت، دیارە ئەوەش یان هەڵەی ئێمەیە کە لەساڵانی پێشوودا دەمانوت با دەربچێت، یان هەڵەی مامۆستاکەیەتی کە گوێی پێنەداوە".

هەتاو محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، وتی "ئاگادارنیم لەو گۆڕانکارییانە".

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتی "بەهۆی ئەوەی خوێندکارانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی مادەی خاون پێویستیان بەهەوڵو ماندووبونێکی زۆری مامۆستایان هەیە بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ پۆلەکانی سەروتر".

بەرزنجی، وتی "پۆلەکانی دووەمو سێیەم بەبڕیارێک وانەی کوردیو، بیرکاری دیاریکراوە بۆئەوەی توانای خوێندکار بەرزبێتەوە، هۆکاری دانانی ئەو دوو وانەیەش سکاڵایەکی زۆر لەمامۆستایانو، دایکو باوکی خوێندکارەکان دەکرا چونکە خوێندکار دەگەیشتە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی هیچ فێرنەدەبوو".

بەرزنجی باس لەوە دەکات کەهەموو یاسایەک پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، ئەو بڕیارەیش سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا بۆیە گۆڕانکاری تێداکراوە، گۆڕانکارییەکە بەپرسوڕای پسپۆڕانی پەروەردەو سەرپەرشتیارانو کەسوکاری خوێندکاران کراوە.

# پاش چەندان ساڵ ئاگربەستو ئاشتی

## شەڕی ڕاگەیاندنی دیموکرات و کۆمەڵە دەستیپێکردەوە

هیوای سەلیمی

مێژووی خەباتی هاوچەرخی سیاسیی کورد لە هەموو پارچەکەکانی کوردستان مێژوویێکی بارگاوی بە ناکۆکیو شەڕی ناوخۆییە. زۆر جار چەندە باس لە حەماسەت و ڕاپەڕین و لە خۆبوردەیی دەکرێ، ئەوەندەش باس لە مێژووی ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکان دەکرێ و تەنانەت بە شەڕی براکوژیش ناوی لێدەنرێ.

ئەوەی کە تا ئێستا لەلایەن توێژەرانەوە بە خەسڵەت و تایبەتمەندی جیانەکراوەی خەباتی گەلی کورد ناسراوە و دەرئەنجامی ئەم ململانێیەش کوژرانی سەدان و هەزاران کەسی لێکەوتۆتەوە.

ئەم ململانێیە تا هاتووە لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕەنگی جیاجیادا دەرکەوتووە، ئەم جارەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت زەقتر بوویەوە لە نێوان هەردوو هێزی سەرەکی کە کۆمەڵە و دیموکراتن.

ڕەگی ئەم مێژووەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ مانگەکانی سەرەتای پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. لەدوای ڕووخانی حکومەتی پاشایی لە ئێران، کوردستان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی حزبەکانی کوردستانو هەریەک لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەک دوو هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات بنکەو بارەگاکانیان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کردەوەو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بزووتنەوەی کوردی لەو پارچەیەی کوردستان دەستیپێکرد.

### ناکۆکییەکانی نێوان حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە مێژوویێکی درێژی هەیە

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٦ی ئابی ١٩٤٥ دامەزراو، بووە جێگرەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە سێ ساڵ پێشترو لە هەمان ڕۆژدا دامەزرابوو. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان "ژ.ک" یەکەمین ئۆرگانیزاسیۆنی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ١٥٩ ڕۆژ دوای پێکهاتنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران واتە لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ یەکەمین حکومەتی کوردی لە شاری مەهابادو بەناوی کۆماری کوردستان (مهاباد) دامەزراو کۆماری کوردستان ١١ مانگ حکومەتی کرد. پاش شکستی کۆماری کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەی نهێنی دەستیدایە چالاکی سیاسیو ئەو ڕەوتە تا ڕوخانی حکومەتی پاشاییو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بەردەوامبوو. لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ حزبی دیموکراتیش وەک حزبەکانی دیکە چالاکییە ئاشکراکانی دەستپێکردو دەورەیەکی نوێ لە خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستپێکرد.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران یەکێکی دیکە لە حزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن گرووپێک لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێرانەوە دامەزراو چالاکییە سیاسییەکانی خۆی بە شێوەی نهێنیو لەسەر ئەساسی بیروباوەڕی چەپ دەستپێکرد. لە ساڵی ١٩٧٩ کۆمەڵە، چالاکییە ئاشکراکانی خۆی دەستپێکردو لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت لەباشووری کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی خێرا نفوزێکی گەورەی جەماوەریی پەیداکرد. پاش هاتنەسەرکاری حکومەتی ئیسلامی ئێران کۆمەڵەو دیموکرات دژایەتیکردنیان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی دەستپێکردو هاوشان لەگەڵ ئەو دژایەتییە، ناکۆکیو کێشمەکێشەکانی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش دەستپێکرد.

دروستبوونی زەمینەکانی ئاڵۆزی لە نێوان پێشمەرگەو ئەندامانی هەردوولاو دەستپێکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان، یەکەم پێکدادانی چەکداری لە نێوان دیموکراتو کۆمەڵە لە ٢ی مایسی ١٩٨٠ لە ناوچەی سەردەشت لێکەوتەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستدەدا. چەند مانگ دواتر کۆمەڵێک پێکدادانی دیکە لە ناوچەکانی کامیارانو هەورامان دێتەئاراوەو زیانی گیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە. لە جارەکانی یەکەمی پێکدادانەکاندا کۆمەڵێک ناوبژیوان لە لایەنە سیاسییە ئێرانیو کوردستانییەکان هەوڵیاندا بە دروستکردنی چەندان لێژنەو گفتوگۆ، کێشەکان چارەسەربکەن بەڵام ناکۆکییەکان درێژەی کێشاو ڕاگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری حزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵەی لێکەوتەوە.

کۆمەڵە پێیوایە کە حزبی دیموکرات دەستپێشخەرو هەڵگیرسێنەری شەڕەکە بووەو هۆکاری هاتنەئارای ئەو دوژمنایەتییەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەوان خۆیان بە حزبی تاقانەو براگەورە دەزانیو تەحمولی ڕەوتێکی نوێ بە ناوی کۆمەڵەیان نەدەکرد، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبووو پێگە جەماوەرییەکەی بەهێزتر دەکرد. لەبەرامبەردا دیموکراتیش کۆمەڵە بە تاوانبار دەزانێتو دەڵێت کە بۆچوونە سیاسییەکانی کۆمەڵەو تۆمەتبارکردنی ئەوان بە کۆمەڵێک واتای وەک بۆرژواو پارێزەری بەگو ئاغاکان بۆتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو ناکۆکییانە.

لە ڕەوتی ناکۆکییە توندەکانی نێوان دیموکراتو کۆمەڵە بە دەیان نموونەی وەک لەسێدارەدان، کوشتنی بە کۆمەڵ، سووتاندنی پێشمەرگە، دەستدرێژی سێکسیو ..هتد ڕوویداو سەرەنجام لە ٢٣ نیسانی ١٩٨٨ لە کاتێکدا هەردوولایەن لە بەردەوامبوونی شەڕ لە دژی یەکتر لەلایەکو شەڕ لە دژی سوپای ئێران لەلایەکیترەوە ماندووبوون، هەروەها حزبی دیموکرات تووشی ئینشیقاق هاتو حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی لێکەوتەوە، بە ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەکلایەنە لەلایەن کۆمەڵەوە ڕەوتی شەڕ وەستاو دواتر وردە وردە پەیوەندییەکان ئاسایی بوویەوە.

ئەگەرچی بەشێوەیەی ڕەسمیی ناکۆکییەکان کۆتایی هاتو شەڕ وەستا، بەڵام شەڕێکی شاراوە لە نێوان دیموکراتو کۆمەڵە درێژەی کێشاو تا ئێستاش بەردەوامە.

لە قۆناغی پەیوەندیی دۆستانەوە بۆ سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ناکۆکییەکان

شەڕی ڕاستەوخۆ لەنێوان دیموکراتو کۆمەڵە کۆتاییپێهاتو قۆناغێکی نوێ لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانو دۆستایەتی دەستیپێکرد. سەردانی بەردەوامی شاندەکانی دوو لایەن بۆ لای یەکتر، ئیمزاکردنی ڕاگەیاندنی هاوبەش لەبۆنە جیاجیاکان، کۆبوونەوەو گفتوگۆ بۆ تاوتوێکردنی پرسی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیو چەندان تەوەری دیکە بووە.

وەرزی نوێی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەو دیموکرات. ئەگەرچی جارجارەش نووسەرانی سەر بە هەر دوو لایەن لە دژی یەکترو لەسەر ڕابردووی ناکۆکییەکان وتاریان دەنووسیو وەک ڕوانگەی تایبەتی کەسەکان بڵاویاندەکردەوە.

ناکۆکیو دژایەتییەکی شاراوە بۆ هەمیشە بوونی هەبووەو ئەگەرچی تا ئەم دواییین نموونەی ناکۆکییەکان هیچ لایەنێکیان بە ڕەسمیی ئەو مەسەلەیان نەدرکاندوە.

دوابەدوای تەواوبوونی کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کتێبێک بە ناوی" ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی" بڵاوکرایەوە کە ناوەرۆکی ئەو کتێبە پێکهاتووە لە وتووێژی بەهمەن سەعیدی لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کە لە وەڵامی چەند پرسیار سەبارەت بە مێژووی ناکۆکیو پێکدادانەکانی نێوان حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە باس لەوە دەکات کە حیزبی دیموکرات پلۆرالیزمی قەبوڵ نەدەکردو ئەوان شەڕیان بە کۆمەڵە فرۆشت. هاوکات چەندان تەوەرەی دیکەی وەک گیانلەدەستدانی ٧٢ پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بڕینی یارمەتییە دارایییەکانی حکومەتی بەعس لە کۆمەڵە بە هۆی دژایەتیکردنی حکومەتی بەعس لەلایەن کۆمەڵەوەو دروستکردنی لەمپەر بۆ دروستبوونی بەرەی کوردستانی لەلایەن دیموکرات ناوەرۆکی بەشێک لە وتووێژەکەی عەبدووڵڵای موهتەدی پێکهێناوە، ئەو مەسەلانە کەوتە بەر هێرشی توندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو لە ڕاگەیەندراوێکی دوورودرێژدا بەرپەرچی لێدوانەکانی موهتەدی درایەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیا لە وەڵامدانەوە بە ناوەرۆکی کتێبەکە و بەرپەرچدانەوەی و خستنەڕووی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی، کۆمەڵە بە حیزبێک باسدەکات کە ڕوو لە کزییەو بەم دواییانەش سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی یەکساڵی ڕابردوو سەرکەوتوو نەبووە و پێداگری لە سەر مافی کورد نەکردووە.

### لە گۆڕەپانی پێکدادانی چەکدارییەوە بۆ لاپەڕەکانی ئینتەرنێت

بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەپۆلێکی گەورە لە تووڕەییو بێزاری ئەندامانی کۆمەڵەی لێکەوتۆتەوەو لاپەڕەکانی ئینتەرنێتو بەتایبەت تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆتە گۆڕەپانی ناکۆکی. بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمەڵە. پرۆفایلی فەیسبووکەکانیان بە وێنەی کتێبەکەی عەبدوڵڵا موهتەدی ڕازاندۆتەوەو هاوکات بەشێوەیەکی بەردەوام نووسراوەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەکانی ئێرانو بەڵگەنامەکانی بەجێماو لەو دەورانە لە فەیسبووکو سایتە ئینتەرنێتیەکاندا بڵاودەکرێتەوە.

ماڵپەڕەکانی نزیک لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و لەوانە ماڵپەڕی بروسکە کە لەلایەن ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە بەڕێوە دەچێ هێرشێکی بەرینی بۆ سەر ڕابردووی حیزبی دیموکرات بڵاوکردۆتەوە، کۆمەڵێک بەڵگە و بڕیارنامەی کۆنگرەی چواری حزبی دیموکراتی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و ڕوانگەی ئەو کاتەی دکتۆر قاسملۆ لە سەر خومەینی خستۆتەڕوو.

د.قاسملۆ ئەو کات پشتیوانی لە ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری کۆماری ئیسلامی کردوە و ئەندامانی کۆمەڵە ئەم هەڵوێستەی قاسملۆ بەنەشیاو دەزانن و دووبارە زیندووی دەکەنەوە.

بەپێی زانیاریەکانی دەستوور، پەیوەندییەکانی هەردوولا لە ڕۆژانی ڕابردوو بە دوای کێشەکان لە شاری سلێمانی چاوپێکەوتنیان ئەنجامداوە و تا ئێستا هیچ زانیاریەک سەبارەت بە تەوەری گفتوگۆی دوولایەن بڵاونەکراوەتەوە.

سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە وەڵامی بەیاننامە توندەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/١٢/٦ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردۆتەوە. بەیاننامەکەی کۆمەڵە باس لەوەدەکات کە عەبدوڵڵا موهتەدی یەکەم کەس نییە کە لێکدانەوە بۆ ئەو مێژووە بکاتو پێشووتریش لەلایەن کەسایەتییەکانی هەر دوو لایەن ئەو مەسەلە ورووژاوەو بەڵام هێرشو پەلاماری لەوشێوەی لێنەکەوتۆتەوە.

لە بەشێکیتری بەیاننامەکەی کۆمەڵەدا هاتووە:" لەو ڕاگەیەندنە ٢٧ لاپەڕەییەی حزبی دیموکراتدا کۆمەڵێک قینی نوێو کۆن بە شێواندنی مێژوو و چەواشەکردنی ڕاستییەکان بە زمانێکی نەشیاوو ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کورد دراونەتە پاڵ یەک." کۆمەڵە لە کۆتایی بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمەش بەڵگەو قسەمان زۆرەو بەڵام خۆمانی لێدەپارێزین، داواش لە دۆستانو لایەنگرانی کۆمەڵە دەکات کە دانبەخۆیاندا بگرنو نەکەونە داوی وەڵامدانەوەی ئیحساسی.

لە دوایین نمونەی ناکۆکییەکاندا کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وێنەی کچە پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بۆ ریکلامی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بەکاردێنێت، ئەو بابەتە ناڕەزایی توندی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵە لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێتی لێدەکەوێتەوە.

هەر لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت کۆمەڵێک خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەمپێنێکیان بۆ کۆتایهێنان بەم ناکۆکییانە وەرێخستووە و داوایانکردووە ئەم کردەوانە بوەستێنرێ.



عەبدووڵڵای موهتەدی




# بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەشتا ساڵ زیندان لە هەفتەیەکدا

دەستوور

لە درێژەی فشارەکانی حکومەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک لە چالاکوانانی کورد سەرجەم بە هەشتاویەک ساڵ زیندان مەحکوم کران.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆربەی ئەو کەسانە چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی و ئاینی بوون و تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانیان و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێرانیان دراوەتە پاڵ.

پێشێلکردنی مافی کەمایەتی ئاینیەکان یەکێک لەو پرسانە بووە کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ناوەندە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ باسی دەکرێت.

لە هەفتەی ڕابردوو حەوت کەس لە خەڵکی شاری بۆکان، بە تۆمەتی بەڕێوەبردنی ڕێوەڕەسمی ئایینی و بەزاندنی سنوور بە چلو یەک ساڵ زیندان لەلایەن دادگای ئینقلابی تارانەوە مەحکوم کراون.

جگە لەمانەش خوێندکارێکی سەقزی بە دەساڵ زیندان و دورخستنەوە بۆ شاری سیرجان مەحکوم کراوە و تۆمەتی ئەو خوێندکارە کوردەش هاوکاری لەگەڵ حزبە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی ڕاگەیەنراوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕزگار مرادی مافناس لە دادگایەکدا کە تەنیا چەند دەقەیەکی خایاندوە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە دوو مانگ مەحکوم کراوە.

هەر لە شاری سەقز بەهرۆز ڕیشەساحب و سێ کەسی دیکە بە سێ ساڵ زیندان مەحکوم کراون.

هەروەها چەندین کەسی دیکە لە زانکۆی کرماشان و شارەکانی دیکە بە پێنج ساڵ و سێ ساڵ زیندان مەحکوم کراون و بەشێک لە دەستبەسەرکراوانی ئەم دواییانە چارەنووسیان نادیارە.

سەپاندنی حوکمی قورس بە سەر هاوڵاتیانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا هەژدە چالاکی کورد حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچووە.

سادق لاریجانی بەرپرسی بەشی قەزایی کۆماری ئیسلامی هەفتەی پێشوو ڕایگەیاند لە ئێران کەس بە تاوانی کوردبوون ئیعدام ناکرێت.

ئەم قسەیەی لاریجانی ڕووبەڕوی ڕەخنەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بوویەوە و ڕایانگەیاند هەموو ئەو ڕۆژنامەوان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ کە لە ئێران ئیعدام دەکرێن لە ژێر ئەم ناوانەوە نینو بەڵکو تۆمەتی تیرۆریستو تێکدەری ئاسایشی نەتەوەیان دەدرێتە پاڵ.

ئێران بەردەوام لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕەخنەی لێدەگیرێ.



## سێرە



هەفتانە
مەلا ئاریان دەینووسێت
Arian@hetaw.net

### کۆماری مۆبایل

بڵاوبوونەوەی وێنەی ئازاردانی سێ پیاو، کە بەکێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەکەونە بەر وێزەی خانەوادەیەک، لەڕێگەی بلوتوزەوە تەواوی جوگرافیای هەرێمی داپۆشی‌و لەڕێگەی ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکیشەوە گەیشتە هەموو دنیا، ئەمەش بەدەر لەقسەکردن لەسەر ڕەهەندەکانی کێشەکە، دەشێت ئەو ڕووە ترسناکەمان بۆ بگوازێتەوە، کە دیووە شەڕانگێزەکەی تەکنۆلۆژیا لەوەبازاڕخستنی دڵڕەقی‌و توندوتیژیدا دەیبینێ.

ئێستا میدیا، ڕێک شوێنی کۆبونەوەی دڵڕەقی‌و گرێ سایکۆلۆژییەکانەو هەموان لەڕێگەی موڵکدارییەتی ئامرازەکانی پەیوەندی لە نوێترین جۆرەکانی مۆبایل‌و ئەنتەرنێت‌و ئاسانی بەکارخستنی بلوتوزی ئاوێزان بەحەزی ئاشوب، نشتیمانی ڕاگەیاندنی والێکردووە هەموان دەتوانن خۆی تێدا خاڵی بکەنەوەو لەڕێگەی زوومی مۆبایلەکەیانەوە وێنەی خوازراو بگرن‌و بەجوگرافیای تەواوی دنیایەکی بێ کۆنترۆڵدا بڵاوی بکەنەوە.

ڕەنگە وەڵامەکەی ئەو مناڵە ڕووسیە جێی سەرنج بێت، کاتێک لەوەڵامی ڤلادیمێر سیربۆڤ، دەڵێت"خانەوادەکەم لەباوکو دایکو تەلەفزیۆن‌و نەنە پێکهاتووە"، ئەمە ئەگەر تێگەیشتنی مناڵێک بێت بۆ ئەویندارەکانی خۆی، ئەوە ئێستا دوور نییە گەنجێک بەر لەدایکو باوکو نەنەشی مۆبایلەکە وەک هاوەڵ وێنا بکات، ئاخر مۆبایلەکەی هەم نشتیمانی یادەوەرییەکانییەتی‌و هەمیش ئاوێتەیە بەکەرەستەکانی کاتکوژی، لەپەنای ئەمەشەوە دەیەوێت وەک چۆن بلوتوزی هاوەڵەکانی، خۆیان کارەکتەرو پاڵەوانەکانی ناو کلیپەکەن، بەم چەشنەش خۆی لە گرتە ڤیدیۆییەکانی خۆیدا پاڵەوان بێت، ئیتر ئەو گرتەیە وەبازاڕخستنی مەرگ بێت، یا بانگەشەی توندوتیژی یانیش سێکس‌و لادانی کۆمەڵایەتی.

لێرەشەوە بڵاوبوونەوەی لێدان‌و ئازاردانی ئەو سێ مرۆڤەی کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لێیان دەدرێت، هەر زوو بەهۆی دیووە ترسناکەی ئەو جۆرە لە تەکنۆلۆژیاوە خۆی دەکات بەهەموو کەلەبەرێکدا.

ڕاستییەکەشی ئەگەر ئازاردان‌و لێدانی ئەو سێ کەسە پاساویشی هەبێت لە بەرامبەر لادانیان لە نەریتی کۆمەڵایەتی‌و ئاکاری کوردەوارییانە، ئەوە پەرچەکردارەکە بە ئەندازەی کردارەکە ترسناکە، بەو پێیەی لەسەرێکەوە ئەمە بریتی دەبێت لە پرۆسەی گۆڕانی جەلاد بۆ قوربانی، بەو مانایەی کە ئیدی ساتەوەختی بینینی ئەو سێ کەسە لەڕێگەی ئازاردان‌و پاشانیش ڕووتکردنەوەیان ئەگەر بەسەرێکدا دانی باجی هەڵەکانی خۆیان بێت، بەسەرەکەی تردا بەدەستهێنانی جۆرێکە لەهاوسۆزی کە لەبنەڕەتەوە شایەنیان نییە.

ترسی گەورە لە پشت بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە، ئەگەر دیوێکیشی پۆزەتیف بێت وەک ڕێگرییەک لەدووبارەبوونەوەی هەڵسوکەوتی لەوجۆرە، ئەوە دیوی تری ترسناکیشی هەیە، دیوێک کە ئەوە نیشاندەدات کە ئیدی خەڵک بۆ لەمەودوا لەبری سزای یاسا، لەڕێگەی چڤات‌و خێزانەوە بە تۆڵەیەکی کلتووری لادەرەکان سزا بدەن، بەمەش دەرگایەکی گەورە لەسەر ئەم چەشنە لەسزا دێتە ئاراوەو خەڵکی چیتر پشت بە دەسەڵاتی دادوەری نابەستێ‌و تۆڵەکردنەوەی کۆمەڵایەتییانە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەو شێوە مامەڵە کردنە دەشێت لەڕێی دەزگا هەواڵگرییەکانیش ببێتە شێوەیەکی باو، تاسەرکوتی سیاسی‌و لەناوبردنە جەستەییەکان لەڕێگەی تێکشکاندنی کەسێتی‌و ئابڕووبردنەوە بەڕێوە ببەن‌و لەبری ئەوەی نەیارێکی سیاسی بکەنە شەهید، دەیکەنە پیاوێکی بودەڵەی داوێن پیس‌و، نەک هەر خۆی، بەڵکو خێزان‌و بنەماڵەو خێڵەکەشی بە یەک گرتەی ڤیدیۆیی دەکوژن.

ئەوەی لەو چەند ڕۆژە ڕوویداوە، بەتەنها ئەکتەرەکانی سێ کەسی لێدراوو چەند کەسی لێدەر نییە، بەڵکو چەند خانەوادەیەکی گەورەش کە بەخوێن بە کاراکتەرەکانی ناو گرتەکەوە گرێدراون، پێوەی پەیوەستن، لەناو ئەو خێزانانە، ڕیشسپی‌و دایکو ئیماندارو ڕێزداری زۆر هەیە، بۆیە دەبێت خەڵکی وەک ژەمە خۆراک تەماشای نەکەن‌و بڵاوینەکەنەوە، چونکە ئەو تەوژمە لە بڵاوکردنەوە لەڕێگەی بلوتوزو فەیسبووکو یوتیوبەوە، هەم ئابڕووی خەڵکێکی تر دەخاتە بەردەم چەقۆی ڕقلێبوونەوەو هەمیش کۆمەڵگە بەرەو دۆخێکی نەخوازراو ئاراستە دەکات، بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە، تەنها دژی ئەو سێ کەسە نییە، بەڵکو دژی خێزان‌و خانەوادەی گەورەو بگرە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیشە.



# بەبێ ئاگاداری حەدبا و برایەتی، پارتی و نوجێفی ڕێکەوتن

## بەبێ ئەوەی مەسەلەی هەڵوێستی نوجێفی‌و حەدبا باسبکرێت، ڕێکەوتن لەبارەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان‌و موسڵەوە کران

**زانیار داقوقی**

بەناوبژیوانی تورکیاو بەبێ ئاگاداری لیستەکانی حەدباو برایەتی، پارێزگاری موسڵ‌و مەسرور بارزانی لەسەر بەشێک لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی پارێزگای موسڵ ڕێکەوتن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، لەکۆبوونەوەکەی هەولێر کە لەنێوان مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستن‌و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی‌و ئەسیل نوجێفی پارێزگاری هەولێر، ڕێکەوتن کراوە لەسەر ئەوەی کە لەبەرامبەر گەڕانەوەی لیستی برایەتییەدا سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگری پارێزگار وەربگرن‌و هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشیش لە موسڵ بمێننەوە.

دڵدار زێباری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت سەردانەکەی نوجێفی بۆ هەولێر پەیوەندی بەگەڕانەوەی لیستی برایەتی نییە. چونکە پێشتر ئەو دوو لیستە لەسەر زۆربەی خاڵەکان ڕێکەوتوون.

وتی "دوای پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی بەسەرپەرشتی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئەمریکا ڕێکەوتنەکە ڕادەگەیەنرێت".

بەڵام نازانرێت لەو کۆبوونەوانەدا مەسەلەی هەڵوێستی لیستی حەدبا لەسەر سەرژمێری چۆن مامەڵەی لەگەڵکراوە، بەتایبەت ئەوان ڕێگری سەرەکین لەبەردەم سەرژمێری.

زێباری ئاماژەی بەوەدا کە سەردانەکەی نوجێفی بۆ لای بارزانی بەبێ ئاگاداری لیستی حەدبا بووە، وتی " ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجومەن بێت ئەوا ئەندامانی لیستی حەدبا پێی ڕازی دەبن، بەڵام ئەگەر بۆ کێشەی سەرژمێری بێت، ئەوا ئەو کێشەیە پەیوەندی بەپارێزگارەوە نییە، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بەئەنجومەنی پارێزگاوە هەیە".

زێباری وتی "ناکۆکیەکانی نەینەوا ناکۆکی کوردو عەرەب نییە، بەڵکو ناکۆکییەکان ناکۆکی نێوان پارتی‌و لیستی حەدبایە".

وتی "بەبڕوای من سەردانەکەی نوجێفی سەرکەوتوو نەبووە".

زێباری دەڵێت بەهۆی ئەوەی تورکیا دەوڵەتێکی دراوسێیە لە کێشەی نێوان ئیدارەی پارێزگای موسڵ‌و حکومەتی هەرێم زۆر زەرەرمەندە بۆیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، وتی "ئەوەش لەبەر بەرژەوەندی عێراق نییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵ دەدات".

دەرمان خەتاری وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند ئەوە سێیەم جارە نوجێفی سەردانی هەولێر دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان‌و پارێزگای موسڵ.

دەرمان خەتاری دەڵێت ئێستا هیچ ئاڵۆزییەک لەنێوان لیستەکانی حەدباو برایەتی نەماوە، وتی "ڕێکەوتن کراوە لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش لەپارێزگای موسڵ دەمێننەوە بەئاگاداری حکومەتی عێراق".

خەتاری ئاماژە بەوە دەدات سەردانەکەی نوجێفی بە داوەتی ڕەسمی مەسرور بارزانی بووە.

سەردانەکەی ئەسیل نوجێفی بۆ لای مەسرور بارزانی لەقازانجی کورد دەشکێتەوە

هەرێم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کۆبوونەوەکەی نوجێفی‌و مەسرور بارزانی کاریگەری لەسەر واقیعی موسڵ هەبووەو توندڕەوی و ئاڵۆزی کەمترکردووەتەوە.

هەرێم کەماڵ ئاغا ئاماژەی بەوەدا لە کۆبونەوەکەدا جگە لەبڕیاری نوێکردنەوەی دانیشتنەکانی نێوان هەردوو لیستی حەدباو برایەتی، بڕیاری کرانەوەی زیاتری دەرگاکانی موسڵ بەڕووی شارەکانی هەرێمی کوردستاندا دراوە، هەروەها کێشەکانی وەکو پێشمەرگەو مادەی ١٤٠ کە پەیوەندییان بەدەستوورەوە هەیە، لەڕێگەی دەستوورەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوانەشی لیژنەیان بۆ پێکهاتووە لەڕێگەی لیژنەکانەوە چارەسەربکرێن.

هەرێم کەمال ئاغا وتی "پێشتر لیستی حەدبا وەکو ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی بەغدا کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا کە لەسەر سێکوچکەی دەسەڵاتی عێراقدان، بەوەی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پەرلەمانە، بۆیە ئەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەکە".

هەرێم وتی "تا داواکاری جەماوەری کوردی سنوورەکە جێبەجێنەکرێن، لیستی برایەتی بایکۆتکردن ناشکێنن".

سالار باسیرە مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "پارتی دەیەوێت کێشەی نێوان لیستی برایەتی‌و حەدبا لەڕێگەی حیزبەوە وەک کارتێکی سیاسیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات".

باسیرە دەڵێت ئاژانسی پاراستن دەزگایەکی حیزبیە نەک حکومی‌و نەتەوەیی، وتی "چارەسەرکردنی کێشەکان لەوێوە ئەو دەلالەتە دەدات بەدەستەوە کە پارتی دەیەوێت لەڕێگەی خۆیەوە وەک حیزب مامەڵە لەگەڵ کێشە نەتەوەییەکان بکات نەک حکومەت".

*** کاروخ‌و ئامەد بەشداریان لەم ڕاپۆرتەدا کردووە**

# ئاڵا تاڵەبانی: لەپشکی کورد ٢٥٪ی پۆستەکانمان دەوێت

**کاڵێ ئەنوەر**

ژنە پەرلەمانتارەکانی کوردیش لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەهەوڵی ئەوەدان ٢٥٪ ئەو پۆستانەی بەر کورد دەکەوێت لەپێکهێنانی حکومەت‌و لەو لیژنانەی لەپەرلەمان بەسەر لایەنەکاندا دابەشدەکرێت بۆ ژنان بێت.

دوای ئەوەی تەواوی ژنە پەرلەمانتارەکان لەئەنجومەنی نوێنەران بەهەموو نەتەوەکانەوە، داوایەکیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردەوە، بۆ ئەوەی ٢٥٪ پۆستەکانی حکومەتی نوێ بدرێت بەژنان، ژنە پەرلەمانتارەکانی کوردیش داوا لەسەرکردایەتی کورد دەکەن ٢٥٪ پشکی کورد لەپۆستەکانی کابینەی نوێی حکومەت بۆ ژنان بێت.

ئاڵا تاڵەبانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی"ئێمە وەک ژنان لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەهەموو کوتلەکانی ناو پەرلەمانەوە لەسەر ئەوە پێکهاتووین کە ٢٥٪ پۆستەکانمان پێبدرێت، بۆیە نامەیەکمان ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە کەزۆرێک لەپیاوانی ناو پەرلەمانیش پشتگیری داواکانی ئێمەیان کردووە".

بەپێی وتەی ئاڵا تاڵەبانی ژن لەحکومەتی نوێدا بەپێی ئەو ڕێژەیەی ئەوان داوایدەکەن نزیکەی ٧ وەزارەتیان بەردەکەوێت، لەگەڵ ژمارەیەک لەبەرپرسی لیژنەکان‌و بڕیاردەری لیژنەکان لەئەنجومەنی نوێنەراندا.

ئاڵا وتی"دەمانەوێت سەرکردایەتی کوردیش لە ٢٥٪ ئەو پۆستانەی پشکی کوردە چ لەحکومەت، یان لە پەرلەمان بەر کورد بکەوێت". هەروەها وتی "پێدەچێت سێ لیژنە بەر هاوپەیمانی کوردستانی بکەوێت کەدەبێت یەکێک لەو لیژنانە ژنێک ببێتە بەرپرس. جێگرو بڕیاردەری لیژنەکانیش بەڕێژەی ٢٥٪ بێت".

د.ئەشواق جاف ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان بەدەستووری وت "ئەوە مافی خۆمانە لەپۆستە باڵاکاندا ژنان پشکیان هەبێت، ئێمە وەک ژنی کورد هەمان داوای ژنە عەرەب‌و نەتەوەکانی ترمان هەیە".

بێخاڵ ئەبوبەکر داکۆکیکار لەبواری پرسی ژنان وتی "هیواداریین چارەسەرکردن‌و پێکهاتنی لایەنە سیاسییەکان لەسەر حسابی ژنان نەبێت. بەڵام من وەک خۆم پێشبینی ئەوە ناکەم ژنان بەگوێرەی ئەو کێشمەکێشم‌و ململانێیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پۆستی باڵای حکومەت وەربگرن، هۆکارەکەشی ئەوەیە ململانێی سیاسی هێندە زاڵە مەسەلەی ژنان گرنگی پێ نادرێت، بۆیە دەڵێم بوونی ژن بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان نەبووەتە مەسەلەی سەرەکی".

بێخاڵ داوایکرد کە ژنە پەرلەمانتارەکان ببنە هێزێکی فشارو ئامانجیان ڕوون بێت. وتی "ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنان بەنیازین پێشنیارێک بکەین کەیەکێک لەوەزارەتەکان بدرێتە ژن بۆ ئەوەی ژنانیش تواناکانی خۆیان بسەلمێنن".

بورهان محەمەد فەرەج ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەدەستووری وت "لەکۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران بەتێکڕای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بڕیاردرا پۆستەکان لە ٢٥٪ بۆ ژنان بێت".

بورهان وتی "لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبێت لەچوار لیژنە، لیژنەیەک ژنان سەرۆکایەتی بکات هەموو پۆستەکانی تری ناو ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت ٢٥٪ بۆ ژنان بێت".

سەبارەت بەپۆستە حکومییەکان‌و وەزارەتەکان ڕایگەیاند "پۆستەکانی حکومەتیش بەهەمان شێوەیە دەبێت ٢٥٪ بۆ ژنان بێت، بەڵام دەمێنێتەوە سەرئەوەی سەرۆکی حکومەت چۆن ئەو ٢٥٪ جێبەجێدەکات".

لەبارەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە، وتی "باوەڕی تەواومان بەوە هەیە دەبێت ٢٥٪ پۆستەکان بۆ ژنان بێت، هەر پرۆژەیەکی ژنانیش بووبێت پشتگیریمان کردووە، بۆ نموونە داوای وەزارەتە سیادییەکانیان کردووە پشتگیریمان کردوون‌و ئیمزامان بۆ کۆکردوونەتەوە".

# گوێزی ئیسرائیلی لەکوردستان بایەخی زۆری پێدەدرێت

## ئەمساڵ گوێزی زۆربەی گوندەکانی دەڤەری چۆمان پوچ و کرمێ بوون، جوتیارەکانیش ڕوویان لەگوێزی ئیسرائیلی کردووە

**فەرمان چۆمانی**

لەگوندەکانی سنووری قەزای چۆمان، بەرهەمی ئەمساڵی گوێز زۆر خراپ بووەو جوتیاران دەڵێن بەرهەمەکەی پوچ و کرمێ بوون، شارەزایانی بواری پاراستنی بەرهەمە ڕووەکییەکانیش دەڵێن جوتیاران ڕوویان لەگوێزی ئیسرائیلی کردووە.

بەپێی وتەی شارەزایانی کشتوکاڵی‌و بەروبوومە ڕووەکییەکان گوێزی ئیسرائیلی بەرهەمی باشترەو خواستی زیاتریشی لەسەر هەیە بۆیە جوتیاران گرنگی پێدەدەن.

ئەمیر حاجی کاکۆ، ئەزموونێکی تەواوی لەبواری باخداری هەیە، بەقسەی خۆی باخەکەی ئەو لەدەڤەری باڵەکایەتی نمونەیەو زۆربەی خەڵکو مەشتەلە ئەهلی‌و حکومییەکانی چۆمان دارەکانیان لەبەر باخەکەی ئەو موتوربە دەکەن.

ئەمیر یەکێکە لەو کەسانەی کەگرنگی بەو گوێزە ئیسرائیلیانە دەدات، بەدەستووری وت»ئەو گوێزانە لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە بەرهەمەکەیان پێدەگات، کە لەساڵی شەشەمەوە بەرهەمی زیاد دەکات‌و خاوەنەکەی دەتوانێ بیفرۆشێت».

ئەمیر زیاتر لەبارەی ئەو گوێزانەوە قسەیکردو وتی«ئەو گوێزانە توێکڵەکەیان تەنکەو بۆ شکاندن پێویستی بەچەکوش نییە، بەڵکو بەدەست دەشکێت، هەروەها کاکڵەکەی سپی‌و پتەوەو بەتام‌و چەورە، بەرهەمەکەشی لەچاو گوێزیتر زۆر زۆرە، لەیەک چاوەوە زیاتر لە پێنج گوێز بەیەکەوە دێنەدەر، هەندێکیشیان بەهێشوو گوێز دەردەکەن کەزیاتر لە ١٠ گوێز بەیەکەوە دێنەدەر».

بەهۆی ئەوەی بەرهەمی ئەو گوێزانە لەبازاڕ پارە زیاتر دەکات، ئەمیر دەڵێت»ساڵی ڕابوردوو هەزار گوێزم بە ٩٠ هەزار دینار فرۆشت، ئەمساڵیش زۆر داواکاری لەسەر بوو، بەڵام بەهۆی سەرماوە بەرهەمەکەمان باش نەبوو، چونکە ئەوانیش وەک گوێزەکانیترە بۆ بەرگەگرتنی کەشوهەوا جیاوازیان نییە«.

بەبڕوای ئەمیر سەرکەوتنی ئەو گوێزانە لەوەدایە یەکجار بچەقێنرێن هەڵناکەندرێنەوە، وتی پێویستە گوێز لەو شوێنەی خۆی بچەقێنرێت، نەوەک هەڵبکەنرێتەوەو لەمەشتەلەکان بفرۆشرێت، چونکە ڕەگەکەی دەبڕدرێت، کەدواتر دوو ساڵی پێویستە تا گەشە بکاتەوە، بۆیە کە ڕاستەوخۆ بچەقێنرێت باشترە.

زیاتر لە ٢٠٠٠٠ هەزار دارگوێز لەناوچەکانی سنووری قەزای چۆمان هەیەو بووەتە سەرمایەیەکی گەورەی دانیشتوانی ناوچەکە، بەڵام ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابوردوو لەزۆربەی گوندەکان، بەرهەمی گوێز خراپ بووەو بۆ خواردن نەشیاو بووە.

حاجی کاکۆ، ئەنجومەنی گوندی ئێنەی سەر بەقەزای چۆمان، لەو گوندە زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار داری گوێز هەیە، بەدەستووری وت»ئەمساڵ لەگوندەکەی ئێمە گوێز لەوپەڕی خراپیدا بوو ، ئەگەرچی بەرهەمەکەی زۆر بوو، بەڵام هەمووی ڕەش‌و کرمێ ببوو، دەتوانم بڵێم لەچاو ساڵی ڕابوردوو بەرهەمەکەمان لە ٨٠٪ ی خراپ بووە«.

کاکۆ وتی«زیانێکی ماددی زۆرمان بەرکەوت، ئەوەی فرۆشتیشمان بەنرخێکی کەم بوو».

لەسنووری قەزای چۆمان بەپێی وتەی جوتیاران، زۆربەی دارگوێزەکان تاڕادەیەک بەرهەمیان زۆر بووە، بەڵام کرمێ‌و پووچ بوون.

حاجی ئەحمەد هاوڵاتیەکیتری قەزای چۆمانە، وتی«ئەمساڵ بەرهەمی گوێزەکانمان زۆربوون، بەڵام بەهۆی کرمێ بوونیان، نەخوران، هەروەها گوێزەکان کوێریش بوون‌و ئازا نەبوون، بۆیە ئەوەی هەمبوو بەنرخێکی هەرزان فرۆشتم «.

لەئەمساڵدا تاکە شوێنێک لەچۆمان کە گوێزەکانی باشبووە لەگوندی (گوندەژۆرە) بووە، ئەو گوندە بەبەرهەمی گوێز بەناوبانگەو بەهەزاران دارگوێزی لێیە.

مەجید گوندەژۆری دەڵێت: لەساڵانی پێش نەوەدەکان گوێز سەرمایەی خەڵکی چۆمان بوو، بەڵام لەمساڵانەی دواییدا جوتیارەکان ناتوانن بژێوی ژیانیان پێدابینبکەن.

مەجید وتی«بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابوردوو لەگوندەژۆر ئەمساڵ بەرهەمی گوێزمان باشبووەو تووشی هیچ نەخۆشییەک نەبووە، دەکرێ بڵێین پێنج ئەوەندەی پار گوێزمان هەبوو».

مەجید وتی»ئەوەندەی زانیاریم هەیە، لەهەندێ گوند بەرهەمی گوێز زۆر بووە، بەڵام خراپ بووەو گوێزەکانیان کرمێ ببوون».

مەجید کەشارەزاییەکی باشی لەگوێزدا هەیە، هۆکاری خراپی گوێزەکانی بۆ ساردی‌و تەرزە گێڕایەوەو وتی«ئەو گوندانەی بەرهەمەکەیان خراپ بوو، بەهۆی تەرزەو سڕبوونەوە بووە، گوندی ئێمە لەمە دوربوو، بۆیەش بەرهەمەکانمان باش بوو، هی گوندەکانی تر خراپ بووە«.

محەمەد شێخە قادر ـ لێپرسراوی بەشی پاراستنی ڕووەک، لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، بەدەستووری وت»ئەمساڵ زۆربەی بەرهەمەکانی میوە لەدەڤەری چۆمان خراپ بوو، بەتایبەت سێوو ترێ و گوێز، تەنها تەماتەو خەیار باش بووە«.

ئەو دەڵێت گوێزەکان کرمێ بوون، چونکە لەبەهاردا باران زۆر بووەو سێوەکانیش بەهۆی گۆڕانی کەشو هەواوە هەڵوەرین.

بەپێی وتەی لێپرسراوی بەشی پاراستنی ڕووەک، لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان زیاتر لە ٢٠ هەزار دارگوێز لەناوچەکە هەیە، کەهەندێکیان خۆڕسکن و لەدۆڵ و شیوەکان ڕواون، هەندێکیشیان خەڵک چەقاندوونی، بەتایبەت ئێستا خەڵکی زۆر ڕوویان لەچەقاندنی گوێزی ئیسرائیلی کردووە.

بەپێی وتەی شارەزایانی بواری بەرهەمە ڕووەکییەکان گوێزی ئیسرائیلی بەرهەمەکەی باشە، محەمەد وتی«زووش بەرهەمەکەیان پێدەگات و باڵاشیان نزمە، هەیە بەدۆنم ئەو گوێزانە دەچەقێنن، بەڵام نەمانتوانیوە ئاماری تەواو لەسەر دار گوێزەکان کۆبکەینەوە «.

جوتیارانی ناوچەکە بەرهەمی گوێزەکانیان لەشوێنێکی دیار نافرۆشن، بۆیە دیاریکردنی بەرهەمی ساڵانەی گوێز قورسە.

محەمەد وتی«بەشێکیان لەماڵەوە دەیفرۆشن‌و هەشیانە بۆ خۆی هەڵیدەگرێ، بۆیە هیچ ئامارێکمان لەسەر بەرهەمی گوێز نییە«.

گوێزی ئیسرائیلی ئێستا لەمەشتەلەکانی چۆمان دەستدەکەوێت، جیاوازی ئەو گوێزانە لەوەدایە کەبەرهەمی زیاترەو کاکڵەکەشی باشترە، دارەکانیشی بچوکن‌و ئەوپەڕی ١٠ مەتر بەرزدەبێتەوە، خەڵک بەباشی دەتوانێت لەکاتی گەیشتنی بەرهەمەکەیان بیوەشێنێت.



گوێزی ئیسرائیلی توکڵی تەنکە

# دەمارگرتن بەرامبەربە یەک

**مەیسم لعێبی**

ئەو کاتە کە دەڵێین ئێمە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کۆبۆنی خۆراکین یان گۆڕینی ئەو سیستمە بۆ پشتگیریەکی دارایی، تێڕوانینێکی زانستی ئاشکرا دەکەین کە پاڵپشتە بە نموونەی ڕاستەقینە و واقیعی، هەندێک کەس بە ئازاردانی هەستی هاوڵاتیان و وورووژاندنیان ناومان دەبەن و... بە هیچ شێوەیەکی زانستی وەڵاممان نادەنەوە.

هەروەها تاوانبارکردن لێرە ناوەستێ و درێژەی پێ دەدەن تا دەگاتە تاوانبارکردنمان بە دووربوونەوە لە خەڵکی خۆمان وەکو بڵێی ئێمە لەو خەڵکە نین. کاتێ کە دەڵێیت من پسپۆرم لە بوارێکدا و دابەشکردنی پۆستە سیاسیەکان وایکردوە کە ئێوە بگەن بە لووتکەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەو کاتە تاوانبارمان دەکەن کە هیچ خەباتێکمان نەبووە دژ بە دیکتاتۆرەکان و هەندێک جاریش دەگاتە ئەو ئاستە کە بە سیخوڕ ناومان دەبەن.

هەندێک کەس دەیانەوێ کۆبۆنی خۆراک بمێنێت بۆ ئەوەی کە ببێتە چوارەمین بەڵگەی چەسپاندنی کەسایەتی جگە لە سێیینەی پیرۆز (ڕەگەزنامە، پێناسە و کارتی نشینگە/تاپۆ/)، لەوە دەترسن کە هەڵوەشاندنەوەی کۆبۆنی خۆراک ببێتە دەستپێکی هەڵوەشاندنەوەی کارت و کۆبۆنەکانی تر.... ئەوەش بڕواپێکردنێکە بەو بیردۆزە کە پیلانێک دژ بە هەژاران هەیە.

ئازیزان.. پێتان دەڵێم کە ئێمە لەو خەڵکە هەژارانە نین، بەڵام زۆر داکۆکییان لێدەکەین، لە هەمان کاتدا پشتگیریی هەڵوەشاندنەوەی کۆبۆنی خۆراک دەکەین، ئەمەش بە واتەی ئەوە نیە کە دەمانەوێ خەڵکانی هەژار لە خۆراکیان بێبەش بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا قبووڵ ناکەین کە ئەو خەڵکە هەر خۆراکی سەپاو و نەخوازراو بخۆن. کۆبۆنی خۆراک وەکو دەزانرێت تازە هاتۆتە ناو کۆمەڵگای عێراقی و پێویستە پروپاگەندەی ئەوە بکەین نەک بڵێین ئەمە لە میراتی باپیری حەڤدەوە بۆمان ماوەتەوە. پێویستە ئەم خەڵکە بزانێت کە ئێمە پێش ئەوەی کۆبۆنی خۆراک بێت، ژیانمان لە ئاستێکی بەرزدا بەسەر دەبرد. ئەم کۆبۆنەش لە دۆخێکی نالەباردا پەیدا بووە و پێویستە نەمێنێت.

هەبوونی کۆبۆنی خۆراک تەنها ڕۆژانی سەختمان بیردەخاتەوە، ئەو ڕۆژانەی کە خۆراکمان نانی جۆی ڕەش بوو و لەجیاتی شەکر خورمامان لەگەڵ چا دەخوارد. ئەو کۆبۆنەی کە شەڕی لەگەڵداهات و خێر هەمووی ڕۆیشت.

نامانەوێ بڵێین ئەوانەی کە بە دژایەتی هاوڵاتیان تاوانبارمان دەکەن، خۆیان پرۆژەکانی پێشخستنی ئاستی گوزەرانی تاک و فرەبوونەوەی بژارەکانی کۆسپ و ئاستەنگ دەکەن و دەیانەوێ ئەم هاوڵاتیە بەکاربەربێت نەک بەرهەمهێنەر و لە جیاتی خۆراکی خۆی بە دەستی خۆی قازانج بکات، هەر لەبەر دەستی دەوڵەتدا بێت. دەیانەوێ هاوڵاتیان بە ڕۆژەکانی گەمارۆ بەندکراو بن و لە کردارەکانی ڕۆژانی گەمارۆی پێش ٢٠٠٣ دا بن.

ئەو کاتە کە دەمانەوێ کۆبۆنی خۆراک نەمێنێت، ئاماژە بەوە دەکەین کە پێویستە حکومەت پرۆژەیەک دەسپێبکات بۆ بەخێوکردنی هاوڵاتیان لە ڕێگای دابەشکردنی ئەو پارانەی کە لە دەستووردا وەکو پارەی گەل ئاماژەیان پێکراوە. لە هەمان کاتدا ئەوە بیردەخەینەوە کە زۆر شتی نالەبار لە سیستەمی گۆڕینی داراییدا هەیە. ئەوەی کە دەوڵەت بەرامبەر بە نەوت وەریدەگرێ و دەیکات بە کۆبۆنی خۆراک و بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشی دەکات هاوپێچە بە فەوتان و لەناوچوونی پارەی ئەو خەڵکە بۆ دەوڵەمەندکردنی بەشێکی دیاریکراو، ئەوەش لە ڕێگای هاوردەکردن، کڕین، پاشکەوتکردن و گواستنەوەی خۆراک-ەوە، ئێمە دەڵێین لە جیاتی هەموو ئەو پرۆسە دوورودرێژە، با پارەی نەوت ڕاستەوخۆ لە ناو خەڵکدا دابەشبکرێت.

تاوانبارکردنمان بە وروژاندنی هاوڵاتیان، دەمانوروژێنێ و واتان لێ دەکات کە بچنە سەر سەکۆیی تاوانباری.

سەرچاوە www.alaalem.com



هەبوونی کۆبۆنی خۆراک تەنها ڕۆژانی سەختمان بیردەخاتەوە

وەک باڵندەکان کۆچ دەکەن .. دەڕۆن و دەگەڕێنەوە

8

# سێ دۆسیەی کورد بەجینۆساید ناسێنراوە، بەڵام قەرەبوو نەکراوەتەوە

## هێشتا حکومەتی هەرێم نەیتوانیووە حکومەتی ناوەندی ناچار بکات قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەهۆی حکومەتەکانی عێراقەوە لە کوردستان کەوتوون

**زانیار داقوقی**

دادگـای بـاڵای تاوانەکان لە سێ دۆسیەدا سەلماندوویەتی کە کورد جینۆساید کراوە، بـەڵام هێشتا نەتوانراوە حکومەتی عێراقی ناچار بکرێت کە قەرەبووی زیان لێکەوتوان و قوربانیان بکاتەوە.

ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کوردستان بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسەوە تووشی زیان هاتن، جگە لەو کۆمەڵکوژیانەی کە بە جینۆساید ناسراون و سەدان هەزار کەس بوون بەقوربانی، هەزاران گوند وێران کران، دەیان کەس تووشی نەخۆشی قورس و درێژخایەن بوون، سەدان کەس لەکار و خوێندن دوورخرانەوە.

جگە لە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم، کە هێشتا نەیتوانیووە بکەوێتە سەر پێی خۆی و پێوستی بە هەزاران ملیار دیناری عێراقییە بۆ بوژاندنەوەی، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم بەڕەسمی داوای قەرەبووکردنەوەی نەکردووە.

مەلا عوزێر حافز ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتووان چەند جارێک ئاسانکاری بۆ کـراوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بەجدی بەتەنگییەوە نەبووە بۆیە تا ئێستا مەسەلەی قەرەبووکردنەوەکە بە ئاکام نەگەیشتووە.

مەلا عوزێر حافز بـڕوای وایـە کە پێویستە حکومەتی عێراقی وەک چۆن قەرەبووی کوێت و ئێران دەکاتەوە، ئاواش قەرەبووی گەل و خاکی کوردستان بکاتەوە، وتی «عێراق زۆر دەوڵەمەندە توانای ئەو قەرەبووە گەورەیەی هەیە، بـەڵام نەبوونی دادپـەروەری لەعێراق بووەتە ڕێگر لـەبـەردەم قەرەبووکردنەوەی قوربانیان».

مەلا عوزێر ڕەخنەی لەحکومەتی هەرێم گرت کە دادپەروەر نەبووە، لەو قەرەبووەش کە بۆ سەرجەم زیانلێکەوتووانی عێراق بووەو خەڵکانی کوردستان بەهۆی حکومەتی هەرێمەوە جارێکی تر غەدریانلێکراوە. نمونەی موچەی زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری شەهیدانی هێنایەوە.



**تائێستا حکومەتی هەرێم بەرەسمی داوای قەرەبوو کردنەوەی نەکردووە**

مەلا عوزێر ئاماژەی بـەوەدا پەرلەمانتارانی یەکگرتوو هەوڵی زیاتر دەدەن تا مەسەلەی قەرەبووکردنەوە بەیاسا بچەسپێت.

گۆران ئەدهەم پارێزەر لە دەستەی داکۆکیکار لە دۆسـیـەی ئەنفال و هەڵەبجە بـووە، لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەگەڵ حاکم خدر لە دادگـای بیدائە و بەکر حەمە سدیق ئەندامی پەرلەمانی عێراق پـرۆژەیـەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێمی بەعس ئـامـادەکـردووە، بڕیارە دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی بکەن.

گۆران ئەدهەم داوایکرد فراکسیۆنە کوردییەکان هەنگاو بنێن بۆ نزیکبوونەوە لـە لیستە شیعییەکان کە ئەوانیش بوون بە قوربانی لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو، تا بتوانرێت یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمان دەربچێت و حکومەت ناچار بکات قەرەبووەکە بکاتەوە.

عەدنان قوربانی چالاکوانی بواری داکۆکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەگەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەو کەسانەی قەرەبووکردنەوە دەیانگرێتەوە گەر فشاریکی جدی نەخەنە سەر حکومەت ئەوە ئاسان نییە قەرەبوو بکرێنەوە.

قوربانی ڕەخنەی لە یەکێتی و پارتی گرت کە کاتێک لەحکومەتی عێراق دەستڕۆیشتووتر بوون نەیانتووانی مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بچەسپێنن، وتـی « بۆیە پێم باشە ئێستا ئاسان نییە حکومەتی عێراق بڕیاری قەرەبوکردنەوە بدات، چونکە ئێستا جگە لە شیعە لیستی عێراقیە کە زۆربەیان عەرەبی سوننە مەزهەبن و لەحکومەتن ڕەنگە قەرەبووکردنەوە بە مافێکی ڕەوا نەزانن».

بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، دەڵێن لە دوو ڕێگاوە هەوڵدەدەن حکومەتی عێراق ناچار بکەن زیانلێکەوتووان و قوربانیانی دەستی ڕژێمەکانی پێشوو قەرەبوو بکاتەوە.

مەجید حەمەئەمین وەزیری شەهیدان کاورووباری ئەنفالکراوان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بـەوەدا لەڕێگای پەرلەمانتارانی کـوردەوە هەوڵدەدەن پەرلەمانتارانی شیعە رازی بکەن کە بۆ دەرکـردنـی یاسایەک لەپەرلەمان بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشوو.

مەجید محەمەد ئەمین هەنگاوێکی تر تۆمارکردنی سکاڵایە لە دادگاکان، وتی «تا ئێستا زیاتر ٥٥٠ سکاڵامان لەڕێگەی خودی زیانلێکەوتووانەوە لای دادگای باڵای تاوانەکان تۆمار کردووەو ئەو خەڵکەش بۆیان هەیە داوا لە وەزارەتی دارایی بکەن کە قەرەبوویان بکاتەوە».

مەجید محەمەد ئەمین ئاماژەی بەوەدا کە نوری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی لەسەر قەرەبووکردنەوەی قوربانیان دەربڕیوە، ئەگەر پەرلەمان یاسایەک لەوبارەوە پەسەند بکات.

# ”مەشروب“ نەخراوەتە ناو سەرچاوەی ئاوی ڕانیەوە

## بڕیاربوو ڕۆژی نوێژەبارانە خەڵکی ڕانیە پەلاماری ڕێستۆرانتی پشوو بدەن، بەبیانووی ئەوەی مەشروبی لێدەخورێتەوە

**فەرمان چۆمانی**

حکومەت بەپێشنیاری یەکێتی زانایان ڕێستۆرانتێکی لەڕانیە داخست، بەبیانووی ئـــەوەی ئـــەو ڕێـــســتـــۆرانـــتـــە مـەشـروبـی لێدەخورێتەوەو خەڵکی دەڵێن «هۆکار»ێکە بۆ نەبارینی باران، بەڵام خاوەنەکەی دەڵێت ئیسلامییەکان هانی خەڵک دەدەن بۆ ئەو کارە.

لەسەر داواکاری بەشێک لەخەڵکی ڕانیە و یەکێتی زانایان، لەڕێگای وەزارەتی ئەوقاف و ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بڕیاری داخستنی ریستۆرانتی پشوو درا، کە لەنزیک ئاوی قولەی شاری ڕانیەیە.

ئـەو ڕێستۆرانتە ڕۆژانـە لەکاتژمێر ٤ی ئێوارە تادرەنگانی شەو، بەڕووی میوانەکان دەکرایەوە، زۆرینەی ئەوانەشی بۆ خواردنەوە ڕوویان لێدەکرد، بەرپرسو کەسایەتییەکانی ئەو شارە بوو.

یەکێتی زانایان پێشنیاری کردووە شوێنی ئەو ریستۆرانتە بکرێتە فەرمانگەی ئاو، چونکە نزیکە لەسەرچاوەی ئـاوی ڕانیەوە، بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێک بۆ ئەوە نەدراوە لەلایەن حکومەتەوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا وەسـمـان لێپرسراوی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان، بەدەستووری وت»زۆر دەمێکە خەڵکی ڕانیە داوا دەکەن، ئـەو ریستۆرانتە کە لـەسـەرچـاوەی ئاوی خواردنەوەی ڕانیە نزیکە دابخرێت، لەڕێگای وەزارەتــی ئـەوقـافـو ئەنجومەنی وەزیـران فەرمانی داخستنی دراوە».

ئەو ریستۆرانتە موڵکی وەزارەتی شارەوانییەو بەپێی گرێبەستێک بۆ مـاوەی ١٥ ساڵ بەکرێدراوە، بە ١٨٠ دۆلار، ئێستا ئەگەرچی ماوەی گرێبەستەکەشی تەواو نەبووە، بەڵام لەژێر فشاری یەکێتی زانایان داخراوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا دەڵێت دەبێت پارەکە بدرێتەوە بەخاوەنەکەی، لەبودجەی ئەمساڵ کە بەهەوڵ وکۆششی کۆمەڵەی خەمخۆران و وەزارەتی شارەوانی دەدرێتەوە، بەڵام خاوەنی ڕێستۆرانتەکە بەدەستووری وت»کاری زستان و هاوینم دەڕوات و دەبێت دایبخەم، هیچ پارەیەکیشم بۆ ناگەڕێتەوە و زۆریش پارەم خەرجکردووە».

فایەق عەزیز سدیق خاوەنی ڕیستۆرانتی پشوو، دەڵێت خەڵک پێیانوایە لەبەرئەوەی ڕیستۆرانتی پشوو لەسەر قولەیە بۆیە باران نابارێت، بۆیە ئەو ڕۆژەی کەخەڵک چووبوون بۆ نوێژی بارانە، پێشتریش بەرنامەڕێژی بۆ بڕیارێکی واکرا بوو کەهێرش بکەنە سەر ڕێستۆرانتەکەو تێکیبدەن، بەڵام ڕێگری لەو هێرشەکرابوو و نەیانهێشتبوون.

فایەق وتی«من بەدەستم بێت ڕێگردەبم لەبڕیاری داخستنەکەی و پێشموتوون ئەو بڕیارە لاوازی حکومەتە، ئەگەرنا چەند کەسێک ناتوانن ئەوە بکەن».

بـەرپـرسـەکـەی یەکێتی زانـایـان ئـەوە پشتڕاستدەکاتەوە بەشێک لەخەڵکی ڕانیە ویستیان لەڕۆژێکی هەینی فشار دروستبکەن، بـەڵام ئێمە وتـمـان وامـەکـەنو داواکـاری بەرزدەکەینەوە بۆ حکومەت، بەئەنجامیش گەیشتین.

مامۆستا عەبدوڵڵا وتی«ئێمە ناخوازین هیچ مەشروبخانەیەک هەبێت، بەڵام تەنها ئەو مەشروبخانەیە دادەخـەیـن، خاوەنەکەشی هەڵوێستی جوانی هەبوو وتی مادام داواکاری خەڵکە حەز دەکەن پارەکەشم مەدەنەوە».

فایەق باسی لەوەشکرد کەچەندینجارە ئەو کێشەیەی بۆ دروستدەکرێت، لەلایەن مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی ناوبازاڕ و خەڵکە ئیسلامییەکان. وتـی«لـە ١٠٠٪ ئەمجارەش دەستی حیزبی ئیسلامی و چەند کەسێکیتری خاوەن بەرژەوەندی لەپشتە، بۆیە تاقەتم نەماوە و ناتوانم بچمە ناو کێشەکەو ناچارم وازبێنم، بەرنگاربونەوەی ئەو خەڵکەم پێناکرێت».

سلێمان مینە بەرپرسی مەڵبەندی ڕانیەی کۆمەڵی ئیسلامی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕەتیکردەوە ئەوان لەپشت هاندانی خەڵکو داخستنی ئەو ڕێستۆرانتەوەبن، وتی«ئەوە تەنها داواکـاریـیـەکـی خەڵکەو دەستی ئیسلامییەکانی لەپشت نییە».

بەرپرسی مەڵبەندی ڕانیەی کۆمەڵی ئیسلامی وتی«لەکاتی نوێژەبارانەدا خەڵک بوونی ئەو ڕێستۆرانتەیان بەهۆکار دەزانی بۆ نەبارینی باران پێشتریش هەر لەلایەن خەڵکەوە قسە لەسەر داخرانی دەکرا».

پێشتر بۆ هاندانی خەڵکی ڕانیە بانگەوازی ئـەوە بڵاوبوویەوە کە لەلایەن کەسێکەوە مەشروب خراوەتە ناو ئاوی قولّە، بەڵام م. عەبدوڵڵا دەڵێت «مەشروب نەخراوەتەوە ناو ئاوی قولە، بەڵام ڕەنگە هەندێ شت بکەوێتە ناو ئاوەکە لەلایەن خەڵکی مەشروب خۆر».

فایەق وتی«ئەو دەنگۆیە ڕاست نییەو ئێمە پارێزگاری لـەو ئـاوە دەکـەیـنو دوریشین لـەئـاوەکـە، ئـەگـەر ئێمە نەبین دەبێتە مەلەوانگەی منداڵان».

ئاوی قولە سەرچاوەی هەموو ئاوی ڕانیە دابیندەکات.

عەلی حـەمـەد قایمقامی قـەزای ڕانیە، بـەدەسـتـووری وت»ئـەو ڕیستۆرانتە دوو بەشە، بەشێکی بەگرێبەست بۆ ماوەی ١٥ ساڵ دراوە و بەپێی یاسا دەبێت گرێبەستەکە هـەڵـبـوەشـێـتـەوەو چارەسـەربـکـرێـت، بەشەکەیتریشی هەر لەکۆنەوە بەزیادەڕۆیی دروستکراوەو لای دەبەین».




**خاوەنی ریستۆرانتەکە ئیسلامیەکان تۆمەتبار دەکات**

قایمقامی ڕانیە، وتی ئەوێ موڵکی گشتییەو هەموو خەڵکێک دەبێت بۆی هەبێت دیمەنی ئاوی قولەی ڕانیە ببینێو کۆنترۆڵنەکرێت بۆ هیچ لایەنێک، دوای لابردنی زیادەڕۆیەکە دەیکەینە شوێنی حەسانەوەی هاووڵاتیان.

# دوایین وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەعس سیخوڕ بوو

## ناجی سەبری زانیاری زۆری لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی عێراق داوە بە ئەمریکا

پ.دەستوور

نووسەرو سیاسەتمەداری ناسراوی فەڕەنسی وتمەن نوزیە لە هەفتەکانی ڕابردوودا بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک ئاشکرایکرد کە ناجی سەبری حەدیسی دوایین وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەعس، بەکرێگیراوو سیخوڕی دەزگای زانیاری فەڕەنساو ئەمریکا بووەو بە شێوەیەکی بەردەوام زانیارییە سەربازییەکانی ئەو سەردەمەی حکوومەتی بەعسی بۆ دەزگای زانیاری ئەو دوو وڵاتە بەڕێکردوە.

ناجی سەبری حەدیسی لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ بووە وەزیری دەرەوەی عێراقو وەک سێیەمین کەسایەتی سیاسیی حکومەتی بەعس ناوبانگی دەرکرد. ناوبراو بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی کارەکانی تەسلیمی سەدام حوسێن دەکردو یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئاگاداری هەموو زانیارییە نهێنییەکانی دەزگای دیپلۆماسیو بەرنامە ئەتۆمیو کیمیاوییەکانی ئەو سەردەمەی حکومەتی عێراق بووە.

وتمەن نوزیە لە کتێبێکی نوێدا تیشک دەخاتە سەر کەسایەتی ناجی سەبریو ڕایدەگەیەنێت کە سەرجەمی ئەو زانیارییە سەربازییانەی کە ڕۆژئاوا لەسەر عێراق بوویەتی لە ڕێگەی ناجی سەبرییەوە بەدەستیان گەیشتووەو خودی فەڕەنساو تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەسەرەتادا بە گومانەوە لەو زانیارییانەیان دەڕوانی. نوزیە دەڵێت بەپێی زانیارییەکانی ئەو کاتی ناجی سەبری، عێراق لە ماوەیەکی کورتدا توانای دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی نەبووەو بەڵام وەزیری دەرەوەی سەدام ئاژمادەی بەوەکردبوو کە حکومەتی بەعس چەکی کیمیاوی مەترسیداری هەیەو ئەگەری بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە لایەن سەدامەوە بەهێزە.



ناجی سەبری

بە وتەی نوزیە، ناجی سەبری لە سەفەرێکیدا بۆ نیۆرک کە ویستبووی بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٢٠٠٢ بکات، چاوپێکەوتنێکی گرنگی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئەنجامداوەو کۆمەڵێک زانیاری بەوان داوە.

ناجی سەبری تا دوایین ڕۆژەکانی حکومەتی بەعس وەزیری دەرەوەی عێراق بووەو لە یەکەمین ڕۆژی دوای پەلاماری سەربازی سوپای ئەمریکا بۆ سەر عێراق ونبوو و دواتر ڕاگەیەنرا کە لە نەمسا نیشتەجێیە.

بەپێی ناوەرۆکی کتێبەکە لە سەرەتای پەیوەندییەکانی ناجی سەبری لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمریکا، سی ئای ئەی داوا لە وەزیری دەرەوەی عێراق دەکات بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس ئاشکرا بکاتو دواتر داوای پەنابەری لە حکومەتی ئەمریکا بکات. ناجی سەبری لەسەرەتادا پێشنیاری سی ئای ئەی قبوڵ ناکات، بەڵام دواتر ڕازی دەبێت کۆمەڵێک زانیاری تەسلیمی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بکات. بەڵام ئەمریکا داوای زانیاری زیاتری لێدەکاتو ناجی سەبری پێشنیاری دووبارەی ئەمریکییەکان ڕەتدەکاتەوەو بۆ ماوەیەکی کورت پەیوەندییەکانی نێوان دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو وەزیری دەرەوەی عێراق دەوەستێت.

لە دیسەمبەری هەمان ساڵ واتە لە ساڵی ٢٠٠٢ ناجی سەبری بۆ جارێکیتر پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا دەکاتەوە، بەڵام دەیەوێ لە ڕێگەی ناردنی زانیاری هەڵە، ئەمریکییەکان چەواشەبکاتو بەرژەوەندییەکانی سەدام حوسێن بپارێزێت. ئەمریکییەکان بەو مەسەلە دەزانن، بەڵام زانیارییە هەڵەکانیش لەدژی سەدام بەکاردێنن.

پاش پەرەسەندنی سزای نێودەوڵەتییەکان لەدژی عێراقو پێداگری سەدام حوسێن لەسەر سیاسەتەکانی، هاوڕێ لەگەڵ دوایین گرووپی پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، عێراقی جێهێشتوو بە بیانووی چالاکترکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەورووپا سەفەری کرد.

هەفتەیەک پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق خۆی تەسلیمی حکومەتی نەمسا کردو داوای پەنابەری کرد. دواتر مەئموورانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا سەردانیان کردووەو لەبەرامبەر کۆمەڵێک مەرجی وەک گواستنەوەی خێزانەکەی بۆ ئەورووپاو نەدرکاندنی ناوی ناوبراو لە هیچ شوێنێک، درێژەی بە هاوکارییەکانی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو وڵاتانی دیکە داو بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک ناوی لێببرێت کە لە نامسا ژیان بەسەردەبات.

# بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت زیاتر دەبن

## مەرجی لایەنەکان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی نوێی عێراق مالیکیی تووشی شپرزەیی کردوە

پ.دەستوور

هەتا ئێستاش گفتوگۆو مشتومڕی لایەنە سیاسییەکان بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەتی نوێی عێراق هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی لێنەکەوتۆتەوەو ئەوەش لەکاتێکدایە کە مالیکی لە مۆڵەتی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق نزیکدەبێتەوە.

مالیکی لە نوێترین لێدوانێدا جیا لەوەی کە داوا لە فراکسیۆنە سیاسییەکان دەکات بە زووترین کات کاندیدەکانیان بۆ پۆستەکان دەستنیشانبکەن، پێشیوایە کە تا کۆتایی ئەم هەفتە کابینەی حکومەتی نوێی عێراق پێکدێتو ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ قوڵبوونەوەی داواکاریو مەرجی لایەنەکان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی نوێ.

لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی ئەگەرچی گفتوگۆکردنو بەشداریکردن لە حکومەت بایکۆتی نەکردووەو بەردەوام پرسی ڕێکەوتن دەوروژێنێت، بەڵام ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بە دیاریکردنی ڕادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسییەوە گرێدەداتەوە.

ئەیاد عەلاوی لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە پێیوایە کە دەبێ ئەنجوومەنی باڵای سیاسی مافی بڕیاردانی هەبێت، دەڵێت ئەگەر بە پێی ڕێکەوتنە پێشوەختەکانی فراکسیۆنە سیاسییەکان بێت، ئەنجوومەنی باڵای سیاسی مافی بڕیاردانی هەیەو بەشداریکردنی عێراقییە لە حکومەتی نوێی عێراق بە جێبەجێبوونی مەرجەکانو ڕێکەوتنەکانی پێشووتری ڕابەرانی سیاسیی عێراقەوە گرێدراوە.

هاوکات حەیدەر مولا وتەبێژی لیستی عێراقییە لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت ڕایگەیاند کە ئەیاد عەلاوی تا ئێستا سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی قبوڵنەکردووەو ڕازیبوونی ناوبراو بە سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی بە جێبەجێبوونی ڕێکەوتنەکانی پێشووی ڕابەرانی سیاسیی عێراقەوە بەستراوەتەوە.

لەبەرامبەریشدا ئەندامانی هاوپەیمانی نیشتمانی بە پێچەوانەی لێدوانەکانی ڕابەرانی عێراقییە بیردەکەنەوە. عەلی ئەدیب ئەندامی باڵای هاوپەیمانی نیشتمانی پێیوایە کە باسکردنی لەوشێوە بەمانای پێشێلکردنی مافەکانی سەرۆک وەزیرانە، وتی "لەعێراقدا تەنیا پۆستی سەرۆک وەزیران مافی جێبەجێکردنو بڕیاردانی هەیەو ئەنجوومەنی باڵا ناتوانێ جێگەی سەرۆک وەزیران بگرێتەوەو دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران کەمبکاتەوە".

دانانی مەرج تەنیا تایبەت بە لیستی عێراقییە نییەو فراکسیۆنە سیاسییەکانی دیکەی عێراقیش هاوشێوەی لیستی عێراقییە کۆمەڵێک مەرجی تایبەت بە خۆیانیان هەیەو بەشداریکردنیان لە حکومەتدا بە جێبەجێکردنو وەڵامدانەوە بەو مەرجانەوە گرێدەدەنەوە. هاوپەیمانی کوردستان کارنامەی داواکارییەکانی پێشکەش بە نوری مالیکی کردووەو ڕابەرانی ئەو لیستە ڕایانگەیاندوە کە ئەگەر ئیمزا لەسەر داواکارییەکانو مەرجەکانی کورد نەکرێت بەشداری لە حکومەتی نوێی عێراقدا ناکەن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە تا ئێستا ئەو مەرجانە لەلایەن نوری مالیکییەوە ئیمزا نەکراوە، هەرچەندە ڕێکەوتنێکی زارەکیو سەرەتایی لەسەر ئەو مەرجانە کراوە.

هاوکات لایەنە سیاسییەکانی ئەندام لەهاوپەیمانی نیشتمانیو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی خوازیاری بە دەستەوەگرتنی کۆمەڵێک وەزارەتنو هەر کام لەو لایەنانە داخوازییەکانی خۆیان بە گوێی نوری مالیکی داوە.

جیا لە هەبوونی مشتومڕو گفتوگۆیەکی بەردەوام لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی پۆستەکانو هێنانەئارای مەرجەکان بۆ بەشداریکردنی لایەنەکان لە حکومەتی نوێی عێراق، جۆرێک لەڕێکەوتنی سەرەتایی لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان پێکهاتووە. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە سەرەتاییە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ کوردو وەزارەتی داراییو نەوت بۆ عێراقییەو هاوپەیمانی نیشتمانی دەبێت. لانیکەم هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پۆستە ئەمنییەکان بە کەسانی سەربەخۆو بێلایەن بدرێتو بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئێستا لیستی عێراقییەش دژایەتی ئەو مەسەلە ناکات.

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر نوری مالیکیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ڕاسپاردو بەپێی دەستووری عێراق دەبێ مالیکی لەماوەی مانگێکدا کابینەی حکومەتی نوێ پێکبێنێت.






# پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی

## مەسیحییەک کە ژیانی بۆ موسڵمان و عەرەبەکان تەرخانکرد

### میشێل عەفلەق مەرجەعی ڕۆحیی ناسیۆنالیستەکانی عێراقو جیهانی عەرەب

میشێل عەفلەق ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٠ لە خێزانێکی مەسیحیی شاری دیمەشقی سوریا لەدایکبووە. لە تەمەنی گەنجییەتیدا چووە فەڕەنساو لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا یاسای خوێند.

عەفلەقو هاوڕێکانی لە وڵاتی فەڕەنساو لەژێر کاریگەری هەژموونی چەپ لەو سەردەمەدا، دەستیاندایە چالاکییەکی بەربڵاوی فکریو سیاسیو لەئاراستەی چەسپاندنی ئامانجەکانیان پەیوەندییان بە زۆربەی کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی جیهانی عەرەبەوە گرت. زۆربەی هەرە زۆری بیرمەندانو تێکۆشەرانی سەرەتایی قووتابخانەی بەعسیزم، عەرەبی مەسیحی بوونو ڕوانگەیەکی تەواو عەلمانییان بۆ دەسەڵات هەبوو.

پاش تەواوبوونی خوێندن بۆ سوریا گەڕایەوەو لە ساڵی ١٩٣٣ بووە مامۆستای خوێندنگاکانو دەستیدایە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی. لەساڵی ١٩٤١ هەستا بە دامەزراندنی گرووپێکی سیاسی بەناوی زیندووبوونەوەی عەرەبیو ئەو گرووپە چالاکییەکانی لەناو گەنجاندا دەستپێکرد.

میشێل عەفلەق بیرمەندی بیری بەعسی سۆشیالیستی لە ساڵی ١٩٤٧ بە یارمەتی سەلاحەدین بەیتار بە دروشمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی لە دیمەشق دامەزراندو خۆی وەک سەرۆکی حزب هەڵبژێرا. حزبەکەی عەفلەق بەمەبەستی دژایەتیکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکانی وەک ئیخوان دامەزراو بەسەر چەندان لق بۆ بەشێک لەوڵاتە جیاجیاکانی عەرەبو لەوانە عێراق دابەشکرا.

لە ساڵی ١٩٤٩ بووە وەزیری پەروەردەو خوێندنی سوریا. عەفلەق لەئاراستەی بیروبڕواکانیدا کە ناسیۆنالیزمێکی توندی عەرەبی بوو، چالاکییەکانی چڕترکردەوەو دواتر بە هۆی گوشارەکان سوریای بەجێهێشت. لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ سوریا گەڕایەوەو ڕۆڵێکی گرنگی لە پەیوەندی نێوان سوریاو میسردا گێڕا. بەشداری کودەتایەک لەدژی حکومەتی سوریای کردو بە هۆی شکستی کودەتاکە ناچاربوو سوریا جێبێڵێتو بۆ عێراق ڕابکات.

میشێل عەفلەق ساڵی ١٩٦٣ بە یارمەتی ئەحمەد حەسەن بەکر، عەبدولسەلام عارفو سەدام حوسێن کودەتایەکی لە عێراق ڕێکخستو دواتر بە هەڵکشانی پلەو پایەی سەدام حوسێن بوو بەڕابەرو مەرجەعی مەعنەوی حزبی بەعس. میشێل عەفلەق لەناو حزبی بەعسی عێراقدا پلەو پایەکی ڕەسمیی حزبی نەبووە، بەڵام سەرەڕای لادانی فکریی حزبی بەعسی عێراق لە بڕواکانی عەفلەقو فشارەکانی حزبی بەعسی سوریا، سەدام حوسێن پێگەیەکی تایبەتی مەعنەوی بە ناوبراو بەخشی تا لەوڕێگایەوە حزبی بەعسی عێراق بکاتە باڵادەست بە سەر حزبی بەعسی سوریا.

حزبی بەعسی عێراقی بە پێچەوانەی بیروبڕواکانی میشێل عەفلەق پەیڕەوی ناوخۆیی حزبەکەی نووسیەوەو سەرەڕای پێداگیریکردنی عەفلەق لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد، ئەو واتایە لە حزبی بەعسی عێراق کەمڕەنگ کرایەوە.

سەرەنجام میشێل عەفلەق لە ساڵی ١٩٨٩و لەڕووداوێکی گوماناویی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکدا گیانی لەدەستداو ڕێوڕەسمێکی شکۆداری لە عێراقدا بۆ ڕێکخرا.

ئەیاد عەفلەق کوڕی میشل عەفلەق پێشووتر ڕایگەیاندبوو کە باوکی لە بنەماڵەیەکی مەسیحیدا لەدایکبووەو بەڵام خودی میشێل لە ساڵی ١٩٨٠ نامەیەک بۆ سەدام حوسێن دەنووسێتو دەڵێت " ئەگەر بەرەوڕووی ڕووداوێک بوومەوە، بزانن کە بە موسڵمانی دەمرمو شاهیدی دەدەم کە حەزرەتی محەمەد پێغەمبەرو نەبی خوایە."

ئەندێشەو بیروبڕواکانی میشێل عەفلەق لە کتێبێکدا بەناوی "فی سبیل البعس" کۆکراوەتەوەو بۆ چەندان ساڵ لە زانکۆکانی عێراقدا بۆ خوێندکاران وتراوەتەوە.



# وەک باڵندەکان کۆچ دەکەن .. دەڕۆن و دەگەڕێنەوە

## ئەو گوندنشینانەی لەدوای ٢٠٠٣وە گوندەکانیان لەناوچە دابڕاوەکان ئاوەدانکردبووەوە، بەهۆی خراپی بارودۆخیانەوە هەموویان دەگەڕێنەوە

زانیار داقوقیو شۆڕش خالید

گوندنشینانی ناوچە دابڕاوەکان بەلێشاو گوندەکانیان چۆڵدەکەنو ڕووەو شارەکانی هەرێم دەڕۆن، خراپی بارودۆخی ژیانیان و گوێنەدانی حکومەت بەگوندنشینان. چۆڵبوونی شارەکانی زیاتر کردووە.

بەرپرسانی حکومەت ڕایدەگەیەنن توانای چارەسەرکردنی کێشەی گوندنشینانی ناوچە دابڕاوەکانیان نییە. ئاماژە بەوەشدەکەن ناتوانن ڕێگە لەکۆچی گوندنشینان بگرن.

بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور دەرکەوتووە جگە لەکۆچی کوردنشینانی ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەت لەسنووری پارێزگای دیالە. گوندەکانی سنووری پارێزگای کەرکوکیش ڕووبەڕووی چۆڵبوون بوونەتەوە. بەشێوەیەک بەلێشاو گوندنیشنان ڕووەو کەرکوک و شارەکانی تری هەرێم دەگەڕێنەوە.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەو گوندنشینانەی لەسنووری کەرکوک لەترسی ڕژێمی بەعس هاتبوونە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی، لەدوای ڕووخانی بەعس زۆرینەیان گەڕانەوەو گوندەکانیان ئاوەدانکردەوە، بەڵام دوای ٧ ساڵ بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیانیان زۆرینەی هەرە زۆریان جارێکی تر گوندەکانیان چۆڵکردەوە.

پارێزەر قاسم ڕەشید کەیەکێکە لەو کەسانەی گوندەکەی بەجێهێشتووە، وتی"بژێوی ژیان ناچاری کردووین کۆچ بکەین، چونکە بەهۆی وشکەساڵیو نەبوونی داهاتی کەرتی کشتوکاڵی ناتوانین لەگوندەکان بژێوی ژیان دابین بکەین".

ئەو پارێزەرە وتی"خەڵکی گوندیش دەچنە شارەکان لەوێ دەبنە فەرمانبەرو پۆلیس و پێشمەرگەو بژێوی ژیانی خۆیان دابیندەکەن".

قاسم وتی"ئێمە گوندەکەمان بەجێهێشت بەهۆی ئەوەی خۆمو براکانم لەفەرمانگەی حکومی یان لەڕیزی هێزی پێشمەرگە دامەزراین".

زۆرینەی ئەو گوندانەی دوای ئاوەدانکردنەوە لەساڵی ٢٠٠٣و ئێستاش کۆچ دەکەن، دەکەونە خۆرئاواو باشووری کەرکوکەوە.

ئەو پارێزەرە دەڵێت زانیاری هەیە تەنها لەسنووری قەزای داقوقو دووزخورماتوو زیاتر ٥٠٪ی ئەوانەی دوای ٢٠٠٣ گوندەکەیان ئاوەدانکردبووەوە، ئێستا کۆچیان کردووە.

هەروەها وتی"زۆربەیان ڕووەو شارەکان ڕۆیشتوون، ئەوەش مەترسی چۆڵبوونی سەرجەم گوندنشینانی لێدەکەوێتەوە".

بەپێی چەند زانیارییەکی دەستوور تەنها لەگوندەکانی سنووری ناحیەی سەرگەڕان، لەکۆی ١٢ گوند تەنها ٨ خێزان چۆڵی نەکردووە. زۆرینەشیان بەرەو شارەکانی هەولێر کۆچیان کردووە.

بەرپرسێکی ئیداری ئەو ناوچەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی"ئەوانەی لەڕێگەی بازگەکانەوە ناویان تۆمارکردووە، لەکۆی ئەوانەی لەگوندەکانی شارۆچکەی سەرگەڕان کۆچیان کردووە ٥٦ خێزانی ڕووەو هەولێر ڕۆیشتوون، بەبێئەوەی ڕێگرییان لێبکرێت".

سامی ڕەفعەت کاکەیی ـ ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقوق وتی"پێموانییە کۆچکردنەکە بەشێوەیەک بێت کە هیچ خێزانێک لەگوندەکان نەمابێت، بەڵام زۆربەیان چۆڵیان کردووە".

کاکەیی وتی"خەڵک ئازادەو ناتوانین ڕێگریان لێبکەین، چونکە بژێوی ژیانیان خراپە".

محەمەد یوسف پێشتر لەگوندێکی ناوچەی سەرگەڕان نیشتەجێبوو، وتی"گەڕامەوە هەولێر چونکە ژیان لەو ناوچانە بۆ ئێمە قورسە".

سامی کاکەیی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەنەبوونی زەوی تاپۆ و کشتوکاڵی کاریگەری سەرەکی هەیە بۆ دانیشتووانی گوندنشینانی ناوچەکە لەوەی چۆڵی بکەن.

بەشێک لەو گوندانەی زۆرینەی هاوڵاتیان چۆڵیان کردووە، خێزانی عەرەب بۆ شوانکارە چوونەتە گوندەکە، بەڵام لەژێر چاودێری خێزانە کوردەکان بووە.

کاکەیی وتی ڕێگە بەعەرەب نادەین بچنە جێگەی کوردەکان، کوردەکانیش بەیەکجاری چۆڵی ناکەن.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی قەزای داقوق وتی"حکومەت تەنها بەیەک مەرج دەتوانێت ڕێگری لەکۆچکردنی خەڵک بگرێت، ئەوەش بەوەی ئەو پێداویستییەی لەشار هەیە لەگوند تەرخانبکرێت".

جەبار حەسەن دانیشتووی گوندی کولی تەپەی سەر بەقەزای داقوق، وتی"لەگوندەکەی ئێمەدا تەنها بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندییەوە ٣ خێزان ڕوویان لەداقوق کرد".

جەبار وتی"چەندین جار داوای دروستکردنی قوتابخانەمان لەبەرپرسانی قەزاکە کردووە، بەڵام هیچ ناکەن".

ئەو وتی"دوای پرۆسەی ئازادی گوندی کولی تەپەمان ئاوەدانکردەوە، بەڵام حکومەت هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەنجامنەدا، ئێمەش چۆڵمان کردەوە".

نەسرەدین مەجید موختاری گوندی کولی تەپە وتی"چەندین جار داوامان لەئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کرد بۆ کردنەوەی خوێندنگە بەڵام تائێستا هیچ هەڵوێستێکیان دیار نییەو هیچمان بۆ نەکراوە".

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتی"خەڵک ئازادە ئەگەر لەگوند بچێتە شارو خەڵکی شار بچێتە گوند".

لەبارەی کۆچی گوندنشینان و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان وتی"بۆ هیچ لایەنێک نییە ڕێگا لەخەڵک بگرێت کۆچ نەکات، چونکە هیچ لایەنێک بەرپرس نییە لەو کارە".

پارێزەر قاسم ڕەشید ترسی خۆی لەهاتنەوەی عەرەب بۆ گوندەکان دەربڕی. وتی"گوندەکەمان چەند ماڵێکی عەرەبی لێیە، ئەگەر کورد وابڕوات ڕێژەی عەرەب زیاد دەبێت، چونکە گوندەکەمان هێڵی تەماسە لەگەڵ گوندە عەرەبەکان".



ناوچەدابڕاوەکان لەکۆچەوە بۆ کۆچ

# قەسابەکانی کەرکوک بەبێ ڕەزامەندی تەندروستی گۆشت دەفرۆشن

## ئیدارەی کەرکووک دەڵێن بەدروستکردنی قەسابخانەیەکی نمونەیی کۆتایی بەو دیاردە دەهێنن

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

سەبڕینی مەڕوماڵات و فرۆشتنی گۆشتەکەی بەبێ ڕەزامەندی لیژنەکانی چاودێری تەندروستی لەکەرکووک، بووە بەدیاردە، خەڵکیش بەلێشاو ڕوو لەکڕینی ئەو گۆشتە دەکەن بەهۆی هەرزانی نرخەکەیەوە.

لەهەندێک گەڕەک و بازاڕی کەرکووکدا قەسابەکان خۆیان مەڕوماڵاتەکان سەر دەبڕن، ئەمەش وایکردوە ڕزگاریان بێت لەدابینکردنی کرێی سەیارەو گومرگی حکومەت و کرێی سەربڕین، بۆیە بەنرخێکی کەمتر لەهەندێک لەبازاڕەکان گۆشتەکانیان دەفرۆشن.

نەوزاد عەبدولکەریم هاوڵاتییەکی دانیشتووی کەرکووکە دەڵێت هەرچەندە ئەو دڵنیانییە لە لایەنی تەندروستی ئەو گۆشتە، بەڵام زۆرجار لەو شوێنانە گۆشت دەکڕێت، چونکە لەیەک کیلۆدا سێ تا پێنج هەزار دینار لەگەڵ هەندێک لەبازاڕو شوێنەکانی دیکە هەرزانترە. وتی "بەگشتی زۆربەی هاوڵاتیان ڕوویان تێدەکەن و بازاڕێکی باشیان هەیە".

هەرچەندە حکومەتی ناوخۆیی کەرکوک چەندین هەڵمەتی دەستگرتن بەسەر ئەو گۆشتانەی ئەنجامداوەو خاوەنەکانی سزا داون، بەڵام دیاردەکە کۆنترۆڵنەکراوە.

کامیل ساڵەیی قایمقامی ناوەندی کەرکوک وتی"بەداخەوە ماوەیەکە چەند بازرگانو چەند دوکاندارێکی بێویژدان پەیدابوون، کە تەنها بیر لە پەیداکردنی پارەو کۆکردنەوەی سەروەتوسامان دەکەنەوەو کاری بازرگانی بەگۆشتەوە دەکەن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لیژنە پزیشکییەکان".

کامیل ساڵەیی ئاماژە بەوە دەدات چەندین گۆشتفرۆش سزادراون و چەند دووکانێکیش بەشێوەیەکی کاتی داخران، دەڵێت بڕیاریانداوە هەر قەسابێک بەبێ مۆڵەتی لیژنەی پزیشکی گۆشت بفرۆشێت، هەموو ئەو گۆشتەی لێدەسەندرێت، ئەگەر گۆشتەکەی لە لیژنەی پزیشکی دەربچێت لەبازاڕ ☐ بەنرخێکی زۆر کەمتر دەفرۆشرێت دواتر پارەکەی بۆحکومەت دەبێت، ئەگەریش گۆشتەکەی خراپ بێت لیژنەی پزیشکی لەناویدەبات.

بەرپرسان دەڵێن دەرهێنانی مۆڵەتی گۆشتفرۆشتن، هیچ مەرجێکی قورسی لەگەڵدا نییە، ڕەزامەندی لیژنەی پزیشکیش بەدەستدەهێنرێت ئەگەر ئاژەڵەکان لە سەربڕینخانەی شار سەرببڕێنرێن و بپشکنرێن.

سەربڕینخانە (قەسابخانە)ی کەرکوک بەهۆی بچووکی شوێنەکەی و کۆنی بیناکەیەوە، پاساوی بەشێک لەو قەسابانەیە کە خۆیان مەڕوماڵاتەکانیان سەردەبڕن، بۆیە ئیدارەی شارەکە بڕیاریانداوە سەربڕینخانەیەکی نوێ دروستبکەن.

سەربڕینخانە نوێیەکە بە بڕی شەش ملیار دیناری عێراقی لەسەر ڕووبەری ٤٥ دۆنم زەوی بەپێی ستانداردی جیهانی دروستدەکرێت، دوای تەواوبوونیشی بڕیارە هەموو ئەو قەسابانەی کە لەناو شار هەن، ببرێن بۆ ئەو بازاڕە گەورەیەیەی کە لەوێ دروستدەکرێت.

پرۆژەکە لەلایەن دوو کۆمپانیای خۆماڵییەوە دروستدەکرێت و دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی ناحیەی تازە ـ کەرکووک.

فەلاح بەزاز سەرۆکی دەستەی وەبەرهەهێنانی کەرکوک دەڵێت دوای ئەوەی هەندێک لەگۆشتفرۆشو قەسابەکان گلەیی ئەوەیان کرد کەئیدارەی کەرکووک کەمتەرخەمی کردوە لەدروستکردنی شوێنێکی گونجاو بۆسەربڕینی ئاژەڵی ماڵیی، ئیدارەی کەرکووک بڕیاریداوە لەڕێگای لیژنەی وەبەرهەهێنانەوە ئەو قەسابخانە نمونەییە دروستبکات.

ڕۆژێک دوای بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی دەستوور، هەڵمەتێکی گەورە بۆ دەستگیرکردنی ئەو گۆشتفرۆشانە ئەنجامدرا کە لەکۆڵانو بازاڕەکان گۆشتەکانیان ساغدەکەنەوەو هەر لەو شوێنانەش سەری دەبڕن.

قایمقامی ناوەندی کەرکوک بەهاوکاری شارەوانی کەرکوکو لیژنەی پزیشکی لەفەرمانگەی تەندروستی کەرکوک بەپاڵپشتی پۆلیس هەڵمەتێکی فراوانیان لەسێ ناوچەی جیاجیای شاری کەرکوک ئەنجامدا.

قایمقامی کەرکوک وتی"پاش چەندین جار ئاگادارکردنەوەی گۆشتفرۆشەکان بەوەی پابەندی ڕێنمایەکانی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوکو لیژنەی پزیشکی بن، ئەوان هیچ گوێڕایەڵی تیمەکانی ئیدارەی کەرکوک نەبوون، بۆیە ئێمە ئەو هەڵمەتەمان ئەنجامدا".

لەهەڵمەتەکەدا زیاتر لە٥٠ سەر مەڕوماڵات دەستبەسەرکراو نزیکەی ٢٠ دوکانێکیش داخران.

هەڵمەتەکە لەگەڕەکی شۆڕیجەو گەڕەکی کۆڕنیشو دواتریش ناوچەی ئاژەڵفرۆشان ئەنجامدرا.



ڕاپۆرتێکی کەرکوک بەرپرسانی کەرکوکی بەئاگا هێنایەوە

# ـــەوە نییە ڕێساکانی گەردون بگۆڕێت"

## ـــــرو لێکۆڵەری دیینی بۆ دەستوور

و هاوسەنگیە ئەخلاقیەی لەوێدا بووە تێکچووە، بۆنموونە مرۆڤە دینیەکان مرۆڤەکانی قۆناغی پێشووی مرۆڤایەتی لەگەڵ ژینگەدا عیشقیان گۆڕیوەتەوە، کاتێک محەمەد ( د. خ ) دەفەرموێت ئوحود شاخێکە ئێمەی خۆشدەوێت و ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت، واتە لەم وجودەدا دیوێکی ڕۆحی هەیە، بەڵام تەکنەلۆجیاو گرێدەرو شۆفڵەکانی، مرۆڤ و سکی مرۆڤ دەردەهێنن هەرچی لەناخی زەویدایە دەیخەنە سەر زەوی، ئالێرەدا مامەڵەیەکی نامەعنەویان کردووە ئەم نوێژەبارانەو ئەم سروتانە جارێکی دیکە دەمان بەنەوە ناو ئەو کایە مەعنەویەوە، کەئێمە چین و ئەم وجودە چەندێک هێمنی ئێمەشە تـاوەکـو تـێکـیـبـدەیـن، ئـەهـا ئێمە چەندێک لاوازیـن، کەواتە نوێژەبارانە گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ ئەو مانا قوڵو مەعنەوی و ئەخلاقیانەی کە دەبێت بۆپارێزگاری کردن لە ژینگە ئەو مانا قوڵ و ئەخلاقیانەمان هەبێت، جگە لەمەش لەلایەکی ترەوە لەتەواوی دینە ئیبراهیمیەکاندا دینە تەوحیدییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەخوا خانەنشین نەکراوە، ئاخر لەسەردەمی باسکاڵدا لەم بوارەدا موناقەشەیەکی زۆر هەبوو هەندێک لەفەیلەسوفەکان بەتایبەتی ئـەوانـەی کـەبـاوەڕیـان بەدین نەبوو، دەیـان گوت ئێمە بـاوەڕ ناکەین خوا بوونی هەبێت، ئەگەر بوونیشی هەبێت ئەوا ئەم بوونەی دروستکردووەو خۆی خانەنشین بووەو لێگەڕاوەو ئەم بوونە خـۆی خـۆی دەبزوێنێت و یاساکانی ناو بوونە ئەم وجـودە دەجوڵێنێت، بەڵام ئەوەی کەبنەمای سەرەکییە لەم هەموو دینە تەوحیدیانەدا ئەوەندەی من بـەدواداچـوونـم بۆ کردبێت چ لە یەهودی و مە سیحی و ئیسلامیشدا مامەڵەی دیـنـدارەکان لەگەڵ خـوادا مامەڵەیەکی حزورییە، واتە خوا لەهەمو وردەکاریەکی ئەم کەونەدا تەداخول دەکات، کل یوم هو فی شاو  لەهەموو چرکە ساتێکدا خودا مامەڵەیەکی نوێ دەستکاریکردنێکی نوێی لەم موددەدا هەیە، هەر ئەمەشە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت: ئای خوا جیلوەی یار کۆتایی نایە، لەوێدا مەبەستی لەیار خودایە دەڵێت دەرکـەوتـن و جیلوەی خودا بـەردەوام دەردەکـەوێـت واتـە خـودا مامەڵەی راسـتـەوخـۆی لـەگـەڵ ئەم وجودەدا، لەگەڵ زەویدا هەیە لەبەرئەوە بە بۆچوونی دینییەکان کە من بۆخۆشم یەکێکم لەوانەی  هەمیشە خوا ئەکار بێت ئەکارێ دەستکاری ئەم وجودەو ڕێکانی ئەم وجودەبکات.

دەسـتـوور : واتـە خـودا ڕێسایەک دەگۆڕێت بۆ ڕێسایەکی تر

م . تەحسین : نەخێر ناڵێین ڕێسایەک دەگـۆڕێـت بۆڕێسایەکی تـر، چونکە ئێمەش وەک ئەو خەڵکەی تر ئەقڵانین، بەڵام ئەشێت بڵێن ڕێسایەکی ئەقڵانی تر دێتە ناوەوە کە ئێمەی مرۆڤ حسابمان بۆنەکردووە، چەندینجار ئەمە روی داوە ئایا ئەو هەموو داهێنانەی ئەمڕۆی مـرۆڤ هێناویەتە بـوون مرۆڤەکان لـەوەو پێش بیریان لێکردوەتەوە. ڕۆژ بـەڕۆژ لـەم بـوونـەدا شتی نوێ دەردەکەوێت ئەوە نیە دانتێن کەخۆی شاعیرە. خـوا بەشاعیرێک دەزانێت کە هەمیشە شیعری تازە دادەهێنێت، کەواتە بەبۆچوونی من دەکرێت لەو رویـەشـەوە نـوێـژەبـارانـە جێکەوتی خۆی ببێت، چونکە خوا نەخەوتوەو خانەنشین نەبووە، خوا بەردەوام لەم بوونەدا کاریگەریو جێکەوتی هەیە و ڕێسایەک لەجێگەی ڕێسایەکی تر دادەنێت . ناڵێین سیستم و ڕێساکان دەگۆڕێت لای خوا  یەک و یەک  هەر دوو دەکات و ناکاتە شتێکی تر، بەڵام بۆ ڕێسایەکی دیکە هەیە کە پەیوەندی بەم یەکو یەکەوە هەیە کە خوای گەورە هەموو ئەوانە تەوزیف دەکـات، هەر بۆیە دەبینیت زۆر جار پێشبینیەکانی ئێمەی مـرۆڤ دەقـیـق دەرنـاچـێـت، وەک ( حافز ) دەڵێت ( هزار نکت در ان کـار هست کـەنـادانـی) هـەزار نوکتە لەم باسەدا هەیە کە نایزانین،

"

> **نوێژەبارانە جێکەوتی هەیە، بەڵام ئەوە نیە ڕێساکانی گەردون بگۆڕێت. بەڵام زۆر ڕێساش هەیە کەئێمە کەشفمان نەکردووە، چونکە مرۆڤە دینیەکانیش عاقڵن و هەرگیز بڕوایان وانیە بەدوعاکردن هەور دروست دەبێت و دێتە ئێرەو باران دەبارێت**

"

من زۆر پێم سەیرە کەمرۆڤ ئەوەندە لەخۆیبایی ببێت کـەوا بزانێت ئیتر ئەم هەموو وجودەی کەشف کردبێت، بۆیە من وەک مرۆڤێکی دینی قەناعەتم وایە ئەم وجودە وجودێکی ئەخلاقیە ناکرێت، کـاری مرۆڤەکان بەهەدەر بـڕوات، ئـەوەی خراپە دەکـات دەبێت توشی ببێتەوە بەپێچەوانەشەوە، ئانی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ چاکەو خراپەکانیدا هەرئێستایە، هەنوکە من لەنووسینەکانمدا وتوومە چاکەو خراپە هەڵناگیرێت بۆقیامەت بۆمان، واتە ئەگەر من چاکە بکەم چاکەکانم ئەوە نیە کەلە بەهەشتدا پێم ئەدرێتەوە، بەڵکو چاکەکانم هـەر لەئێستاوە جێکەوتی ئەوەی لەسەر من هەیە کەمن والێدەکات کەببمە مرۆڤێکی بەهەشتی و بۆ بەهەشت بشێم، واتە بابەتەکە هەرلێرەوە دەست پێدەکات هەربۆیە لەچەندین تەعبیری قورئان و ئینجیلدا هـاتـووە کە ئـەوانـەی خراپە دەکـەن (خسروا انفسهم) خۆیانیان لەدەست داوە، هەرئێستا خۆیانیان لەدەست داوە، کەواتە لێرە جێکەوتی هەیە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر مرۆڤەکانی ئەمرۆ مرۆڤی مەعنەویگەرابوونایە ئەو ئەزمەو بێبارانیە دروسـت نەدەبوو، کەئێستا دروست بووە ئەگەر مرۆڤێکی دیینی بوونایە بەمانا قوڵەکەی واتە نەک ئەوەی کە لەڕوکەشدا کابرا دیینی بێت، بەڵام ئاکاری کاری نادینیانە بێت، بەبەڵگەی ئەوەی هەزارانساڵە مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی، بەڵام هەموی سێ سەدەیە مامەڵەی ئێمە گـۆڕاوە، ئەو هەموو ئەزمەو قەیرانەمان بۆخۆمان دروستکردووە.

دەسـتـوور : کەوتە دەتوانین بڵێین ئەوانەی ئێستا لەسەر نوێژەبارانەو جێکەوتەکانی قسە دەکەن کێشەکەیان لەوەدایە نەیان توانیووە؟

م . تەحسین : بەدڵنیاییەوە من وتم ئەمە بابەتێکی ئەزموونیە، تاوەکو مـرۆڤ نەبێتە ئـەنـدام و لـەو مانایە تێنەگات ناتوانێت دەرکـی بکات، دواجـار ئێمە دەتوانین وەڵامـی ئەوە ڕون بکەینەوە لەڕوویەکەوە ئێمە ئەوە بەکاتێکی پەرستنی دەزانین هەروەک چۆن سپێدە کاتێکی پەرستنە، دووەم ئێمە لـێـرەدا زیـاتـر خـۆمـان کەشف دەکـەیـن، چونکە فـەقـیـرو هـەژاری خۆمان دەردەخەین کەئێمە هیچ نین مەخلوقێکی خاکین، خاکیانە مامەڵە دەکەین کێشەی مرۆڤایەتی هەر ئەم من من کردن و لەخۆبایی بونەیەتی، بـەم بابەتانە ئێمە دەچینە قاوخی ڕاستەقینەی خۆمان، سێیەم خودا نەمردوەو خانەنشین نەبوە خوا حزوری هـەیـەو دەبـێـت مـامـەڵـەی زیندوانی لەگەڵدا بکەین. چـوارەم جارێکی تر هاوکاریکردن و یارمەتیدانی مرۆڤە بۆئەوەی بتوانین لەگەڵ واقعیە نوێکاندا بکرێتەوەو مامەڵەیەکی هونەریانە بکات . هونەرمەندیش ئەوەیە لەهیچ مامەڵەیەکدا دەستە وەستان نەبێت، بـۆیـە لـەوە دڵـنـیـا دەبـیـنـەوە کە نوێژەبارانە جێکەوتی هەیە، بەڵام ئەوە نیە ڕێساکانی گەردوون بگۆڕێت. بەڵام زۆر ڕێساش هەیە کەئێمە کەشفمان نەکردووە، چونکە مرۆڤە دینییەکانیش عـاقـڵـن و هـەرگـیـز بـڕوایـان وانـیـە بەدوعاکردن هـەور دروسـت دەبێت و دێتە ئێرەو باران دەبارێت. فەرمودەی پێغەمبەریش هەیە کـە دەڵـێـت کە خۆرو مانگ لەبەر کەس ناگرن، بەڵام تادواجار شتگەلێکی دیکەو سیستم و یاساگەلێکی دیکە لەم وجودەدا هەن کە ئێمە نایانزانین، ئەگەر ئێمە مامەڵەی ئەخلاقی بکەین ئەوانەش لەگەڵماندا بێنەوە چیرۆکی ئێمەی مـرۆڤ لەم مەخلوقەدا چیرۆکی مەخلوقێکی لاوازە ئەگەر لەگەڵ وجوددا دژبێتەوە، ئەوا وجود زاڵدەبێت بەسەر مرۆڤدا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ وجـوددا ڕێکو ڕەوان مامەڵە بکات هاوسەنگی لەنێوان خۆی و وجـوددا بکات ئەو کاتە ڕێکبێتەوە پشتگیری و هاوکاری دەکات




"

> **نوێژەبارانە گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ ئەو مانا قوڵ و مەعنەوی و ئەخلاقیانەی کە دەبێت بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە ئەو مانا قوڵ و ئەخلاقیانەمان هەبێت**

"

# ”نوێژەبارانە جێکەوتی هەیە، بەڵام ئـــ

## تـــەحسین حەمە غەریب ڕۆشنبیـــــــ

**سەروەت عەبدوڵڵا:**

**تەحسین حەمە غەریب ڕۆشنبیرو لێکۆڵەری دیاری بواری دینی بەتایبەت ئاینی ئیسلام، دەڵێت نوێژەبارنە جگە لەدیوە ڕووکەشەکەی مانایەکی ترو دیوێکی قوڵتری هەیە، دەڵێت نوێژەبارانە گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ ئەو مانا قوڵ و مەعنەوی و ئەخلاقیانەی کە دەبێت بۆپارێزگاریکردن لە ژینگە ئەو مانا قوڵ و ئەخلاقیانەمان هەبێت.**

دەستوور: لەو ڕستەوە دەستپێدەکەم کەجەنابتان لەزۆرێک لەکتێب و نوسینەکاندا ئاماژە بەوە دەکەیت زۆربەی شتەکان دوو دیویان هەیە دیوێکی دیار (ڤاهر ) دیوێکی نادیارو قوڵ ( باگن) ئێستا دەمەوێت ئەوە بپرسم مەبەستان لەو دیوە قوڵو نادیارەی شتەکان چیەو چۆن دەکرێت کەشف بکرێن ؟

م . تەحسین : دەتوانین بڵێین هەموشتێکی مرۆڤ کەمامەڵەی لەگەڵدا دەکات هەموو کار و ئاکارێک کەئەنجامی دەدات دوو ڕەهەندی هەیە ڕەهەندێکیان لەبەرچاوەو ئەوانی دیکە دەیبینن جا ئەو کەسەی زۆرتر بەچاوی سەر بڕوانێت زوتر کەشفی ئەم دیوەی دەکات، بەڵام دیوێکی تری هەیە کەبریتیە لەو مانایەی کەلەو شتەدا هەیە بریتیە لەو دەلالەت و ڕازانەی کەلەو شتەدا هەیە، ئەمە ئەگەر کەسێک نەبێتە ( ئەندام ) و هاوبەشی نەکات لەگەڵیدا لەماناکان تێناگات و هەرگیز پێی کەشف ناکرێت، جا کە دەڵێین کردەوەی مرۆڤ دوودیوی هەیە ئا ئەمەمان مەبەستە واتە ئەوماناو دەلالەتانەی کە لەو شتەدا هەیە، بۆ نمونە لە پەرستنەکاندا ئەو ڕازو نهێنیەی لەنێوان (خالق) و (مەخلوق) دا هەیە، لەدینی ئیسلامدا کاتێک ئێمە نوێژ دەکەین نوێژکردن دوو دیوی هەیە دیوێکی بینراو کەدەکرێت هەمو مرۆڤەکان تەماشای بکەن و بیبینن، بەڵام دیویکی قوڵ و نەبینراوی ڕۆحانی و ڕەمزیشی هەیە کەتەنها ئێمەی موسڵمان دەرکی پێدەکەین، بۆیە دەبینین کاتێک کەسێکی موسڵمان نوێژدەکات دەگری، بەڵام کەسێک کەباوەری بەئیسلام نیە کەلەڕوکەشدا سەیری دەکات ڕەنگە ئەمە بەشتێکی زیادە بزانێت و بڵێت ئەم هەستان و دانیشتن و گریانە هیچ مانایەکی تێدا نیە، چونکە ئەو هاوبەش و ئەندام نیە لەومانایەدا ئەو ڕازەی لەدڵی موسڵمانەکەدا هەیە لەدڵی ئەودا نییە.

دەستوور : ئێوە دەڵێن دەبێت ببنە ئەندام ئینجا لەو دیوە قوڵە تێدەگەن، ئایا بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەندامبوونە پێویستی بەخوێندەواری و شەهادەو ئەوشتانە دەبێت ؟ یاخود نەخێر تێگەشتنێکی گشتییە و هەموو کەسێک دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە ببێتە ئەندام ؟

م . تەحسین : ئەم ئەندامبوونە پەیوەندی بەبابەتەکانەوە هەیە بۆنموونە ئەگەر لەبابەتێکی دینی و مەعریفیدا، ئاخر مەرج نیە تەنها بابەتەکان عیبادەت بن کابرا دەبێت ئاستێکی فکری و فەلسەفیشی هەبێت، تاکو ببێتە ئەندام لەو بابەتەدا، بەڵام لەبابەتە شهودیەکاندا وانیە ڕەنگە نەخوێندەوارێک باشتر بێت !

دەستوور : مەبەست لە بابەتە شهودیەکان چیە ؟

م . تەحسین : مەبەستم ئەو بابەتەیە کە پەیوەندی بە خوێنەواری و نەخوێنەواریەوە نییە بۆ نموونە ئیمان، خۆشەویستی خوا ( حسب الله ) خشوع کەلەدڵی ئینساندا دروست دەبێت، ئەمانە پەیوەندی بە مەعریفەوە نیە، ئەسڵەن ڕەنگە زۆرجار مەعریفە ببێتە بەربەست و ڕێگر لەبەردەم ئەمەدا پەردەیەک دروست بکات بۆ بەئەندامبوون لەم یاسایانەدا، چونکە زۆرجار مەعریفە گومان دروست دەکات و دەبێتە لەمپەر لەڕێگەی ئەوەی کە ئەو کەسە ببێتە ئەندامێکی چاک لەو بابەتەی کەهەڵگری دەلالەتە، لەبەر ئەوەیە کەپەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیە هەندێکجار خوێندەواریی دەوێت و هەندێکجار نەخوێنەواریی، بەڵام زۆربەی جار خوێنەواریی ناوێت، چونکە بابەتە شهودیەکان بابەتێکی قوڵن و پەیوەندی بەمەعریفەوە نیە، وەک ئەوەی دەڵێن (چیرۆکی دڵ نەک چیرۆکی عەقڵ ) لەبەر ئەوە زۆر جار بەئەندامبوون لەم بەشەیاندا پێویستی بە خوێنەواری مەعریفەوە نیە ڕاستە دەبێت لەو بابەتە تێبگات بەڵام ئەو تێگەشتنە پەیوەندی بەخوێندەواریەوە نیە .

دەستوور : لەئێستا بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لەکەش و هەوا دروستبووە وادەی باران بارین دواکەوتوە، بۆئەم مەبەستە موسڵمانان بەپێی ئەو سونەتەی محەمەد ( د. خ ) بۆیان بەجێماوە نوێژەبارانە دەکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا لەشتێکی وەک باران بارین کە دەرەکییە لەگەڵ بابەتێکی وەک (نوێژکردن) کەدیوێکی دەرەکی هەیە دەکرێت بەشوێن ئەو دیوە قوڵەدا بگەڕێین ؟

م. تەحسین : بەڵێ بەدڵنیاییەوە، وەک هەموو سروتە ئاینییەکانی دیکە (نوێژە بارانەش ) دیوێکی قوڵی ڕەمزی و دەلالی تێدایە، کە هەتا من کەسەیری نوێژەبارانە دەکەم دیوێکی زۆر قوڵتری تێدا دەبینمەوە، هەتا لە هەندێ سروتی ئایینی دیکەش واتە دەتوانم بڵێم لەنوێژەبارانەدا مامەڵەیەکی زۆر ئیستاتیکی دەکرێت، تۆ ئەگەر سەرنجی نوێژەبارانە بدەیت دەبینیت جگە لەپارانەوەو دوعاکردن کە ئەوە کرۆکی دینەکانەو لەعیرفاندا پێی دەگوترێت (فقری زات)ی کە ئینسان هەست بەفەقیری و هەژاری خۆی دەکات، هەندێک مامەڵەی هونەری و ستاتیکی دیکە هەیە .بۆنموونە ئەو کەسانەی دەچن بۆ نوێژەبارانە جل و بەرگەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن یان ( ئیمامی ) نوێژەکە جلەکانی هەڵدەگێڕێتەوە . کە ئەمە مامەڵەیەکی هونەری وایە کە بەبۆچوونی من لە کەم لەسروتە ئاینییەکانی دیکەدا بوونی هەبێت! تۆ سەیر بکە هونەرمەندێک لەسەر تەختی شانۆ جلەکانی بەئاوەژو لەبەر کردبێت . چ دەلالەتێکی گەورە لەم بابەتەدا هەیە ! نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە هونەرمەند ئەو کەسەیە (لەڕاستیدا ئەمە دەچێتە ناو کایەی فەلسەفەی هونەریشەوە) کە بتوانێت خۆی دابڕێت لەخۆی . پێی خۆش نەبێت هەمو کارێک بکات هەتا یەکێک لە هونەرمەندەکان بەخۆمی وت ئەوکاتە هەست دەکەم هونەرمەندم کەبەفانیلەی عەلاگەوە لەبازاڕدا بگەڕێم، سەیر دەکەیت لە نوێژەبارانەشدا جلەکانی خۆی هەڵدەگێڕێتەوە . کە ئەمەش ڕەمزە بۆجارێکی دیکە لەدایکبوونەوە واتە خوایە گیان ئەوەی لەوەو پێش کردومانە لێیدەگەڕێین واز لە هەمو ئەوانە دەهێنین کەبوبویە ڕێگر لەڕێگەی ئەوەی ئێمە بتوانین ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ تۆبکەین، کە ئەگەر جلەکانیشمانە ئەوا جلەکانیشمان هەڵدەگێڕینەوە واتە لێرەدا مامەڵەیەکی زۆر دەلالیانەی قوڵ لەبابەتەکەدا هەیە، لەبە ئەوە هەرچی زیاتر لەڕووە ڕۆحیەکەوە ڕۆبچیت ئەزموونی ڕۆحی زیاتر دەکات، من کاتێک سەیری نوێژەبارانەکەم دەکرد هەزاران مرۆڤ دەگریان. ئەوە چیە وادەکات ئەو مرۆڤە ناوەوەی بێتە دەرەوە ؟ خۆشتێک لەدەرەوە نەهاتووە بسەپێنرێت بەسەریدا ڕێک هەرئەوەی ناخی خۆیەتی هەرئەوە هاتۆتە دەرەوە، وەک ئەوەی ئیمامی غەزالی دەفەرموێت گۆڕانیش ئینسانەکان ناگۆڕێت، ئەوەی لەناویاندا ئەوە دێتە دەرەوە.

لێرەشدا بەهەمان شێوە ئەوە دەبینین ئەوەی کەوایان لێدەکات ئەوە بابەتێکی گەورەیە کەوەرچەرخانی گەورەیان بەسەردا بهێنێت جگە لەوەش نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت. کە ئەگەر بشێت بڵێم وەک دینناسێک کە بیستو پێنج ساڵە دیراسەی دین دەکەم، بەتایبەت لەدینی ئیسلامدا لێکۆڵینەوە دەکەم، ئێمە لەئائی هەمو وەرچەرخانێکی گەردوونیدا جۆرێک لەسروتی ئاینیمان هەیە، بۆ نمونە هەتا ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەڕۆژدا بەسەر خۆردا دێت کاتێک خۆر کەمێک لەشاخ دێتە دەرەوە نوێژ دەکەیت، کەدەچێتە نیوەی ئاسمان نوێژێک دەکەیت، کەدەچێتە نیوەی دووەمی ئاسمان نوێژێکی تر دەکەیت، کە خەریکە ئاوا دەبێت نوێژ دەکەیت، لەشەودا لەبەیانی ڕۆژی ئایندەدا پێش خۆرکەوتن و دروستبوونی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە کە ڕۆژدەبێتەوە نوێژدەکەیت. هیچ وەرچەرخانێکی قوڵی گەردوونی نیە لەئیسلامدا کە نوێژو سروتێکی تایبەتی نەبێت، کاتێکیش کەگەردون دەگۆڕێت و باران نابارێت کە ئەمیش وەرچەرخانێکی گەورەی گەردونییە، لێرەش بەهەمان شێوە جۆرێک لەپەرستنمان هەیە کەدوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکی کەلەبەرچاوە بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا، لەگەڵ ڕەهەندێکی قوڵی ڕۆحی کە ئێمە مامەڵەیەکی قوڵی لەگەڵدا دەکەین کەئەو وەرچەرخانە گەردوونیە دەکەینە بیانوو بۆ ئەوەی ئەزمون و عیشق لەگەڵ خوای خۆماندا بگۆڕینەوەو، ڕازو نیازو هەژاری خۆمان پیشان بدەین، خۆمان کەشف بکەین. کەفەلسەفەکەی لێرەدایە مرۆڤەکان خۆیان کەشف بکەن ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ئەوە نیە شتێکی کەمی وەک بارانیشتان لێدەگرمەوە، ئاخر باران لەچاو ئەو هەمو نیعمەتە گەورەیەدا کەمە، کاتێک ئەمەتان لێدەگرمەوە ئیتر چیتان بەسەردێت دەی لەخۆتان بایی مەبن.

دەستوور : کەواتە ئێمە لەم فەلسەفەی کەشفەدا وانەیەکی قوڵ فێر دەبین.

م. تەحسین : بەڵێ لێرەدا ئیتر وانە ئەخلاقیەکانی ئەم مەسەلەیە زۆرگەورەن بۆ ئینسان، وەک وتم لەدایکبوونەوەیەکی نوێیان بۆدروستدەکات لەبەرئەوە پەیوەندیەکی ورد هەیە لەنێوان وەرچەرخانە گەردوونیەکان و سروتە ئاینییەکاندا کەلەهەموو دینەکاندا وایە، بەتایبەت دینی ئیسلام. بێگومان ئەزموونی ڕۆحی و مانای هاوبەش لەنێوان خواپەرستی و دینەکاندا دروستدەکات ئێستا خۆم گوێم لێبوو یەکێک لەقەشەکان دەیوت دەبێت دیندارانی هەموودینەکان دوعایەک بکەین کەئەم گۆڕانکاریە گەردونییەی کەدروستبووە خودا چارەی بکات، هەروەکو وتم نابێت وانە ئەخلاقیەکانی ئەم بابەتەمان لەیاد بچێت، واتە کاتێک کەژینگە تێکچووە دەرەنجامی کاری نائەخلاقی ئێمە بووە، لەگەڵ زەویدا ئەوەی کەهەرچی زیاتر بەکارهێنانی زەوی و پێکهاتەکانی و تێکدانی هاوسەنگی ئەم بوونەیە، ئەوەی کەئێستا فەلسەفەیەک دروستبووە بەناوی (فەلسەفەی ژینگە) کە چەندین فەیلەسوف لەدنیادا خەریکی ئەوەن کەبەداخەوە ئەو کایە هێشتا لەوڵاتی ئێمە دا لاوازە. زۆربەی زۆری ئەو فەیلەسوفانە باوەڕیان وایە بەتەکنەلۆجیا ڕێگری لەم تێکدانە ناگیرێت، چونکە تەکنەلۆجیا خۆی دەردەکە زیاتر دەکات، بەرهەمی زیاتر بەرهەمهێنانە کەچارە ناکرێت، چونکە زۆری بەرهەمهێنانە ئەم پشێوی و تێکدانەی دروستکردووە، بەڵکو چارەسەر بریتییە لە گەڕانەوە بۆچەمکە ئاینییەکان کەسەرەکیترینیان بریتییە لە قەناعەت، مرۆڤەکان بەبەشی کەمی خۆیان قەناعەت بکەن و هەوڵنەدەن هەرچی زیاتر بەدەستبهێنن و زیاتر بەکاربەر بن، ئەو زۆر بەکارهێنانە ئەوەی دروست کردووە، ئەوە نیە لەئێستادا فەلسەفەی ئیستهلاکیش دەرکەوتووە بۆیە زۆربەی عاقڵەکانی دونیا کەسێکی وەک سەید حەسەن نەسرو کاراسۆمی لەئێستادا کۆمەڵێک فەیلەسوفی گەورە هەن، کەخۆیان لەوکایەدا مەشغوڵکردووەو باوەڕیان وایە کەچارەسەری ئەم بابەتە تەنیا لەڕێگەی بنەماو پرانسیپە ئەخلاقیو مەعنەویەکانەوە دەبێت، چونکە لەڕاستیدا کاتێک لەتەکنەلۆجیادا دەڵێیت ڕێگری بکەن لەوەی دوکەڵی زۆر دەکات و بیگۆڕن بۆشتێکی دیکە کاتێک کەدەیگۆڕن بۆتەکنیکێکی دیکە ئەوەی تریش جێگرەوەیەکی خراپتر دەبێت لەسەر ژینگە، واتە کاتێک کەژینگە تێکچووە دیوێکی مەعنەوی لەم وجودەدا هەبووە ئەو دیوە ئەخلاقی



”خودا نەمردووە خانەنشین نەبووە خوا حزوری هەیەو دەبێت مامەڵەی زیندوانی لەگەڵدا بکەین“

”ئەگەر مرۆڤەکانی ئەمڕۆ مرۆڤی مەعنەوی گەڕابونایە، ئەو ئەزمەوە بێبارانیە دروست نەدەبوو“

# بۆ ١٢ هەزار خوێندکارەکە، پێشنیاری جۆراوجۆر هەیە، بەڵام بڕیار نییە

## هەوڵدەدرێت ڕێژەیەکی زۆریان لەپەیمانگاکان وەربگیرێنو بەشێکیشیان لەبواری سەربازیدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە

**بورهان قادر لەهەولێر**

چەندین پێشنیار بۆ ١٢ هەزار خوێندکارە وەرنەگیراوەکە لەئارادایە، بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە، ناڕەزایی دەربڕینەکانیش لەدژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو حکومەت بەردەوامە.

دوای ڕاگەیاندنی ناوی خوێندکارانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی، نزیکەی ١٢ هەزار خوێندکار ناویان لەهیچ زانکۆو پەیمانگەیەک نەهاتەوەو وەزارەتی خوێندنی باڵا هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ کەمی نمرەو نەبوونی شوێن.

بەهۆی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە تەواوی ئەو خوێندکارانەی شەشەمی ئامادەیی نمرەکانیان لەبەشی وێژەیی ٦٤و نیو و ئەوانەشی لە ٥٩ لەبەشی زانستی بەخوارەوەن وەرنەگیراون.

ناڕەزاییەکان لەدوای بەردبارانکردنو تێگرتنی سێو لەبینای وەزارەت تائێستاش بەردەوامە، کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و حکومەتیش لەوبارەیەوە بێ ئەنجامە.

عومەر نورەدینی سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات تائێستا حکومەت و پەرلەمان نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک و هیچ بڕیارێک نەدراوە، بەڵام پێشنیاری جۆراو جۆر خراوەتەڕوو.

نورەدینی وتی "پێشنیارکراوە لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان ڕێگەی وەرگرتن زیادبکرێت، تا چەند هەزارێکی تر لەزانکۆو پەیمانگەکانو زانکۆ تایبەتەکان وەربگیرێن".

دەڵێت پێشنیاری ئەوەشکراوە بەشێکیان لەکۆلێژی پۆلیسو کۆلێژی سەربازی خولیان بۆ بکرێتەوەو پاشان بکرێنە ئەفسەر. پێشنیارێکی تریش کراوە کە وەزارەتی کار خولیان لەبواری پیشەیی بۆ بکاتەوە، پێشنیارێکی تریش ئەوەیە کە لەساڵی داهاتوودا تاقیکردنەوە بکەنەوە.

نوەردینی وتی "ئەوانە هەمووی پێشنیارن و گفتوگۆی لەسەرکراوە تا لەداهاتوودا لەگەڵ حکومەت باسبکرێتو بڕیارێکی لەسەر بدرێت".

گەیلان فاروق دەرچووی بەشی وێژەیی بەهۆی ئەوەی نمرەکەی تەنها ٥٨ بووە، ئێستا لەماڵەوەیەو لەهیچ کۆلێژو پەیمانگەیەک وەرنەگیراوە. وتی "ئەو نمرەیەی من هێناومە بەدەرچوو دادەندرێت بۆیە حەقوایە حکومەتو پەرلەمان یاسای هەبێت بۆ خوێندکارانی وەکو ئێمە، نەوەک هەروا بەئاسانی بڵێ وەرناگیرێن".

گەیلان وتی "من باری داراییمان خراپ بووەو جگە لەوەی نەمتوانیوە مامۆستای تایبەت بگرم زۆربەی ڕۆژەکان لەدوای دەوام کرێکاری و ئیشی ترم کردووە تا مەسروفی ڕۆژانەی خۆم پەیدابکەم، بۆیە مافی خۆمە وەربگیرێم".

گەیلان وتی هەموو ڕێگەیەکی شیاو دەگرێتەبەر تەنها بۆ ئەوەی لەشوێنێک وەربگیرێتو لەخوێندن بەردەوام بێت.

عومەر نوەردینی پێیوایە دەرکردنی یاسای تایبەت پێویست نییە، چونکە بەگوێرەی یاسای وەزارەتی خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی قبوڵکردنو جێبەجێکردن دراوەتە وەزارەت. وتی "بۆیە نەپێویستی بەیاسایە نەپێویستی بەبڕیارێکی تایبەت لەپەڕلەمان هەیە دەربکرێت. بەڵام پێویستە بایەخ بەو کێشەیە بدەینو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین".

فوئاد عەلی ئەمینداری ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەڵێت ئەو کێشەیە تەنها کێشەی ئەوان نییە، وتی "ئەوە کێشەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە و پلاندانان و ئاوەدانکردنەوەشە، بۆیە چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە تا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، چونکە کورسی خوێندنمان بۆ ئەو هەموو خوێندکارە نییە".

وتی "لەکۆبوونەوەکاندا باسمان لەکردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و دامەزراندن و کەرتی تایبەت و چارەسەری تر کردووە".

سەبارەت بەوەی کەئێستا هەزاران دەرچووی زانکۆ بێکارنو دانەمەزراون چۆن ئەوانەی کەدەرچووی شەشی ئامادەیینو ژمارەشیان زۆرە چارەسەریان بۆ دەکەن. فوئاد وتی "من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە".

عیرفان عەزیز سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکان لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند ئەوانەی کێشەی وەرنەگرتنیان هەیە ١٣ هەزار خوێندکارن.

ئاماژەی بەوەشدا کەلەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا دانیشتینو نەگەیشتینە ئەنجامێکو دواتر لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەتەوە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کۆنفرانسێکیان بەستووە، وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردەو پلاندانانو کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نوێنەری سەرۆکی حکومەتو پەرلەمان لەوێ گەیشتینە چەند ڕێککەوتنێک بەشێوازێک کەئەنجومەنێک پێکبێنین لەو لایەنانەی کەئامادەبوون، ئەو ئەنجومەنەش ئیش لەسەر فراوانکردنی بازنەی وەرگرتنی خوێندکارانو قوتابیان بکات لەناوەندەکانی خوێندن، وتی "پێشنیارمان کردووە کەپەیمانگەو بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەکو ئێوارانیش بکرێتەوەو تازۆرترین لەو قوتابیو خوێندکارانە وەربگرێن".

عیرفان عەزیز گەشبینی خۆی نیشاندا لەوەی بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری ئەو پێشنیارانە. بەڵام وتی "هێشتا کۆتایی بەوکارانە نەهاتووەو بەردەوامین لەهەوڵەکانمان، چونکە دەڵێن دەبێت ١٠٠٪ وەربگیرێن".

دەربارەی بەردەوامیو ئەگەری چارەسەرنەکردنی سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکاریەکان وتی "ئەگەر چارەسەرنەبوو ئەوا ئێمە پەیامی خۆمان دەدەینە سەرۆکایەتی هەرێم".

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ قسەیەکی لەوبارەیەوە نییە، وتی "ئەوانە هەمووی پەیوەندی بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە".

نوەردینی دەربارەی ئەوەی کە ئایا فشار دەخەنە سەر حکومەت تا زانکۆی زیاتر بکاتەوە وتی "فشار یەکێکە لەهەوڵەکانو ئەوەیە کەئەو پەیمانگایانەی کەبەیانیان هەن بەهەمان ستاف ئێوارانیش بکرێنەوەو پەیمانگەی زیاتریش بکرێنەوە".

هەروەها وتی کە لەهەوڵی جدی دا دەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو وتی "فشاری زیاتر دەکەینو ئومێدیشمان هەیە کە شتێک بکرێت".



هیچ هەوڵێکی دڵخۆشکەر بۆخوێندکارە وەرنەگیراوەکان نییە

# قیرەی خوێندکار لەزانکۆ نابڕێت

## لەباڵاترین ئاستی زانستیدا، خوێندکارە گەورەکان قیرەی قاز لەخوێندکارە تازە وەرگیراوەکان دەکەن

**ئاراز محەمەد**

خوێندکارانی دواقۆناغی زانکۆی سلێمانی، ئەمبەروئەوبەری ئەو شەقامەیان گرتبوو، کەخوێندکارە تازە وەرگیراوەکان پێیدا تێپەڕدەبوون، بەڵام کارئاسانیان بۆخوێندکارەکان نەدەکرد، بەڵکو وەکو "قاز" مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن.

لەناوەڕاستی ئەو شەقامەی خوێندکارە تازە وەرگیراوەکان پێیدا تێپەڕدەبوون، بۆ مامەڵەی وەرگرتنیان لەزانکۆ، قیرەی خوێندکارانی قۆناغەکانی دوو تا دواقۆناغی زانکۆ "سەعاتە ڕێگایەک دەڕۆیشت"، بەبێ ئەوەی سڵبکەنەوە. وەک ئاماژەیەک بەوەی ئەوان وەکو "قاز" وانو سەرەتای زانکۆیانەو هیچ شتێک لەبارەی زانکۆوە نازانن.

ساڵانێکە بەکارهێنانی قیرەی قاز لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بووە بەمۆدێل کەبەرامبەر ئەو خوێندکارانەی کەتازە لەزانکۆ وەردەگیرێن بەکاردەهێنرێت.

ئەمساڵ بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە ئاسایشو پۆلیس بۆ ناو زانکۆ هێنران، بەڵام ئەوەش نەیتوانی ئەوە بنبڕبکات.

خوێندکارنی قۆناغی یەکەم (تازە وەرگیراو) لەزانکۆ، ئەوە بەجۆرێک لەگاڵتەپێکردن دەزانن، خوێندکارانی قۆناغەکانی تریش بەتۆڵەکردنەوە ناوی دەبەن.

لەشکر خوێندکارێکی قۆناغی تازە وەرگیراوبوو، وتی"هەرچەندە زانکۆ جێگای زانستو فێربوونە، بەڵام تاڕادەیەک ئاساییە کە (قیقم) لێبکرێت". لەشکر وتی"منیش بچمە قۆناغەکانی تر قیق لەخوێندکاران دەکەم".

ئەحمەد حەمید قۆناغی دووەمی ژمێریاری، لەکۆلێژی کارگێڕیو ئابووری، بەر لەهاتنی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم، خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو کە قیرە لەخوێندکارە تازە وەرگیراوەکان بکات.

ئەو وتی"قیق تەنیا بۆ خۆشیی خوێندکارەکانی قۆناغی یەکەمە کەدێن شارەزای هیچ نینو وەکو قاز سەرسووڕ دەدەن".

ئەحمەد خۆی کاتێک خوێندکاری قۆناغی یەکەم بووە، قیقی لێکراوە، بۆیە ئێستا وەک تۆڵەکردنەوەیەک قیق لەخوێندکاری تر دەکات.

ساڵانە چیرۆکی سەیرو سەمەرە لەخوێندکارانی تازە وەرگیراو لەزانکۆو پەیمانگاکان دەگێڕدرێتەوەو هەندێک کات دەگاتە حاڵەتی شەڕو سکاڵاکردن لای ڕاگرایەتی کۆلێژو سەرۆکایەتی زانکۆ.

هێمن ئیسماعیل، خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆی سلێمانی، وتی"ئەمساڵ ڕێگای W.C مان بەچەند خوێندکارێک نیشاندا، ساڵی پاریش وێنەی قازمان بەرز دەکردەوە".

ئەحمەد وتی"پار کاتێک قیقیان لێکردم من گەنمم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆئەوەی ڕووەو خوێندکارەکان بیهاوێژم".

دوێن بەختیار کچە خوێندکارێکی تری تازە وەرگیراو، وتی"لەکاتی موباشەرەدا بەشێوازێک پێشوازیم لێکراوە لەوەرگیرانم پەشیمانم".

ئەو وتی"ئەگەر کەسێک لەبنکەی ئەکادیمیدا بێتو قیقە لەخەڵک بکات، دەبێت لەدەرەوە چۆن بێت؟".

شەیما عەلی کچە خوێندکارێکی قۆناغی چوارەمی مێژوو وتی ئەو دیاردەیە توندوتیژی لێکەوتووەتەوە، تەنانەت زۆر هەڵسوکەوتو مامەڵە ئەنجامدراوە، کە لەزانکۆ ناوەشێتەوە.



چەند خوێندکارێک "قیق" لەتازە وەرگیراوەکان دەکەن

www.arsivakurd.org

# "کەڵەشاخ خوێنی پیس لەجەستەدا دەرناکات"

## د. نزار محیەدین پسپۆڕی گشتی نەخۆشییە هەناوییەکان بۆ دەستوور

بێستون فەتاح لەسلێمانی:

**د.نزار محیەدین پسپۆڕی گشتی نەخۆشیە هەناوییەکانو و مامۆستای پەیمانگای پزیشکی لەسلێمانی، دەڵێت کەڵەشاخ بۆ دەرکردنی خوێنی پیس لەجەستەی مرۆڤ لەڕووی تەندروستییەوە خراپە، وتی"چونکە لەڕێگەی کەڵەشاخەوە خوێنی پیس دەرناهێنرێت".**
**لەبارەی نەخۆشییەکانی خوێن بەتایبەت زۆربوونی خوێنەوە، وتی"ئەوانەی خوێنیان زۆرە پێویست دەکات هەفتەی ٤٠٠ سیسی یاخود بوتڵێکیان لێبگیرێت بۆ ئەوەی خوێنەکەی دابەزێتەوەو ئاسایی بێتەوە".**

**دەستوور:** خوێن وەک بەشەکانی تری جەستە تووشی گیروگرفت دەبێت لەڕووی تەندروستییەوە؟

**د.نزار:** بەڵێ خوێنیش وەکو هەموو بەشەکانی تری لەش تووشی گیروگرفت دەبێت کەهەندێک جار بەهۆی ئەو گیروگرفتانەوە ژیانی کەسەکە دەخاتە مەترسییەوە، یەکێک لەو گرفتانە وەستانی سوڕی مۆخی ئێسکە لەدروستکردنی خانەکانی خوێن لەگەڵئەوەی ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی کەم هەیە، بەڵام بەحاڵەتێکی مەترسیدار دادەنرێت، یەکێکی تر لەگرفتەکانی خوێن بریتییە لەکەمخوێنی بەهەموو جۆرەکانیەوە وەک کەمخوێنی ئاساییو تالاسیماو شیبوونەوەی خوێن کەبەهۆی خواردنی پاقلەوە دروستدەبێت، هەروەها نەخۆشی هیمۆفیلیاو نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی خوێنیش بووەتە دیاردەیەکی بەربلا□و بەتایبەتی لەڕەگەزی نێرینەدا کەوای لەهاوڵاتیان کردووە خوێن ببەخشن.

**دەستوور:** هەموو بەشەکانی خوێن بەیەکەوە تووشی گیروگرفتی تەندروستی دەبن؟

**د.نزار:** سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین خوێن بەشێوەیەکی سەرەکی لەدووبەش پێکهاتووە پلازماو خانەکان، خانەکانی خوێن پێکهاتووە لەخڕۆکە سپییەکانو خەپلەکانی خوێنو خڕۆکە سوورەکان کەئەو بۆیە سوورەی تێدایە کەپێی دەوترێت هیمۆگلۆبین کەڕەنگی سووردەبەخشێت بەخوێنو شلەیەکی لینجەو خەستییەکەشی سێ ئەوەندەی خەستی ئاوە، ڕێژەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن لەخانەکانی تری خوێن زیاترە هەر بۆیە ئەو ڕەنگە سوورە دەداتە خوێن، ئیشی خڕۆکە سوورەکان بریتیە لەگواستنەوەی ئۆکسجین کە بەهیمۆگلۆبینەکەوە دەنووسێت لەسییەکانەوە وەریدەگرێتو دەیگوێزێتەوە بۆ بەشەکانی تری لەش، خڕۆکە سپییەکانی خوێنیش هەڵدەستن بەبەرگریکردنی لەش لەتووشبوون بەنەخۆشیو هەروەها هەڵدەستێت بەهاوسەنگیکردنی خوێن لەبەرئەوەی خوێن نەترشە نەتفتە، خەپلەکانی خوێنیش یارمەتی خوێنمەیاندن دەدەن لەکاتی برینداربوونو خوێنبەربووندا، هەروەها چەند فاکتەرێک یاخود ڕیشاڵێک هەن لەپلازمای خوێندا دووبارە یارمەتی خوێنمەیاندن دەدەن لەکاتی خوێنبەربووندا، کەسێکی باڵق کەکێشی حەفتا کیلۆ بێت نزیکەی پێنج لیترو نیو خوێنی تێدایە واتە یانزە بوتڵ خوێنی تێدایە.

**دەستوور:** ئایا کردنی کەڵەشاخ لەڕووی تەندروستیو زانستییەوە تاچەند ڕاستە؟

**د.نزار:** لەڕووی زانستیەوە دوو جۆر نەخۆشیمان هەیە کەوا پێویست دەکات ئێمە خوێنبدەین یان فڕێیبدەین یەکەم جۆر ئەوانەن کەخوێنیان زۆرە ئەم کەسانەش وا پێویستدەکات هەفتەی ٤٠٠ سیسی یاخود بوتڵێکیان لێبگیرێت بۆ ئەوەی خوێنەکەی دابەزێتەوەو ئاسایی بێتەوە، جۆری دووەم بریتیە لەسستبوونی (دڵ)، (عجز القلب فوجائی) کەزۆرجار کەسی توشبوو هەست بەهەناسە تونگی دەکاتو پێویست دەکات لەوکاتەدا بوتڵێک خوێنی لێوەرگیرێت بۆئەوەی خوێنی زیادە نەگەڕێتەوە بۆ دڵی، بەڵام لەڕووی تەندروستییەوە کردنی کەڵەشاخ خراپە لەبەرئەوەی بۆ کردنی کەڵەشاخ هەڵدەستن بەبریندارکردنی چەند شوێنێک لەپێستی کەسەکە بەبیانووی بوونی خوێنی پیس، بەڵام بەهیچ جۆرێک خوێنی پیس نییە لەبەرئەوەی ئێمە دوو جۆر خوێنمان هەیە خوێنێکمان هەیە لەخوێنبەرەکان کە ئۆکسجینی تێدایەو جۆرێکی تریش لەخوێنهێنەرەکاندایەو ئۆکسجینی کەمەو دووەم ئۆکسیدی زۆرەو ڕەنگەکەی سوورێکی تۆخەو پیسە بەڵام ئەو خوێنە دەچێتەوە بۆ دڵو سییەکان پاکدەبێتەوە لەبەرئەوە کردنی کەڵەشاخ بەهەموو شێوەیەک لەڕوی زانستیو تەندروستیشەوە کارێکی باش نییە.

**دەستوور:** کەواتە خوێن زیادبوون بەنەخۆشی دادەنرێت؟



### کەڵە شاخ لەڕووی تەندروستیەوە خراپە

**د.نزار:** دووجۆر خوێن زۆریمان هەیە جۆرێکیان پێی دەوترێت خوێن زۆری ڕاستەقینە، جۆرەکەی تریشیان پێی دەوترێت خوێن زۆری ناڕاستەقینە، لەم جۆرەدا پلازمای خوێن کەمدەبێتەوەو خڕۆکە سوورەکان ژمارەیان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە بۆ نموونە لەو کەسانەدا کەئاو کەم دەخۆنەوە یاخود ئەو کەسانەی کەدەرمانی ڕەوانی وەردەگرن بۆ ئەوەی تووشی سکچوون بن یاخود ئەوانەی دەرمانی ڕشانەوە وەردەگرن بۆ ئەوەی تووشی ڕشانەوە ببن، لەم حاڵەتانەدا پلازمای خوێن کەمدەکاتو دەبێتەهۆی خەستبوونەوەی خوێن، بەڵام لەم حاڵەتانەدا پێویست ناکات کەسەکە خوێنی لێدەربهێنرێت بەڵکو بەچارەسەرکردن یاخود بەلابردنی ئەو دەرمانانە خوێنی کەسەکە ئاسایی دەبێتەوە، خوێن زۆری ڕاستەقینەش دووجۆرە جۆرێکیان پێی دەوترێت سەرەتایی کەهۆکارەکەی نەزانراوە، بەڵام زیاتر پەیوەندی هەیە بەزیادبوونی خڕۆکە سوورەکانەوە لەمۆخی مرۆڤدا ئەم نەخۆشییەش بەزۆری لەکەسێکدا ڕوودەدات کەتەمەنی لەسەرو چل ساڵیەوە بێتو لەپیاویشدا زیاترە وەکو لەئافرەتدا، جۆری دووەمی زیادبوونی خوێنی ڕاستەقینەیە بەهۆی مادەیەکەوە ڕوودەدات کە لەناو گورچیلەدا دروستدەبێتو دەبێتەهۆی زۆربوونی خوێنەکە.

# کەمبوونەوەی هۆرمۆن هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی توانای سێکسییە

ئیلهام عەبدوڵڵا

**دکتۆر هیوا ئەبوبەکر حسێن پسپۆڕ لەبواری کۆئەندامی زاوزێ، لەم چاوپێکەوتنەی دەستوور بەوردی لەسەر هۆرمۆنو ئەرکو کاری هۆرمۆن لەنێرینەدا دەدوێت.**

**دەستوور:** هۆرمۆنی نێرینە چییە؟ ئیشی چییە لە مێینەدا؟

**د. هیوا:** هۆرمۆنی نێرینە واتا (Androgen)، پێکهاتەیەکی کیمیاوییە کە بەشێوەیەکی سەرەکیو بەزۆری لەنێرینە واتە پیاودا دەردەدرێت، بەڵام لەڕەگەزی مێینەشدا کەمێک دەردەدرێت کەڕۆڵی گرنگی هەیە لەڕێکخستنی کرداری هێلکەدانو ڕاگرتنو پتەوکردنی ئێسقان لەئافرەتدا، هەروەها ڕاگرتنی باری دەروونیو هۆشو عەقڵی ڕەگەزی مێ لەگەڵ هەڵسوکەوتی سێکسی لەمێینەدا. ئەم هۆرمۆنە بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕژێنەکانی سەرگورچیلە دەردێن، لەهێلکەدانەکان لەگەڵ ئەوەی بەشێکی کەمیان لەسوڕی خوێندا لەبەر ئەنجامی چەند گۆڕانکارییەکی کیمیاویدا پەیدادەبن.

ئەم هۆرمۆنە بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕەگەزی نێرینەدا هەیە بۆیە لەم ڕەگەزەدا ئیشی زیاترە، بەڵام لەڕەگەزی مێیینەشدا هەیە بەشێوەیەکی کەمتر، ئیشی گرنگی هەیە لەڕەگەزی مێینەدا بۆیە کەمیی یان زۆریی ئەم هۆرمۆنە لەڕەگەزی مێینەدا کێشەی تەندروستی بەدواوە دێت.

**دەستوور:** ڕێژەی نۆرماڵی ئەم هۆرمۆنە چەندە لەمێینەدا؟

**د.هیوا:** لەڕاستیدا ئەم هۆرمۆنە چەند شێوەیەکی هەیە لەخوێندا کەهەریەکەیان ڕێژەیەکی دیاریکراوی هەیە کەئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی قۆناغی سوڕی مانگانە لەئافرەتداو ڕێژەی ئەم هۆرمۆنە جیاوازە لەتەمەنی گەنجیدا لەگەڵ تەمەنی نەمانی سوڕی مانگانە لەمێینەدا.

بەنموونە شێوەیەکی ئەم هۆرمۆنە پێیدەوترێت




DHEAS ڕێژەکەی لەخوێندا ٦-٤ مایکرۆگرامە لەهەر میللی لیترێکدا.

**دەستوور:** تێکچوونی ئەم هۆرمۆنە یاخود کەمی ئەم هۆرمۆنە چۆنە لەڕەگەزی مێینەدا؟

**د.هیوا:** ئەم هۆرمۆنە لەگەڵ هۆرمۆنی مێینەدا (Estrogen) لەچوارچێوەیەکی تەریبدان واتە هەریەکەیان لەئاستێکی گونجاودان کەمیی یان زۆریی هەریەکەیان دەبێتەهۆی تێکچوونی ئەویتریانو لەدەرئەنجامدا دەبێتە هۆی تێکچوونی باری هۆرمۆنی لەڕەگەزی مێینەدا.

**دەستوور:** لەو کێشە تەندروستیانەی کە لەلاشەی مێینەدا ڕوودەدات لەدەرئەنجامی کەمی ئەم هۆرمۆنە؟

**د.هیوا:** کەمی ئەم هۆرمۆنە لەڕەگەزی مێینەدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای سێکسو تێکچوونی باری دەروونیو بڕیاردان لەمێینەدا، لاوازبوونو کەمبوونەوەی ئەستوری ئێسک لەمێینەدا بەتایبەت لەو ئافرەتانەی کەسوڕی مانگانەیان نەماوە کەمی ئەم هۆرمۆنە هۆکارێکی سەرەکی شکانی ئێسکی حەوزو بڕبڕەی پشتە. بەڵام زۆری ئەم هۆرمۆنە بەشێوەیەکی سەرەکی لەدیاردەی لەکارکەوتنی هێلکەدانو دروستبوونی کیسی هێلکەداندا دەردەکەوێت کەبەنەخۆشی کیسی هێلکەدان یان (PLOS) ناسراوە ئەم حاڵەتە هۆکاری سەرەکی نەزۆکیە لەڕەگەزی مێینەدا، ئەوانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن ئەگەری توشبوونیان هەیە بەنەخۆشی شەکرەو نەخۆشییەکانی دڵو بۆرییەکانی خوێن

# سەردانی نەخۆش دەکرێت بەیەک ڕۆژ

## لەڕۆژێکدا ١٥٠ کەس سەردانی نەخۆش دەکەن لەنەخۆشخانەی فێرکاری شاری سلێمانی

دەستوور

بەهۆی زۆری ڕێژەی سەردانیکەرانی نەخۆشەوە، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی بڕیاریداوە، سەردانی نەخۆش لەهەفتەیەکدا بکرێتە یەک ڕۆژ، زۆرینەی هاوڵاتیانیش ئەوە بەبڕیارێکی شیاو دەزانن.

لەنەخۆشخانەکاندا ئەو نەخۆشانەی کە بەبڕیاری پزیشک دەمێننەوە، هاوەڵێکیان لەگەڵدا دەبێت، بەڵام ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری کەسوکاری نەخۆشەکان سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانیش بڕیاریداوە سەردانی نەخۆش بکاتە یەک ڕۆژ لەهەفتەیەکدا.

بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕی نەخۆشخانەی فێرکاری شاری سلێمانی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی"نەخۆشخانەکەمان بەبەردەوامی نزیکەی ٣٠٠ نەخۆشی تێدایە، بۆیە نەخۆشخانەکەمان توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو سەردانکەرەی نییە بۆ لای نەخۆش".

هەورەها وتی"بڕیاردراوە لەمەودوا لەهەفتەیەکدا تەنها لەیەک ڕۆژدا مواجەهە هەبێت، ئەویش بکەوێتە ڕۆژی هەینی".

ئاماژەی بەوەشدا ئەوانەی ئێستا لەڕۆژێکدا سەردانی نەخۆش دەکەن، زیاتر لە ١٥٠٠٠ هاوڵاتی دەبن، وتی"نەخۆشخانەکانیش بەرگەی ئەو ژمارە زۆرەی هاتنی هاوڵاتیان ناگرن".

ئەو وتی"ئەوەی زیاتر ئێمەی نیگەران کردووە ئەوەیە نەخۆش هەیە لەڕۆژی سەردانندا زیاتر لە ١٠ هاوڵاتی سەردانی دەکەن، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری منداڵیشدا".

د. سەرنج مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی بوونی ئەو دیاردەیەی بەنەشیاو زانی، وتی"سەردارنیکردن بەو شێوەیە کارێکی سەیرەو لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدیاردەیەکی نەگونجاو پێوانە دەکرێت".

دانا رووف فەرمانبەرەو لەلای نەخۆشەکەی هاوەڵەو بێزاریی خۆی لەسەردانی زۆری هاوڵاتیان بۆ نەخۆشخانە دەربڕی، وتی"ئەوە نەریتێکی عەشایەرییەو پێویستە هاوڵاتیان خۆیان لێ بەدووربگرن".

ئەو هاوڵاتییە پێی باشە سەردانی نەخحۆش لەنەخۆشخانە هەر نەمێنێت.

بەپێی بڕیارەکەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی، نەخۆش تەنها لەڕۆژانی هەینیو لەکاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تاکو کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بۆی هەیە سەردانی نەخۆش بکات.

پەروین کەریم فەرمانبەرەو لەبەردەم دەرگای سەرەکی نەخۆشخانە وەستاوبوو بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن سەردانی نەخۆشەکەیان بکات، وتی"ئەو بڕیارەم پێباش نییە، چونکە خەڵکی واهەیە لەقەزاو ناحییەکانەوە دێت لەوڕۆژەدا پێیناکرێت، بەڵام باشتروایە ڕۆژی سەردان لەڕەگەزی نێرو مێ جیابکرێتەوە".

# گەورەترین هەڕەشە لەسەر ژینگەی کوردستان هەیە

## لەکوردستان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە مەترسی بوونبەبیابانی ڕووبەرێکی فراوانی زەوی دەکرێت

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

شارەزایانی بواری ژینگەو کەشوهەوا ترسی خۆیان لەسەر تێکچوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان نیشاندەدەنو بێپلانی حکومەتیش لەڕووی گوێنەدان بەکەشوهەواو ژینگەوە بەمەترسی گەورە دەزانن.

**کارگەکانی کوردستان نایاساین**

لەکوردستاندا بەهەزاران کارگەی جۆراوجۆر لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەی پێدەدرێت، بەبێئەوەی ڕاوێژ بەدەستەی پاراستنی ژینگە بکرێن، ئەوەش بەگەورەترین مەترسی بۆ سەر ژینگەی کوردستان دادەنرێت.

پسپۆران و شارەزایانی بواری ژینگە لەکوردستان دەڵێن بەپێی یاسا دەبێت هەر کارگەیەک لەکوردستاندا دادەمەزرێت، مۆڵەت لەدەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە وەربگرێت، بەڵام لەکوردستاندا حکومەت گوێ بەوە نادات.

شەماڵ موفتی ڕاوێژکاری بواری ژینگەیی لەکوردستان، پێیوایە گەورەترین گرفتی ژینگەیی لەکوردستاندا جێبەجێنەکردنی یاسای ژینگەییە، لەبەرئەوە یەکێک لەکارە گرنگەکان ئەوەیە دەبێت هەر پرۆژەیەک کەدەکرێت مۆڵەتی ژینگەیی بدرێتێ.

موفتی وتی"هەر کەسێک بیەوێت کارگەیەک دابمەزرێنێت، دەبێت سەرەتا ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات کەپێیدەوترێت (EIA)، کاتێک دەچێت بۆ وەزارەتی ژینگە یان دەزگای ژینگە، لەوێ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لەبەر ڕۆشنایی بەڵێننامەو ئەو ڕاپۆرتەی کەپسپۆڕان بۆ ئەو کەسەیان کردووە، ئیتر کارگەی چیمەنتۆیە یان دروستکردنی شارێک و گوندێکە...، ئەوان بڕیار دەدەن کەپەسەنددەکرێت یان نا".

بەڕای ئەو ڕاوێژکارە مۆڵەتی شارەوانی لەسەر پرۆژەکان و دروستکردنی کارگەکان شتێکی ترەو جیاوازە لەڕێگەپێدانێکی ژینگەیی، وتی"بەداخەوە ئەمەیان لەهەرێمدا ناکرێت، کاتێک ئوتێلێک یان شارێک یان گوندی ئەڵمانی و ئیتاڵی دروستدەکرێ بەئێمە ناڵێن".

موفتی ئاماژەی بەوەدا کەبەکارهێنانی زەوی بەپێی یاسا ئیشی ژینگەیە، بۆیە دەبێت ژینگە بڕیاری خۆی بدات، وتی "بەڵام یاسای بەرهەمهێنان تەداخولی زۆر گەورە دەکات".

هەروەها وتی "بۆ دەرهێنان و لێدانی بیری نەوت دەبێت ڕەزامەندی ژینگەیی هەبێت بەگوێرەی یاسا، بەڵام ئەوانە لەهەرێمی کوردستاندا ناکرێت ".

محەمەد مەحوی لێپرسراوی فەرمانگەی پاراستنی ژینگە لەپارێزگای سلێمانی، وتی "ئێمە ناتوانین نەهێڵین کارگەکان و پرۆژەکانی بەرهەمهێنان دروستبکرێن، بەڵام ژینگە چی دەکات بۆ پاراستنی ئەو حاڵەتە، با کارگەکان دروستبکرێن، بەڵام بەمەرجێک نەبێتەهۆی ئەوەی ژینگە تێکبدات، ئەویش بەجیاکردنەوەی شوێنی پیشەسازی و دورخستنەوەی لەشارەکان و دانانی پێداویستییە ژینگەییەکان، کەئەمانە ئەبنە هۆی پاراستنی ژینگە".

**تێڕوانینی حکومەت وەبەرهێنانەیە نەک ژینگەیی**

شەماڵ موفتی پێیوایە تێڕوانینی حکومەت لەکوردستاندا ئەوەندەی تێڕوانینێکی وەبەرهێنانەیە تێڕوانینێکی ژینگەیی نییە. وتی "حکومەت هەنگاوی بەرەو بەرهەمهێنانەکە ناوە، لەبەرئەوە قازانجێکی ڕاستەوخۆی بینراوی هەیە بۆ حکومەت، بەڵام بیرلەوە ناکەنەوە کە ١٠بۆ ١٥ساڵی تر ئەو شوێنانە خەڵک ناتوانێت تێیدا بژی، ئەگەر کارگەیەک بێت ئەوا دەوروبەری دەبێتە ئاوەدانی، بۆیە بەهۆی دوکەڵەوە کەس ناتوانێت تێیدا بژی ئەمە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بەهۆی پیسبوونی هەواو ئاوەوە، ئەوکات دەبێت دە ئەوەندی ئەو قازانجە بدرێت بەدەرمان".

موفتی ڕەخنەی ئەوە لەحکومەت دەگرێت کە لەدەرهێنانی نەوتدا حساب بۆ ژینگەو کەشوهەوا ناکەن، دەڵێت هەموو وڵاتان حساباتی خۆیان هەیە لەدەرهێنانی نەوتدا. بەڵام لەعێراق و کوردستان ئەو حساباتە نییە. وتی "دەبێت بزانرێت کاتێک نەوتەکە



دەرهێنانی بەرمیلێک نەوت (٧) بەرمیل ئاو خەسار دەکات

تەواودەبێت چین بەچین دایدەپۆشێتەوەو، بێگومان زیان لەجیۆلۆجیەتی زەوی دەدات، چونکە هەموو بەرمیلێک نەوت، ٧ بۆ ٨ بەرمیل ئاو خەسار دەکات".

ئەو وتی"حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە کەناوچەیەک دانراوە بۆ گەشتوگوزار دە ئەوەندەی نەوتەکە پارەت بۆ فڕێدەداو خۆی دەبێتە کارگەی پارە، بەڵام تۆ بێیت دارەکان ببڕیتەوە بۆ ئەوەی نەوت دەربێنی ئەی کەدوایی نەوتەکە تەواوبوو، ئەوکات ئەو شوێنە دەبێتە بیابانێک".

**لەجیهاندا عێراق خراپترین ژینگەی هەیە**

بەپێی توێژینەوەیەکی بەریتانی (مێرجس دۆت ئۆرگی)، کەتایبەتە بەکوالیێتی ژینگەیی شارەکان، لەهەردوو ساڵی ٢٠٠٩و ٢٠١٠دا

> لەکوردستاندا خۆڵ و خاشاک و ئاوەڕۆکان لەهەموو دیاردەکانی تر زیاتر کاریگەرییان هەیە لەسەر ژینگە

کراوەو بەپێی ٣٩ پێوەر، لەنێو ٢٠٣ شاری جیهاندا، ڤیەننا یەکەم شار دەرچووە لەڕووی هەبوونی هەموو پێوەرەکانی ژینگەوە، دواشاریش بەغداد دەرچووە.

شەماڵ موفتی وتی "بۆ پاراستنی ژینگە دەبێت پلاندانان هەبێت کەکۆمەڵێک پسپۆری تێدا کۆدەبێتەوە، هەر لەناحیەی هەندەسی و جوگرافی و جیۆلۆجی و سەرچاوەی ئاوو و ڕێگاوبان کەدەبێت ئەم حساباتانە بکرێت، بەڵام دەبێت شوێنی پیشەسازی دووربێت لەشارەکان و شوێنێکی جیاواز بێت، ئەو دوکەڵەی کەدەردەچێت دەبێت بەپێچەوانەی ئاراستەی دانیشتوانەوە بێت ئەمەش بەدیراسات دەبێت".

شەماڵ موفتی ئاماژە بەوە دەدات کەبەردەوامیی دوکەڵی کارگەو ئۆتۆمبێلەکان تەمەنی دانیشتووان بۆ دوو ساڵ و نیو کەمتر دەکاتەوە.

**هەڕەشە بۆ سەر ئاوی ژێرزەوەی کوردستان بەرێوەیە**

بەبۆچوونی شەماڵ موفتی دیاردەی ئاوەڕۆ کەراستەوخۆ دەچێتە ناو ئاوی ڕووبارەکانەوە، هەروەها پاڵاوتەی نەوت کەپۆخڵەواتەکەی دەخاتە ناو زەوییەوەو پاش ماوەیەک لەگەڵ ناخی زەویدا تێکەڵ دەبێت، دواتر خۆڵوخاشاکی شارەکانە کەبەپێی ئەوەی مادده کیمیاییەکان جیایدەکەنەوە هەموو ئەوانە دەچنە ناخی زەوییەوە، وتی" لەڕووی تەندروستییەوە تا پێنج کیلۆمەتر ئاوەکە بۆ هەتا هەتا شیاونابێت ".

هەروەها وتی"ئەوەش لەئایندەدا ناخی زەوی کوردستان هەمووی تەندروست نابێت".

یاسین ئەحمەد زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەدەستەی ژینگە بەدەستووری وت "لەکوردستاندا خۆڵ و خاشاک و ئاوەڕۆکان کە لەهەموو دیاردەکانی تر زیاتر کاریگەرییان هەیە، لەسەر ژینگە".

ئەو وتی"تائێستا لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا ڕۆژانە بەدەیان و هەزاران تەن خۆڵ و خاشاک بەشێوەیەکی نازانستی فڕێدەدرێت، بۆیە ئەمانە یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکانی پیسبوونی ژینگە لەهەرێمی کوردستاندا".

**حکومەت: پیسبوونی ژینگە لەئاستێکی زۆر بەرزدا نییە**

یاسین زەنگەنە دەڵێت لەکوردستاندا پیسبوونی ژینگە هەیە، بەڵام لەئاستێکی زۆر بەرزدا نییە، چونکە کوردستان وڵاتێکی پیشەسازی گەورە نییە.

هەروەها وتی "دەبێت حکومەت لەئێستاوە کار بۆ مەسەلەی ژینگە بکات، چونکە شارەکانی ئێمە بەردەوام گەورەو قەرەباڵغ دەبن، لەبەرئەوە هەموو گەورەبوونێکی شار ئەگەر بەپێی بەرنامەو پلانێکی داڕێژراو نەبێت ئەوا پیسبوونی ژینگەی بەدواوە دێ".

مەحوی لەبارەی شاری سلێمانییەوە، وتی"ژینگەی سلێمانی ساڵانی نەوەدەکان زۆر پاکتربووە لەچاو ئێستا".

یاسین زەنگەنە وتی کۆمەڵێک هۆکارمان هەیە کەبوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، هەندێکیان پەیوەندی بەکەسەوە نییە بۆ نمونە دیاردەی وشکە ساڵیی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەی هەیە لەسەر ژینگەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، دیاردەیەکی تر خۆڵبارین کەخۆی لەخۆیدا کاریگەی لەسەر ژینگە دروستدەکات و زیانی گەورەی هەیە.

هەروەها یاسین ئاماژەی بەدیاردەیەکیتر دا کەکاریگەری لەسەر پیسبوونی ژینگە هەیە، لەوانە زیادبوونی ئۆتۆمبێل بەبێ بەرنامە. وتی "ئێمە بەنووسراو لایەنی پەیوەندیدارمان لێئاگادارکردووەتەوە".

داوایکرد لەئاستی سەرۆکایەتی حکومەت بەرنامەیەکی کامڵ و تۆکمە هەبێت.

یاسین ڕەخنەی ئەوەی لەحکومەت گرت کەزۆرجار ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ

> شەماڵ موفتی: بەکارهێنانی زەوی بەپێی یاسا ئیشی ژینگەیە، بەڵام یاسای وەبەرهێنان تەداخولی زۆر گەورە دەکات

وەزارەتی تەندروستی تەرخانی دەکات بۆ ژینگە تەرخانی ناکات، وتی "ئەگەر ئەو پارەیە لەبواری پاراستنی ژینگەی شارو شارۆچکەکانماندا بەکاربهێنین، ڕێژەی نەخۆشی کەمدەبێتەوە، ئەو کاتە پێویستیت بەو پارانە نابێت کە لەچارەسەرکردنی نەخۆشیدا بەکاریدەهێنیت".

**ڕووبەری سەوزایی بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی نییە**

بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی ڕووبەری سەوزایی شارەکان بۆ هەبوونی ژینگەیەکی لەبار پێویستی بە ٢٠٪، بەڵام لەکوردستاندا بەپێی وتەی عەبدولڕەحمان سدیق وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق کەپێشتر بەدەستووری ڕاگەیاندبوو کە ژینگەی شارەکانی هەرێمی کوردستان لە ١٪ تێپەڕناکات.

محەمەد مەحوی لێپرسراوی فەرمانگەی پاراستنی ژینگە لەپارێزگای سلێمانی دەڵێت هۆکاری کەمی ڕووبەری سەوزایی بێ بارانییە، وتی "دەتوانم بڵێم هەندێک لەکێشە گەورکانی ئێمە کێشەی سروشتین، هەندێکی تریش کەبەهۆی مرۆڤ خۆیەوە دروستبووە وەکو زیادبوونی ئۆتۆمبێل چارەسەرنەکردنی زبڵ و خاشاک و ئاوەڕۆی شارەکانە کەئەمانە کێشەی سەرەکین".

مەحوی دەڵێت کاتێک ڕەزامەندی دەدەین بەکارگەیەک یان هەر پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بەڵێننامەیەکیان پێ پڕدەکەینەوە بۆ ئەوەی کەوا لە٢٥٪ پرۆژەکەی بکات بەسەوزایی، دواتریش لیژنەی تایبەتمان هەیە بۆ گەڕان بەسەر ئەو پرۆژانەدا واتە بەدواداچوون هەیە.

سەبارەت بەزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی محەمەد مەحوی وتی "زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی هەروا کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لەلای ئێمە، چونکە سەوزایی پێویستی بەئاوی باران دەبێت".

محەمەد مەحوی لێپرسراوی فەرمانگەی پاراستنی ژینگە لەپارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "کێشەی گەورە لەبواری ژینگە کەئێستا هەیەو خەڵکیش هەستی پێدەکات نەبوونی بارانە کەئەوە کاریگەری زۆر خراپی هەیە بۆ سەر ژینگە".

**ترسی بەبیابانبوونی خاکی کوردستان دەکرێت**

دارا حەسەن شارەزا لەبواری کەشوهەواو ژینگە، پێیوایە ڕووبەرێکی فراوانی خاکی کوردستان لەژێر مەترسی بیبانبووندایە، بەهۆی نەبوونی بارانەوە، ئاماژە بەوەشدەکات نەبوونی باران هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەیە.

دارا وتی "ئەو دیاردانەی کە بەهۆی تێکچوونی کەشو ئاوهەواوە دروستبوون وەک نەبوونی بارانبارین بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، مەترسییەکی گەورەیەو ترسی بەبیابانبوونی خاکی کوردستان دەکرێت".

هەروەها وتی بێبارانی کێشەی تریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر وا بڕوات لەساڵی ٢٠٣٠ بەدواوە ڕووباری دیجلە و فورات وشکدەبن وەک ڕووباری تانجەرۆ ئاوی تێدا نامێنێت. "ئەمەش کێشەیەکی ژینگەی خراپە بۆ ئایندەی وڵات".



# شاحینەیەک، چیاو سێ هاوڕێی لەیۆنان بەخنکان دا

## دایکی چیا: کوڕەکەم ئەو ڕێگایەی بەدزی ئێمەوە هەڵبژارد، داواکارم گەنجان بیر لەو ڕێگایە نەکەنەوە

**فەرمان چۆمانی**

چیا لوقمان کوڕی گەورەی خێزانەکەی، بەدزی ماڵی باوکییەوە لەڕانیەوە بەمەبەستی گەیشتن بە بەریتانیا بەڕێکەوت، بەڵام لەیۆنان لەناو شاحینەیەکدا خنکا. ئەو کۆچە بۆ چیا بوو بەکۆچێکی ئەبەدی.

چیا گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵ، دانیشتووی شاری ڕانیە، دوای ئەوەی بەرەو ئەوروپا ڕێگای گرتەبەر. لەوکاتەی کەدەیویست بەڕێگای قاچاخ لەئەسیناوە بڕوات بۆ ئیتالیا، بەرلەوەی شاحینەکە بەڕێبکەوێت لەگەڵ سێ کەسیتر لەناو شاحینەکەدا خنکا...

هاجەرە قادر دایکی چیا، بەجلێکی ڕەشەوە دەستە دەستە بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد، بەدەستووری وت"کوڕەکەم مارکێتی هەبوو لەناو بازاڕی ڕانیە، منو باوکی زۆر هەوڵماندا کەنەڕوات، بەڵام بەقسەی نەکردین".

هاجەرە بەبێزاریو دڵتەنگییەوە وتی"چیا بۆ خۆی کوڕی گەورە بوو لەماڵەوە و هەموو پرس و ڕایەکمان بەو بوو، لێرە لەهیچی کەم نەبوو".

پێشتر بەئاگاداری ماڵەوەیان چی هەوڵی ئەوەیداوە بەفڕۆکە بڕوات بۆ دەرەوە، بەڵام ئەو کارەی سەرینەگرتووە، بەڵام جارێکی تر بەدزی ماڵەوەیان ڕێگای قاچاخی هەڵبژاردووە.

دایکی چیا وتی"لەیۆنانیش کەقسەمان لەگەڵ دەکرد، زۆرمان پێوت وەرەوەو خەمی ئەو پارەیەت نەبێت کەخەرجت کردووە، بەڵام بێسوود بوو".

هەروەها دەڵێت ڕێگەی ئەوەیان لێگرتبوو کە بەشاحینە بڕوات، بەڵام چیا قسەی لەگەڵ خاڵێکیدا کردبوو لەبەریتانیا.

بەپێی وتەی کەسوکارەکەی، چیا ڕۆژی ١١/١٩ کاتێک ویستوویەتی لەیۆنانەوە بچێت بۆ ئیتاڵیا گیانی لەدەستداوە، بەڵام تا ڕۆژی ١١/٢٥ هەواڵی مردنەکەی بەکەس وکاری ناگات.

دایکی چیا کاتێک قسەی بۆ دەستوور دەکرد، وتی"کەئەو هەواڵەم بیست حەزم دەکرد منیش لەگەڵ کوڕەکەم خنکابام، بۆئەوەی ئەو هەواڵەم نەبیستایە".

هاجەرە داواکارە لەگەنجان بیر لەو ڕێگایە نەکەنەوە، وتی"ئەگەر هیچیشیان نەبێت بیخۆن، بەڵام ئێرە زۆر باشترە".

وەک کەسوکاری باسیان لێوەکرد، چیا سەرەتا بەهۆی هەژاری وازی لەخوێندن هێناوەو بووە بەپۆلیس، بەڵام دواتر مارکێتێکی لەڕانیە داناوە، بەوەش ژیانی زۆر باشبووە، بۆیەش دەستی بەخوێندن کردووەتەوەو لەپۆلی ٥ی وێژەیی خوێندوویەتی.

م. هەدیە یەکێکە لەهاوڕێ نزیکەکانی چیا، بەدەستووری وت "هەر کاتێک ڕەوشتەکانی ئەوم بیردەکەوێتەوە، مێشکم دەوەستێ، چیا کوڕێکی زۆر ڕەوشت بەرزبوو، هەموو نهێنییەکانی لای من باسدەکردو مێشکی من قەڵەمو کاغەزی نهێنییەکەی ئەو بوون".

ماهی قادر پوری چیا، دوو ڕۆژ پێش دایکی چیا ئەو هەواڵەیان بیستبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی برایەکیان لەئەوروپا هەواڵەکەی پێووتوون.

ماهی وتی"کاتێک چیا سواری شاحینەکە ببوو تەلەفۆنی بۆ خاڵی کردبوو، ئەویش وتبووی کاتێک گەیشتیە ئیتالیا تەلەفۆنم بۆ بکەوە، زۆر چاوەڕوان بوو هیچ هەواڵێکی نەبوو، تا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەنەخۆشخانەی ئەسینا تەرمی چیایان بینیبوو".

ناهیدە وتی"ئەو کابینەی ئەوانی تێدابوون، بەرلەوەی هەڵبکرێت، نەیانتوانیبوو دەرگاکەشی بکەنەوە و خنکابوون، بەڵام من داواکارم لەگەنجان بیر لەئەوروپا نەکەنەوە، وەک چۆن بۆ ئێمە بووە مەرگەسات، با بۆ خەڵکیتر نەبێتە مەرگەسات".



چیا لوقمان

پوری چیا لەکۆتاییدا وتی"چیا هەمیشە دەیگوت دەمەوێت بچمە ئەوروپاو وڵاتان ببینمو بێمەوە تا بزانم ژیان لەوێ چۆنە، کەچی نەگەڕایەوە".

# "دڵپیسی ژیانی هاوسەری دەکات بەدۆزەخ"

## پسپۆڕێکی دەروونی: دەبێت مامەڵەیەکی گونجاو و هەڵسوکەوتێکی شیاوو ڕێنمایی وەک چارەسەری دەروونی بۆ ئەو کەسانە بدۆزرێتەوە

**ژینۆ عەلی لەسلێمانی**

"هەموو کات کەکوڕێکی قۆز دەبینم سەرنجم ڕادەکێشێت، بەڵام پیاوەکەم بەهۆی ئەوەوە دڵی لێپیسکردووم"، شەنگە کەچەند ساڵێکە شووی کردووە وتی"دڵپیسی پیاوەکەم نارەحەتی کردووم".

ئەو ژنانەی کەپیاوەکانیان دڵی لێپیسکردوون ئاماژە بەوە دەکەن کەتەنها دڵپیسی ژیانی هاوسەری دەکاتە دۆزەخ، هەندێک لەئەوان بۆ ئەوەی پیاوەکانیان دڵیان لێپیسنەکات لەبەرچاوی پیاوەکانیان ئەو مامەڵەو هەڵس وکەوتە ناکەن کە بەدڵیان نییە.

شەنگە جەبار ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەردەمی کچێنیدا هەمووکات بیری لەوەکردبووەوە پێشئەوەی بڕیاری دروستکردنی ژیانی هاوسەری بدات، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کەئەو کەسەی دەبێتە هاوسەری دڵپیسە یان نا.

شەنگە وتی"زۆر دەترسام کەئەو کەسەی دەبێتە هاوسەرم دڵی پیسبێت، ئەگەرچی ئێستاش زۆرجار لەهەندێک شوێنو سەردانی تایبەتیدا تووشی ئەو حاڵەتە دەبم لەگەڵ هاوسەرەکەم، بەڵام هەوڵمداوە مامەڵەی خۆم بگۆڕم".

ئەو هەرکاتێک باسی جوانی کوڕێک بکات مێردەکەی توڕەدەبێت، بۆیە بڕیاریداوە لەمەودوا چیتر ئەوە دووبارە نەکاتەوە.

دڵپیسی بەلای توێژەرانی کۆمەڵایەتیو دەروونناسییەوە، بەیەکێک لەنەخۆشییە دەروونییەکان دادەنرێت، چارەسەریشی تەنها لەڕێگەی دەروونناسو بەڕێنماییو قسەکردن لەگەڵیداو ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی خێزان کۆتایی دێت.

یەکێک لەو تاقیکردنەوانەی زۆرینەی کچان ئێستا بەکوڕان دەیکەن پێش بڕیاردان لەژیانی هاوسەری، ئەوەیە بزانن کوڕەکە دڵپیسە یان نا.

ژیلان محەمەد تەمەنی ٢٠ ساڵ، ماوەی دووساڵە لەژیانی هاوسەریدایە، چیرۆکی خۆیو دڵپیسی پیاوەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت، لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا تووشی چەندین حاڵەتی ناخۆش بووە بەهۆی دڵپیسی هاوسەرەکەیەوە.

ژیلان وتی"دڵپیسی پیاوەکەم بەجۆرێکە کەناتوانم لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانم مامەڵە بکەم، چونکە بەوەی دەشوبهێنێ کەغیرەیەکی خۆشەویستییە".

سۆران کەریم دەروونناس وتی"ئەو کەسانەی تووشی دڵپیسی بوون، دەبێت نەخۆشەکە چارەسەری دەروونی بۆ بکرێت، ئەویش بەقسەکردن لەگەڵی گۆڕینی هەندێک هەڵسوکەوتی نێو خێزانو مامەڵەی ڕۆژانە".

سۆران دەڵێت هەندێک لەوانەی تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن، لەتەمەنی منداڵیدا بەهۆی مامەڵەی نادروستی خێزانەوە تووشی بوون، بەڵام نەخۆشییەکە تا ئەو ڕادەیە زۆر مەترسیدار دەبێت ئەگەر هەموو هەڵسوکەوتێکی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوە یان بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

ئەو وتی"دەبێت ئەو نەخۆشییە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا هەڵوەشانەوەی خێزانو کارەساتی جۆراجۆری بەدوادادێت".

ئەڵوەن کەریم دوای دووساڵ لەژیانی هاوسەری، لەسەر کێشەی دڵپیسیی جیابووەتەوە، وتی"لەو ماوەیەی کە لەژیانی هاوسەریدا بووم، زۆر بەناخۆشیی ژیانم بەڕێکردووە چونکە هەموو جوڵەیەکم لەو ماڵەدا هاوسەرەکەم شتێکی تێدا دەدۆزیەوە".

هاوسەرەکەی ئەڵوەن هەرکات بگەڕایەتەوە ماڵەوە پرسیاری ئەوەی لەژنەکەی دەکرد کەکێ سەردانی کردووەو بۆچی هاتووەو کەی ڕۆیشتووە. ئەوەش ئەڵوەنی ناچار کردووە بڕیاری جیابوونەوە بدەن.

ئەڵوەن وتی"دڵپیسی ژیانی هاوسەری دەکات بەدۆزەخ، ئێستاش بەهۆی دڵپیسی پیاوەکەمەوە تووشی قسەوقسەڵۆک و تانەو تەشەر بووم".



"پیاوەکەم بەجۆرێکە کەناتوانم لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانم مامەڵە بکەم"

# ڤیان ناوی خۆشەویستەکەی بەتێزاب لەسەر سنگی سڕییەوە

## "ئەوەندە خۆشمدەویست ناویم لەسەر سنگم نووسی، بەڵام بێوەفابوو بۆیە سڕیمەوە"



**نێرگز قادر لەکەرکوک**

ڤیان ئەوەندە "توانا"ی خۆشدەویست نەیدەزانی چۆن خۆشەویستی بۆ دەرببڕێت، تا ڕۆژێک بڕیاریدا ناوی خۆشەویستەکەی لەسەر سنگی بە "کوتان" بنووسێت.

ڤیانی تەمەن ٢٢ ساڵ، ماوەی چەند مانگێک وەک خۆی دەڵێت زۆر بەئاسوودەیی ژیاوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کوڕەی خۆشویستووە، بەڵام ئەو ئاسوودەییەی تەنها چەند مانگێکی خەیاندووەو کۆتایی پێهاتووە. دوای ئەوەی توانا جێیهێشتووە.

لەکوردستاندا زۆرجار ئەو کەسانەی کەخۆشەویستی دەکەن، قوربانیی بۆ خۆشەویستەکانیان دەدەن، چیرۆکی ڤیان یەکێکە لەو سەدان کچوکوڕەی چیرۆکی نهێنی بوون بە قوربانیی خۆشەویستەکانیان.

ڤیان چیرۆکی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت"هیچ شتێکم بەخەیاڵدا نەدەهات کە شایەنی خۆشەویستی ئێمە بێت، بۆیە ناوی ئەوم لەسەر سنگم نووسی". بەڵام تەنها چەند مانگێک دەخایەنێتو بەتێزاب ناوی لەسەر سنگی لادەبات.

ڕۆژێک ڤیان بیردەکاتەوە چی بکات بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەرببڕێت، وتی"بەدەرزی ناوی ئەو کوڕەم لەسەر سینگی خۆم نووسی". هەروەها وتی"ئەوەم بەباشترین شت زانی بۆ دەربڕینی خۆشەویستییەکەم". ئەو وتی"ئەوکات وامدەزانی دونیا هی منە، خۆشەویستەکەشم بەبیستنی ئەو کارە زۆری پێناخۆشبوو، بەڵام لەناچاریدا وتی دەستت خۆشبێت".

ئەو بەهۆی کوتانی ڕەشوو و دەرزییەوە ناوی خۆشەویستەکەی نووسیوەو دوای ئەوەی تێزابیشی پێوە کردووە ئاسەواری کوتانەکە بەشێکی هەر بەسینگییەوە دیارەو ئێستا لەناخەوە ئازاری دەدات.

ڤیان وتی"ئێستا زۆر خۆشحاڵم بەلابردنی ناوی خۆشەویستەکەم وەک چۆن سەرەتا خۆشحاڵبووم بەنووسینی". ئاماژەی بەوەشکرد کەئەو کوڕەی خۆشیویستووە، هاوڕێی براکانی بووەو ئەوەندە خۆشیویستووە ئامادەبووە خۆشی بۆ بکات بەقوربانی ئەگەر بەمردنیش بێت.

ڤیان بەردەوامبوو لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی، وتی"پەیوەندییەکەمان بەردەوامبوو چەندین مانگی خایاند، تاوەکو ئەوکاتەی بەهۆی هەڵەیەکی منەوە ئەو پەیوەندییە ئاشکرابوو، بەڵام ئەو زۆر بێوەفابوو نەیتوانی هیچم بۆ بکات، تەنانەت خۆشی نەکرد بەخاوەنی کێشەکەم لەکاتێکدا پەیوەندی بەئەویشەوە هەبوو".

ڤیان ئێستا پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت بەوەی لەپێناو تواناداا خۆی کردووەتە قوربانیو وتی"نەدەبوو ناوی بێوەفایەکم لەسەر سینگم بنووسیایە، چونکە شایستەی ئەوە نەبوو".

بێوەفایی خۆشەویستەکەی ڤیانی ناچارکرد بەتێزاب ناوەکەی لەسەر سینگی بسڕێتەوە. وتی"بڕیارمدا چۆن بەرگەی ئەوەمگرت ناوی بنووسم ئاواش دەبێت بەرگەی ئەوە بگرم کەلای ببەم، بۆیە بەتێزاب لامبرد".

هەروەها وتی"من زۆر ئاسوودەمو واهەستدەکەم ئەو کوڕە بوونی لەژیانم نەماوە کە دەیبینم واهەستەکەم داروبەردە".

تێبینی: ڤیانو توانا ناویان خوازراوە

کۆت:

بڕیارمدا چۆن بەرگەی ئەوەمگرت ناوی بنووسم ئاواش دەبێت بەرگەی ئەوە بگرم کەلای ببەم، بۆیە بەتێزاب لامبرد.

www.arsivkurdi.org

# پارتی لەچی دەترسێت...پارتی و چەمکی هاوڵاتی بچوک



ئیسماعیل حەمەئەمین

بەشی دووەم و کۆتایی

**پارتی وەک ئۆرستۆکراتیەتی دڕندە**

لەڕووی پێکهاتەی سیاسیەوە، پارتی خۆی لەبنەماڵەی بارزانی جیاناکاتەوە، پارتیبوون مانای چوونە نێو پارتێکی سیاسی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای چوونە ناو خێڵێکی گەورە کەخاوەنی نفوز و دەسەڵاتی خۆیەتی. بەمانای دڵسۆزیبوون لەبەر هەر هۆیەک بێت بۆ بنەماڵەی بارزانی، مانای پارتیبوون دەگرێتەوە، هەروەها پارتیبوونیش مەرجە بۆ دڵسۆزبوون بۆ بنەماڵە، لێرەوە وەک سلۆتێردایک دەڵێت: (ئۆرۆستۆکراتیەتی دڕندە لەسەر بنەمای پەروردە و توانا دروست نابێت بەڵکو لەسەر بنەمای خوێنی بەگزادەیی.)

بڕوانە بەزمانی ئەڵمانی: پێتەر سلۆتێردایک، ڕەخنەگرتن لەئەقڵی گاڵتەجاڕی، چاپەمەنی سورکامپ. ل١٢٤

Peter Sloterdijk, Krtitik der zynischen Vernuft, SV, S١٢٤

ئۆرستۆکراتیەتی دڕندە لەسەر بنەماکانی خوێن دنیابینی خۆی بینادەکات، بەڕای ناتورالیستیەکی وەک (ژان ژاک ڕۆسۆ) منداڵەکان بەبێتاوان لەدایک دەبن، کۆمەڵگە دەیانکات بەدڕندە، لەبەرئەوە ڕۆشنگەری کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو (خانەدانە دڕندانە) لەڕێگەی پەروەدەوە، لەڕێگەی ئەقڵەوە بخاتە سەر ئاستی شارستانیەت. ئەوەی کەئەقڵانیە ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە ریالستی بێت. بەڵام ڕایەکی تری پێچەوانەی ئەمە هەیە کەبڕوای بەوەیە لەکۆمەڵگەی جوتیاریدا، جوتیارەکان هیچ پاشەڕۆژێک بۆ منداڵەکانیان نابینین، جگە لەمانەوە نەبێت لەنێو کێڵگەکانیاندا. جوتیار منداڵەکانی خۆی بەمیراتگری ژیانی جوتیاری دەبینێت، لەبەر ئەوە ڕازیبوون بەڕۆڵی مسکێن، لەباری ئێستادا ڕازیبوونە بەڕۆڵی (هاوڵاتی بچوک) کەلەخزمەتی ئۆرستۆکراتیی دڕندەدا کاردەکات، ئەمە سەرێکی تری ئەم هاوکێشەیەیە. من پێمواویە ئەوە ئۆرستۆکراتیەتی دڕندەی کوردییە کەلەپارتیدا بەرجەستەدەبێت، بڕوای وایە دەسەڵات لەخوێنی خانەدانیدایە، لێرەوە هاتوچۆکردنی خوێنی بنەماڵەی ئۆرستۆکرات مانای حوکمکردن دەگەیەنێت، بەمانای تواناکان لەدوایدادێن، خوێنی بەگزادەکان لەپێشەوە، ئەوسا تواناکان حسابیان بۆدەکرێت. وەک چۆن منداڵەکان کەدڕندەن و لەڕێگەی پەروەردەوە، لەڕێگەی ئەقڵانیەتەوە دەبن بەشارستانی، ئاوەها منداڵی خانەدان و ئۆرستۆکراتی کوردی کەلەنێو بنەماڵەکەدا پەروەدە دەبێت، لەڕێگەی مومارەسەی دەسەڵاتەوە دەبێت بەوکەسەی توانای حوکمکردنی دەبێت. لێرەوە ( ئەقڵی گاڵتەجاڕی ناتورالیستیەتی کوردی ) بڕوای وەهایە خوێنی بەگزادەیی و بنەماڵە زامنی شارستانیبوونە، خوێنی بنەماڵە زەمانەتی حوکمکردنی کوردە لەهەر کوێیەک بێت. ئەم ئەقڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیە وەک ناتورالیستیەکان بیردەکاتەوە، بەڵام بەدیوێکی پێچەوانەوە، ئۆرستۆکراتیەتی دڕندە دەهێنێت و لەڕێگەی مومارەسەی حوکمەوە لەسەر بەڕێوەبردنی دەزگاو حکومەتی مۆدێرن پەروەردەی دەکات، کەئەمیش کاری دروستکردنی هاوڵاتی بچوکە، هاوڵاتی بچوکیش لەم هاوکێشەیەدا وێنەی ئەو جوتیارەیە، ڕازییە بەچارەنوسی خۆی، ڕازییە لەمانەوەی لەنێو جوتیاریدا. گەر ئەم کۆدە سایکۆلۆژیانە شیبکەینەوە دەتوانین بڵێین؛ ئەم هاوڵاتیە بچوکانە ئەو ئەندامە بچوک و باڵایانەی نێو دەزگای پارتین کەنابێت ڕۆژێک لەڕۆژان خەون بەو پلەو شوێنانەوە ببینن کەبۆ ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی پشتاوپشت تەرخانکراوە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە خوێنی ئەوان زامنکردنی حکومکردنێکی باشە، ئەوە لەخوێنیاندا هاتوچۆ دەکات. بەمشێوەیە ئۆرستۆکراتیەتی پارتی لەسەر بنەمای ئەوە لێپرسراوێتی هەستیار دەبەخشێت کەخوێنی بارزانی بەدەماردا بێت و بچێت، نەک پێوەرەکانی تواناو لێهاتوویی و کاریزمای سیاسی، بەمانای خوێن لەپێش تواناکانەوە یاری بەدەسەڵات دەکات. ئەم ئۆرستۆکراتیەتە بەتەعبیری فەیلەسوفێکی وەک سلۆتێردایک دڕەندەیە و توانای بنیاتنانی ژیارییەکی باڵای نییە. ئۆرستۆکراتیەتی دڕندەی پارتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کەدەسەڵات بۆ ئەوانە و نیشتمان تاپۆیەکی بنەماڵەیە و خەڵکان نابێت لەخەتی سوور تێپەڕ بکەن، کەخەتی بنەماڵەی بارزانیە. بەمانای ناکرێت خەیاڵی سیاسی پارتیەک بۆ ئەوە بچێت کەسەرۆکێک هەبێت بۆ ئەو پارتە، جگە لەیەکێک لەئەندامانی بنەماڵەی بارزانی، چجای پارتیەکی خاوەن دیالەکتیکی سۆرانی بێت، ئەوە خەیاڵێکی مەترسیدارە و لەنێو پارتیدا قبوڵ ناکرێت. لەناوەڕاستی شەستەکاندا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ئەم خەیاڵەیان هەبوو، بەڵام زۆر زوو بارزانی باوک فڕێیدانە دەرەوەی خێزانی پارتی، ئێستا تاڵەبانی هەوڵدەدات بەپیری جارێکی تر خۆی و یەکێتیەکەی بخاتە بەردەم قاپیی بارزانی و دەرگای پارتی بۆ بکرێتەوە، بەمەش یەکێتی هەڵەیەکی گەورە دەکات، وەک ئەو شیوعیانەی لێدێت کەدەبێت بەردەوام بەیعە تازەبکەنەوە بۆ پارتی. دیارە ئەم هەنگاوی بەیعەیە لەیەکێتیدا دەستپێکردووە، ئەمەمان لەپڕوپاگەندەی بەڕێز تاڵەبانی و ڕاگەیاندنی یەکێتیدا بینیی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی وەک سەرۆکی ئێراق... بەگشتی دەتوانم

> نەتەوە لەم ئەکتە سیاسیەدا، لەم خەیاڵە سیاسیەدا دەبێتە نەتەوەیەکی بێئیرادە و بێبڕیار و بێتوانا لەبینینی چارەنوسی خۆی، نەتەوە لەم خەیاڵەدا مێینەیەکە لەشێوازی کەنیزەکێکی جوان، کەدەبێت سەرکردە لەچاوی تەماع بیپارێزێت،

بڵێم ناتوانم مەزندەی ئەوە بکەم کەهیچ ئەندامێکی پارتی ئاقڵ هەیە جورئەتی ئەوە بکات پێشنیاری لەو جۆرەی بەبیردا بێت، کەیەکێک هەیە لەدەرەوەی بنەماڵەی بارزانی ببێت بەسەرۆکی حیزب، گەر لێوەشاوەش بێت بۆ ئەو پۆستە، ئەوە بێگومان لەتاپۆکانی پارتیە..

**پارتی و ڕەهەندێکی سێکسواڵی ئۆدیبی**

ڕوویەکی دیکەی پارتی فیگەری باوکی سەرکردەیە کەلەیەکەم ڕۆژی بەپارتیبوون لەبەردەم ئەندامەکانیاندا خۆی ئامادە دەکات. سەرکردە لەم پەروەردە حزبیەدا یەکسانە بەباوکی پیرۆز و کوڕی پیرۆز و کوڕەزای پیرۆز.. هەرچەندە ژیان ئەوەی فێرکردووین کەمەرج نییە باوکە بلیمەتەکان خاوەنی کوڕ و کچی بلیمەتربن وەک خۆیان. بەڵام ئەم لۆجیکە لەهاوکێشەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتدا جێگەی نابێتەوە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی شۆڕش و کوردایەتی لەخوێندایە، نەک لەتواناداا. لەباوکەوە بۆ کوڕ و کوڕەزاکان دەستاودەست دەکات. شوێنە هەستیارەکانی حیزب وحکومەت، ئەوەی پەیوەندی بەپارە و هێزەوە هەیە لەبندەستی بنەماڵەدا قەتیسە. شەرعیەتی ئەم بنەماڵەیە لەپیرۆزکردنی خەباتی بەهەشتی بارزانیدا سەرچاوەی خۆی هەڵدەگرێت. پارتی بۆ بەهێزکردنی پایە ئایدۆلۆژیەکانی خۆی پەلاماری هەموو هەوڵدانێک دەدات بارزانی لەچوارچێوەی مێژووی خۆیدا بخوێنرێتەوە، پارتی دەیەوێت لەچوارچێوەی بەئەبەدیکردن و مەزنکردندا لەدەورەوەی هاوکێشەی بەمێژوویبوون و مێژووگەرانە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە هەموو توانای خۆی تەرخانکردووە بۆ گەورەکردنی ئەو شەبەنگە ڕوناکییەی بەدەوری باوکی گەورەدا شەوقدەداتەوە. بەدیوێکی تردا پابەندکرندنی ئەو شەبەنگە مێژووییەی بارزانی باوک و گواستنەوەی بۆ کوڕەکانی و پابەندکردنی بەمێژووی نەتەوە، کاری دەزگاکانی پارتی بووە لەئەزەلەوە تاوەکو ئەمڕۆ.



پیتەر سلۆتێردایک

بۆ ١٩٧

# پرسی دیموکراسی لە عێراقدا



هیدایەت ئیبراهیم

زیاتر لە سێ چارەکسەدە گەلانی عێراق لە ژێر سیستمێکی تۆتالیتاری و دیکتاتۆری ژیانیان دەگوزەراند، دیکتاتۆریەتی سەپێنراو بەسەر گەلانی عێراقدا لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئینگلیزو هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێک لەلایەن داگیرکاری ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٠، ئەمەش ویستی ڕۆژئاوا بوو کە پێویستە دەوڵەتێک بێنێتە ئاراوە کە لەژێر چەتری تۆتالیتاریدا بێت و هەموو گەلان لەژێر یەک ئاڵاو یەک بەرژەوەندی و یەک ژیانی هاوبەش هەڵکەن. دوای حکومکردنی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان لەماوەی ڕابردوودا هێشتا عێراق نەیتوانی بێتە وڵاتێکی ئارام و زەمینەیەک بۆ پێکەوەژیانی گەلان، چونکە لەماوەی ئەو سێ چارەکسەدەیەدا، جگە لە زەبرو زەنگ و کوشت و کوشتار هیچ شتێکی تر میکانیزم نەبوو بۆ سیاسەتی ئەم وڵاتە، جگە لەوەش گەلانی عێراق لەبەرژەوەندی خۆیان بڕیاریان لە ڕژێمەکەو هەڵبژاردنی سیستمەکە نەدابوو، دوای تێپەڕبوونی ئەو مێژووە خوێناویە لە عێراقدا لەژێر گوتارێکی تر بەناوی ئامانجێکی تر ئەمریکیەکان بۆ ئەڵتەرناتیڤی دیکتاتۆریەت، چەمکێکی هاوچەرخیان هێنا، ئەویش دیموکراسی بوو، ڕۆژئاوا بۆ قەرەبووکردنەوەی مێژووی خوێناوی لە عێراق و کۆتاییهێنان بە سیستمی دیکتاتۆری و نەهێشتنی هەڕەشەو مەترسیەکان بۆ بەرژەوەندیەکانیان، بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دیموکراسییان بەسەر گەل و سیستمی سیاسی لەم وڵاتە سەپاند، ئەمەش بەئامانجی ئارامکردنەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکەو شکاندنی پەیکەری دیکتاتۆریەتی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ماوەی زیاتر لە سێ چارەکسەدەدە عێراق نەیتوانی ببێتە خاوەنی کلتورێک بۆئەوەی دیموکراسی تیایدا لەدایکببێت وەک چۆن لە خۆرئاوا بەهۆی کلتورەوە ئەو دیموکراسیە لەدایکبوو. ئەمریکا ویستی دیموکراسی بسەپێنێت لەعێراقدا وەک چۆن لە ڕابردوو ئینگلیزەکان دیکتاتۆریەتیان سەپاند، بەڵام ئەمجارەش هێشتا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لەماوەی حکومڕانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکاندا جگە لەکۆمەڵکوژی کوردەکان و شیعەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوو هێندەی ئەم دەیەیەی حکومڕانی بەناو دیموکراسی لەعێراقدا مرۆڤ نەکوژراوە. ئێستا ئەمە وەک وێنەی ڕووداوی سەردەمی هۆلاکۆ دێتە پێش چاو لە سەدەی ٦٢٥ی کۆچی و، واتە سەدەی دوانزەیەم. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان سەدەی ١٢ی زاینی و ٢١ی ئێستا بکرێت کە هۆلاکۆ و مەغۆلەکان بۆ شکاندنی ئیمپراتۆریەتی عەباسی هاتن و کۆمەڵکوژییان دەستپێکرد بۆ لەناوبردنی دەسەڵات و شکۆی عەباسییەکان و هەروەها لەناوبردنی کلتوری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، لەم پێناوەدا جگە لە قەتڵوعامکردنی خەڵک ، ڕووباری دیجلەیان شین کرد، بەغەرقکردنی ئەدەبیاتو کلتوری ئیسلامی کە تا ئێستاش مێژووی ئیسلام و ئەدیانەکان کەلێنێکیان تێدایە بەهۆی ئەو زیانە کلتوریە لەو سەردەمەدا بەریان کەوت. هاوشێوەی ئێستا کەبەهۆی هاتنی دیموکراسی بۆ ناوچەکە خەریکە لە بەغدا ئەو ڕووبارە سور دەبێت لەخوێنی هاوڵاتیانیاندا، لە ڕاستیدا بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت دیموکراسی ئەگەر بچەسپێت لە وڵاتدا ئارامی و ئاشتی بۆ هاوڵاتیان زەمینەیەکی گونجاوتره بۆ پێکەوە ژیان، بەمەرجێک ئەو دیموکراسیەتە تەنها گەمەیەکی سیاسی و پڕاو پڕ نەبێت لەبەرژەوەندی هێزە سیاسیەکان، وەک ئەوەی لەزەمینەی ئێستای عێراق بەدیئەکرێت، کێشەی گەورەی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانێت دیموکراسی بەرهەم بهێنێت ، چونکە هیچ کاتێک ئەم گەلە نەیتوانیوە بڕیار لەسەر پەسەنکردنی ڕژێمێک یان سیستمێکی سیاسی وە یاخود ڕەتکردنەوەی بدات ، بەڵکو هەمیشە دەسەڵات و سیستەمەکان گوازراونەتەوەو سەپێنراون بەسەر ئەم وڵاتەدا. لە ئێستادا عێراق لەفۆرمێکی دیموکراسیدا گوزەر دەکات، بەڵام لەناواخندا دیموکراسی لەخۆیدا کوشتووە، چونکە هێشتا هێزێک نیە تێبکۆشێت و قوربانی بدات و کاربکات بۆئەوەی وڵات بەرەو دیموکراسیەت و ئازادی هەنگاو بنێت، بەڵکو هێزەکان هەمیشە لەسەر بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانیان لەشەڕدان و ئامادەن خاکی عێراق بکەنە خۆڵەمێش لەپێناو بەدەستهێنانی کورسیەکی زیاتری پەرلەمانو وەزیرێکی زیاتر لە کابینەکەو باڵوێزێکی زیاتر لە وڵاتان. بەدرێژایی ٧ساڵ لە ڕوخانی ڕژێم هێزێکی سیاسی لە عێراقدا نەکەوتۆتە ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ هێزێکی تر لەسەر چەمک و زاراوەو چەسپاندنی دیموکراسی لەم وڵاتەدا بەپێچەوانەوە هێزەکان ئامادەن دەستبدەنە کاری تیرۆرو کوشتن و تۆقاندن لەسەر دەسەڵات. دیموکراسی لەسەر هێڵی نائومێدی ئەژی لەعێراقدا کە مەحاڵە کلتورو فەرهەنگی ئەم وڵاتە هیوایەکی پێببەخشێت، ئەتوانین بڵێیین دیموکراسی لە ماڵئاوایدایە لە گەلانی عێراق، ئەوەی کە بڕیارە هەبێت سیستمێکی سیاسی داتاشراوە لەلایەن هێزە سیاسیەکانی ئەم وڵاتەوە بۆئەوەی لانی کەم مرۆڤی عێراق هاوشێوەی مرۆڤێک لە جیهانی سێیەم و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەئارامی بەبێ هیچ خەونێکی سیاسی بژی ، ئەمەشیان تا ئەندازەیەک مەحاڵە.

Hidaiat792yahoo.com




# لەبارەی (ئاوێزە)ی کوردستانی نوێ-وە



کاوە محەمەد

هەفتەنامەی (دەستوور) لەژمارە (59)ی ڕۆژی (2010/12/1)یدا ڕاپۆرتێکی لەبارەی پاشکۆی (ئاوێزە)ی کوردستانی نوێ و فرۆشتنی بە کۆمپانیای (ئاڤا گروپ) بڵاوکردۆتەوە، کاک (هێمن لەتیف)ی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە چەند پرسیارێکی وەک سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکە لێکردم لەبارەی هۆکارەکانی دەرکردنی پاشکۆکە و دەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی بەسەر کوردستانی نوێ-وە، منیش وەڵامی پرسیارەکانیم دایەوە... بەڵام دواتر بەهۆی سنووردارێی ڕاپۆرتەکە، نەتوانرا تەواوی وەڵامەکانم بڵاوبکرێتەوە... بۆیە بەپێویستمزانی کە درێژەی وەڵامەکان لەم ڕوونکردنەوەیەدا بخەمەڕوو، بۆئەوەی هەندێ لەوردەکارییەکانی پشت دەرکردنی پاشکۆی (ئاوێزە) بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە، چونکە دەرکردنی پاشکۆکە یەکێک بوو لەدەسکەوتەکانی کوردستانی نوێ و ستافەکەی و پێویستە هەقی خۆی لەهەڵسەنگاندن پێ بدرێ.

لەڕاستیدا چەند هۆکارێک هەبوون بۆئەوەی کاتی خۆی پاشکۆی هەمەڕەنگی (ئاوێزە) دەربکەین و نەک هەر درێژەی پێ بدەین، بەڵکو گەشەی پێ بدەین و فراوانی بکەین، کە سەرەتا بە چوار لاپەڕە دەستمانپێکرد، دواتر کردمان بە هەشت لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگی هەفتانە و ڕۆژانی هەینی، کە ڕۆژانی پشووە، دەربچێت. هۆکارەکانیش ئەمانە بوون:

1- لەبەر ئەوەی (کوردستانی نوێ) ڕۆژنامەیەکی سیاسییە و بەهۆی حزبی بوونی، لەناو ڕۆژنامەکەدا دەرفەت کەمبوون کە هەندێک لەڕووبەرەکەی بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنەر تەرخان بکرێ، یان بۆئەوەی ئەو خوێنەرانەمان لێ دوور نەکەونەوە کە لەوشک و برینگیی سیاسەت بێزار بوون، بۆیە دەرکردنی پاشکۆکە هەنگاوێکی باش بوو کە ئەو دەروازەیە بۆ خوێنەران بکەینەوە و لەو ڕێگەیەشەوە سەرنجیان بەلای ڕۆژنامەکەماندا ڕابکێشین کە هەم یەکێکە لەئەرکەکانی ڕۆژنامە و هەم پێویستییەکی گرنگی خوێنەرانیشە.

2- شاڵاوی ڕیکلامە بازرگانییەکان بەجۆرێک زیاد ببوو کە بەشی زۆری لاپەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕۆژنامەکەی داگیر کردبوو، کۆمپانیاکانیش تەرکیزی سەرەکییان لەسەر ئەوەبوو کە ڕیکلامەکانیان لەلاپەڕەکانی بەرگ بڵاوبکرێتەوە، ئێمەش بەهۆی ئەرکە سیاسییەکان نەماندەتوانی ڕووبەرێکی زۆری یەکەم لاپەڕە بۆ ئەوە تەرخان بکەین، لەبەر ئەوە ناچار دەبووین بۆئەوەی پەیوەندیی بەهێزمان لەگەڵ کۆمپانیاکان نەپچڕێنین و ئەو داهاتەمان کەم نەبێتەوە، کە خاوێنترین خوێنە بۆ جەستەی هەر ڕۆژنامەیەک، بەشی هەرە زۆری ڕیکلامەکانمان لەدوا لاپەڕەدا بڵاودەکردەوە... ئەمە وایکرد بابەتە هونەری و تەرفیهیەکان ببنە قوربانی، بۆیە بیرمان لەدەرکردنی پاشکۆکە کردەوە وەک هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

3- لەو سەردەمەدا، مەسەلەی بایەخدان بە حەز و خولیا و خەم و کێشەکانی گەنجان، یەکێک لەبەرنامە سەرەکییەکانی (کوردستانی نوێ) بوو، بۆیە جگە لەوەی پاشکۆی وەرزشیی (ستادیۆم)مان دەرکرد و دواتریش بۆیەکەمجار لەڕۆژنامەگەریی کوردییدا کردمان بە پاشکۆیەکی ڕۆژانە، هاوشانی ئەوەش بەپێویستمانزانی کە پاشکۆی (ئاوێزە)ش بکەینە دیارییەکی دیکەی ڕۆژنامەکە بۆ توێژی گەنجان، بۆئەوەی بتوانن بەشێک لەخەم و کێشە و پێویستییە ڕۆحییەکانی خۆیان لەوێدا ببیننەوە.

4- پێشتر چەند جارێک کە (کوردستانی نوێ) دەستیبردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە تەرفیهی و هەستیارە کۆمەڵاتییەکان، بەڵام هەندێ لەبەرپرسان بە کارێکی نەگونجاویان دەزانی کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی و حزبیی وەک (کوردستانی نوێ) ئەو جۆرە بابەتانە بڵاوبکاتەوە و ڕەخنەیان لێدەگرت!، چونکە تێڕوانینیان بۆ کار و ئەرکی ڕۆژنامەگەری، تێڕوانینێکی تەقلیدی بوو. بۆیە دەرکردنی (ئاوێزە) وەک پاشکۆیەکی هەفتانە توانی ببێتە دەریچەیەکی باش بۆ خۆبەدوورگرتن لەو جۆرە بەربەستانە.

لەڕاستیدا (ئاوێزە) توانی سەرکەوتنێکی باش و بەرچاو بەدەستبهێنێت و وایلێبێت کە هەفتانە خوێنەران لەچاوەڕوانیی دەرچوونیدابن و بە تامەزرۆییەوە بیخوێننەوە و لەناو بازاڕ و خێزانەکاندا دەستاودەستی پێ بکرێ، ئەمەش بێگومان کاریگەریی بۆ زیادبوونی خۆشەویستیی ڕۆژنامەکە لەناو خوێنەران هەبوو و ژمارە بەژمارە دەنگدانەوەی زیاتری دەبوو. هەر بەڕێزێک بیەوێ بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات، دەتوانێ پرسیار لەکتێبخانە و کۆشکەکانی ناو بازاڕ و دەستگێڕەکان بکات کە چۆن ڕۆژانی هەینی خوێنەران لێیاندەپرسی. بێگومان ئەمەش بەپلەی یەکەم بەهەوڵ و کۆششی ستافەکە، بەتایبەتیش بەڕێزان (مەریوان عەلی و یونس حەمەد) ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنا، کە چەندینجار لەلایەن سەرۆکایەتیی نووسین-ەوە دەستخۆشییان لێکرا و ڕێز لەکۆشش و ماندووبوونیان گیرا.

kawamuhamad@yahoo.com

> لەڕاستیدا (ئاوێزە) توانی سەرکەوتنێکی باش و بەرچاو بەدەستبهێنێت و وایلێبێت کە هەفتانە خوێنەران لەچاوەڕوانیی دەرچوونیدابن و بە تامەزرۆییەوە بیخوێننەوە و لەناو بازاڕ و خێزانەکاندا دەستاودەستی پێ بکرێ، ئەمەش بێگومان کاریگەریی بۆ زیادبوونی خۆشەویستیی ڕۆژنامەکە لەناو خوێنەران هەبوو و ژمارە بەژمارە دەنگدانەوەی زیاتری دەبوو

# سەبارەت بە تراژیدیا تۆقێنەرەکەی کانی گۆمە



یاسین عومەر ئیبراهیم

ماوەی چەند ڕۆژێکە گرتەیەکی ڤیدیۆیی؛ شاشەی مۆبایل‌و ئینتەرنێت‌و ستەیتوسەکانی فەیسبووک‌و پەیجەکانی یوتیوبی تەنیوە، ئەو گرتەیە کە تیایدا سێ نێرینەی کوردو "وەک ئەوەی لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوەو دەوترێت کە دانیشتووی ناوچەی کانی گۆمەی سلێمانیین"، ڕووبەڕووی توندوتیژییەکی زۆرو دانپێدانانی قەسریی‌و ئابڕووبردن‌و "بەپێی هەندێک گێڕانەوەش" ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە.

بینینی ئەو گرتەیە شۆکێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانەی بەدبەختن‌و هاوڵاتی ئەم کەلاوە ئەخلاقییە گەورەیەی کوردستانن، مرۆڤ نەک هەر بینینی چەند مرۆڤێکی ئاوا کە ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییە دڕندانەیە دەبنەوە، بگرە ئەگەر سێ ئاژەڵی دڕەندەش ببینێت بەوشێوەیە توندوتیژیی لە دژیان دەنوێنرێت دەڕشێتەوەو هەستێکی گەورەی بێئەمانی دایدەگرێت.

تکایە با کەس وانەی ئەخلاقمان پێنەڵێت، با کەس ئەرگیۆمێنتی لۆژیکییمان پێنەفرۆشێت بەوەی ئەو سێ کەسە تاوانبارن‌و ویستوویانە دەستدرێژیی بکەنە سەر خانمێکی بەڕێز، ئەوە شتێکی بەدیهییەو هەموومان پاڵپشتی ئەو خانمەین کە لەلایەن ئەو سێ مرۆڤەوە بێزارکراوەو ناچاریانکردووە پلانێکی وا دابنێت کە بەو جۆرە تراژیدییە ڕووبەڕووی توندوتیژیی ببنەوە.

قسەکە لەسەر ئەوە نییە، ئەو جۆرە مرۆڤانەی کە سنوورشکێنی دەکەن‌و دادەبەزن بۆ ئاستێکی زۆر نزم‌و دەستدرێژیی دەکەنە سەر ژیانی تایبەتیی کەسانی دیکە "وەک ئەوەی ئەو سێ برادەرە کردوویانە"؛ شایەنی لێپرسینەوەی یاسایی، دادگاییکردنی یاسایی‌و دواجاریش شایەنی سزادانی یاسایین، ئەوە شتێک نییە کە ئێمە چاوپۆشیلێبکەین، بەڵام پەرچەکردارێکی وا وەحشییانەو نایاسایی‌و پریمیتیڤانە بەرانبەر ئەو سێ تۆمەتبارە، نە یاساییە، نە ئەخلاقییە، نە ئاینییە، نە هیچ پەیوەندییەکی بەمۆراڵی مرۆڤە باشەکانەوە هەیە. هەر بۆیە لەم نووسینەدا ئێمە تەنیا لەسەر بەشی دووەمی چیرۆکەکە دەوەستین، کە چیرۆکی ئابڕووبردن‌و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی ترس‌و تۆقاندنە، بگرە لەوەش زیاتر ژێرپێخستنی هەموو ئەو شتەیە کە ناوی دەسەڵاتی کوردییە، بە سەرۆک و پەرلەمان و حکومەت و دەزگا یاسایی و ئەمنییەکانیشیەوە.

من ئەمەوێت بەهۆی ئەم کارەسات و ئابڕووچوونەوە، کەمێک قسەبکەم، دەبێت بشگەڕێمەوە بۆ دۆخە وجودییەکەی ئێمە وەکو نەتەوە، دەبێت بپرسم ئێمە لەکوێی جیهاندایین؟ ئێمە لە چ قۆناغێکدایین لەو هەنگاوانەی چەند هەزار ساڵە شارستانێتی مرۆڤ ناویەتی؟ چی فێربووین؟ چەند گۆڕاوین؟ چەندەش قابیلی مانەوەین؟ من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، بەڵام تەنیا سەبارەت بەوەی ئێمە لە چ دۆخێکدایین دەگەڕێمەوە بۆ وتەیەکی مارتن هایدیگەر کە لە یەکێک لە نووسینەکانیداو لەوکاتەی شرۆڤەی پەیوەندیی نێوان تەکنەلۆژیاو کەینوونە دەکات دەیڵێت، مارتن هایدیگەر لەوێدا دەڵێت: "یەکێک لە بێئومێدییە گەورەکانی من لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەوەیە کە توانیویەتی بەرگی شارستانێتی بکات بە بەری گەلانێکدا کە لە بنەمادا هێشتا وەحشیی‌و پریمیتیڤن".

پێشتر کەمێک بە گومان بووم لەوە، بەڵام ئێستا پێموایە ئەو قسەیەی هایدیگەر فیشەکێکەو ڕێک بە نێوچاوی ئێمەوە نراوە، هایدیگەر بێئەوەی مەبەستی ئێمە بێت باسماندەکات، ئەوە ئێمەین کە مۆدێرنەو تەکنەلۆژیای مۆدێرن دوا مۆدێلی ئۆتۆمبێل‌و دوا ڤێرژنی کۆمپیوتەرو مۆبایل‌و کەرەستەکانی بیناسازیی‌و مۆبیلیزەکردنی هاوچەرخی پێداوین، بەڵام هێشتا خۆمان لەناو چەقی بەربەریزمدا هەڵترووشکاوین‌و بستێک نەهاتووین بەمدیودا.

نابێت بینا گەورەکان، دوا مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکان، کچە قشتیلەو تەنوورە کورتەکان، دوا فاشنەکانی جلوبەرگ کوێرمانبکەن‌و ئەو ئاژەڵە دڕندەیە نەبینین کە لە ناوەوەی هەر یەکێکماندایە، نابێت پارک و سوپەرمارکێت و جادە ڕێک‌و کۆفی شۆپە باش دیزاینکراوەکان نابینامان بکەن‌و دڵمانخۆشبێت بەوەی کە شتێک لەو ڕۆحە بەربەرییەمان داناوە کە تا ئاستانەکانی سەدەی بیستویەکیش لە کرۆمۆسۆمی دایک‌و باوکماندا هەڵگیراوە، دەبێت هەقیقەتی خۆمان‌و شوێنی ئێمە لەسەر نەخشەی جیهان بزانین.

لە دیمەنە تۆقێنەرەکانی دوعاوە کە لەلایەن "کوردانی ڕەسەنەوە" بەر بلۆک دراو لە ئاپۆرایەکدا کە زیاتر لە ئاپۆرەی مەیانی ئاژەڵەکە دەچێت وەک لە ناوجەرگەی شارۆچکەیەکی سەدەی بیستویەک، تا دەگاتە دیمەنە توندوتیژەکانی دژی ژنان، تا دەگاتە توندوتیژیی سیاسیی‌و تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان، هەتا توندوتیژیی ناو قوتابخانەکان، هەتا دێتە سەر ئەو دیمەنە تۆقێنەرەی کانی گۆمە، ئێمە لە یەک شت دڵنیادەبین، کە ئەویش ئەوەیە هەر تاکێک لەم وڵاتەدا، هەر دامەزراوەیەک، هەر حزبێک، هەر سیمبولێکی کورد، تەنیا یەک بیانووی بچووکی بەسە بۆ ئەوەی دڕندەکەی ناوەوەی ڕەهابکات، ئەو ڕووداوانە لەو ڕووەوە باشن بۆ ئەوەی زۆر بە ڕوونیی دەریبخەن هێشتا کورد لە پۆلی نەتەوە دڕەندەکانەو تا هەنووکەش خوێنی ئەو جانەوەرانە لە لەشیدا دەگەڕێت کە گۆشتیان بە کاڵیی دەخواردو لەبری ئاو بە خوێن تینوێتییان دەشکا.

لەو ساتانەدا کە کەمێک کیبریامان دەڕووشێنرێت دەردەکەوێت ئێمە کێین‌و سەر بە چ ڕەگەزێکین، ئەوکاتەی کە هەڵەیەکمان بەرانبەر دەکرێت، ئیدی ڕووخساری ڕاستەقینەمان دەردەخەین‌و وەکو ئەوەی هیچ پرنسیپ‌و بنەمایەکی ئەخلاقیی فێرنەکرابین بەردەبینە گیانی یەکدی. مەسیحیش زۆر ڕاستی فەرمووە کە دەڵێت: "ئەسپ ئەسپی دەبێت، بەڵام مرۆڤ مرۆڤی نابێت" ئەوە تەنیا پەروەردەی مەدەنییە کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤی ڕاستەقینە، پەروەردە نەک وەعزی دینیی‌و ئەخلاقیی مرۆڤ دەکەنە کائینێکی بەرجەستە. ئەو زەلامانەی لەو ماڵەدا ئەو سێ تۆمەتبارە ڕووشکێن دەکەن‌و قونیان پیشانی هەموو دنیا دەدەن‌و خۆشیان دەبنە یاساو جێگەی دادوەرو پۆلیس دەگرنەوەو بگرە لەوە زیاتر دەڕۆن‌و دەبنە جەللادێکی بێڕەحم؛ ئەو ڕووە ڕاستەقینەیەی مرۆڤی کورد پەرچدەکەنەوە، مرۆڤێک کە زۆر بە کەمیی خودانی کۆنترۆڵە "دەڵێم کۆنترۆڵ، چونکە من هیچ چاوەڕوانییەکم لە مرۆڤی کورد نییە لێبوردە بێت، تەنیا بە یەک دنیا ئاواتەوە دەخوازم مرۆڤی ئێمە کاتێک ڕووبەڕووی بەڵای وەکو ئەو سێ پیاوە دەبێتەوە کە دەیانەوێت دەستدرێژیی بکەنە سەر ژیانی تایبەتی؛ کێشەکانی بباتە بەردەم دادگایەکو داوای تەواوی مافی خۆی بکات‌و لەوێدا کێشەکە یەکلاییبکاتەوە" نەک خۆی بخاتە جێگەی خوداو یاساو دادوەرو حکومەتەوە.

ئێستا من لەو برایانە دەپرسم کە سزای ئەو سێ تۆمەتبارەیان داوە، ئایا ویژدانتان ئاسوودەیە؟ ئایا هیچ مانایەکتان بۆ یاساو ڕێساو ئایین‌و "دابونەریتی کوردەواری" هێشتووەتەوە؟ ئایا بەو کارەتان جگە لەو سێ کەسە ئازاری چەند کەسی دیکەتان دا؟ باشە من لە ئێوە دەپرسم منداڵ‌و خزم‌و کەسوکارو هاوڕێی ئەو سێ کەسە ئیدی بە چ ڕوویەکەوە باس لەوە بکەن کە ئەوانە دەناسن؟ من ئەزانم ئێوە پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە ئەوان ئازاری ئێوەیان داوە، لەوەدا تەواو لەسەر هەقن، بەڵام ئایا کەسێکی هێورو لەسەرخۆتان تیانەبوو ڕێگەیەکی کەمێک مرۆیانەترتان لەوە پیشانبدا کە کردتان؟ ئایا وێنەگرتنی ئەوانە بەو زەلیلییەو دەرهێنانی دانپێدانان بەو شێوە دڕندانەیەو ڕووشکاندنیان‌و جنێودان بە خوشک‌و دایک‌و پووریان "کە ڕەنگە مرۆڤگەلێکی ئێجگار بێوەیی‌و سەلارو بێگەردیش بن" لە چ یاساو ڕێسایەکی ئەم دنیایەدا جێیدەبێتەوە؟

> مارتن هایدیگەر لەوێدا دەڵێت: "یەکێک لە بێئومێدییە گەورەکانی من لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەوەیە کە توانیویەتی بەرگی شارستانێتی بکات بە بەری گەلانێکدا کە لە بنەمادا هێشتا وەحشیی‌و پریمیتیڤن"

بۆ لا ١٩٧




# درێژەی... سەبارەت بە تراژیدیا تۆقێنەرەکەی کانی گۆمە

ئێوە بەو کارەتان چەند تاوانێکی زۆر گەورەترتان لەو تاوانەی ئەو سێ پیاوە کردووە: یەکەم؛ لێدانو توندوتیژیی کە ئەوە تەنانەت بۆ پۆلیسو ئاساییشیش نییە بیکاتو سزادانی یاسایی "جگە لە سێدارەدان" نابێت جەستەیی بێتو کەسیش ئەو مافەی نییە سزای جەستەیی تاوانبار یان تۆمەتبارێک بدات. دووەم؛ تاوانێکی لەوە گەورەتر دەرهێنانی دانپێدانانە بە زۆرەملێ، کە ئەوە ئەگەر پۆلیسیش بیکات هەر تاوانەو بەپێی دەستووری نوێی عێراقو کوردستانیش تەنانەت دەزگاکانی هەواڵگرییو ئاساییشیش لە دۆخی زۆر هەستیاریشدا بۆیان نییە بە زۆر دانپێدانان لە تۆمەتبار وەربگرن. سێیەم؛ ئابڕووبردنو سەرپێشۆڕکردنو ناوزڕاندن؛ ئێوە بەر جنێویان دەدەن، جنێو بە کەسەکانیان دەدەن کە ڕەنگە دوورو نزیک دەستیان لەو کارەی ئەوانەدا نەبێت، لەوەش خراپتر وێنەی ئەوانەتان گرتووەو دەستتان بە کوێ گەیشتووە بڵاوتانکردووەتەوە. کە ئەوەش خراپترین شتێکە کە مرۆڤ بیکات، هەرچەندە ئەمە وتەو باوەڕی من نییە، بەڵام هەندێک لە خەڵکی پێیانوابوو بتانکوشتنایە لەو کارە باشتربوو. چوارەم؛ لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە ئێوە بەخۆتان ڕەوا بینیوە جێگەی دامودەزگاکانی دەوڵەت بگرنەوەو سزاکان تاکەکەسییانە جێبەجێبکەن، کە ئەوەش هێرشێکی ئێجگار گەورەو مەترسیدارە بۆ سەر ڕەوایەتی حکومەتو دەزگاکانی.

ئەم دیمەنو ڕووداوانە پێماندەڵێن کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی ئێجگار مەترسیدارداین، ڕۆژانە لەگەڵ تاوانبارانی شیمانەییدا مامەڵەدەکەین، تاوانبارانێک کە ڕەنگە ئەگەر هەڵەیەک لە بەرانبەریاندا بکەین، هیچ یاسایەک نەبێت بتوانێت بمانپارێزێت، ئاخر خۆ مرۆڤ شایەنی هەڵەکردنە، ئەوەشی ئەو سێ کەسە کردوویانە لەگەڵ هەموو ناشرینییەکەیدا هەڵەیەو یاسا سزای بۆ داناوە، ئیدی کەس بۆی نییە خۆی بخاتە جێی یاساو بەئارەزووی خۆی دانپێدانان وەربگرێتو شەقبهاوێژێتو حورمەتی مرۆڤەکان بخاتە سەر شاشەی ئینتەرنێتو مۆبایل.

ئەگەر وایە هەریەکەمان دەستدەکەین بەدانانی دادگایەک لە ماڵی خۆمانداو چی بە عەقڵماندا هات دەیکەینە یاسا. من لە دادوەرە بەڕێزەکان، لە وەزارەتی ناوخۆ، لە وەزارەتی دادو هەموو کەسە پەیوەندیدارەکانی پرسێکی ئاواو لەو کەسانەش دەپرسم کە سزای ئەو سێ کەسەیان دا، ئایا ئەوانە کە ئەو تاوانەیان کردووە سزای خۆیان بە زیادەوە وەرنەگرتووە، ئیدی ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەمی پۆلیسو زیاندانییکردنیان کارێکی کۆمیدیی نییە، ئایا هەر سزایەکی دیکەی ئەوانە نایاسایی نییە؟ پاشان دەپرسم ئایا ئەمە نابێتە کێشەیەکی گەورەترو سەرناکێشێت بۆ دەیان توندوتیژیی دیکە. ئایا پەنابردنە بەر یاسا هەر لە سەرەتاوە کارێکی عاقڵانەترنەبوو لەوەی ئێستا بینیمان؟ ئایا ئەو خانەوادە بەڕێزەی کە سزای ئەو سێ تۆمەتبارە دەدەن دەتوانن لە ئەمانی تەواودا بژینو ئیدی بۆ لەمەودوا خۆیان نەخستووەتە بەردەم ئەگەری تۆڵەسەندنەوەوە؟

کاتێک مەسیح لەلایەن قەرەوڵەکانی پاشای ئۆرشەلیمەوە دەستگیردەکرێت، پوتروسی حەواری شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت بۆ بەرگرییکردن، مەسیح لێیتووڕەدەبێتو بە سەریدا دەنەڕێنێت: "ئەوەی لەژێر سێبەری شمشێردا بژی بە شمشێریش دەکوژرێت". من ئەزانم ئەمە بە فەلسەفەی مرۆڤە لاوازو هیچ لەبارانەبووەکان دادەنرێتو هەمیشە تۆڵەسەندنەوە هێزی کەمەندکێشکردنی زیاترە لە حیکمەتی لەو جۆرە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی توندوتیژیی جگە لە کاولکارییو مردن چیدی بەرهەمناهێنێتو مارکسیش ڕاستی نەفەرمووە کە دەڵێت: "توندوتیژیی مامانی مێژووە". بەڵکو توندوتیژیی گۆڕهەڵکەنی مێژووە، توندوتیژیی دەردە، بەڵایەو نەخۆشییەکی کوشندەیە، هەمووانیش دەبینین کە توندوتیژیی لەم ڕووداوەدا بەرەو چ ئاقارێکی تراژیدیی سەردەکێشێت.

دوا پەیامم بۆ دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەیە: بەڕێزان حورمەتی خۆتانو هەموو یاساکانتان خراوەتە ژێر پێو لەبری ئێوە یاسای جەنگەڵو کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پیادەکراوە، گوێتان کاسکردووین بە سەروەریی یاسا، بەوەی ئەم وڵاتە پڕە لە ئاساییش، فەرموون حیکمەتی یاساییتان بخەنەکارو دڵنیامان بکەنەوە کە کاتێک ئێمە هەڵەیەک دەکەین ناکەوینە بەر ڕەحمی مرۆگەلی سادیی لەو جۆرەو بە یاسا عورفییەکانی کۆمەڵێک مرۆڤی نەخوێندەوار دادگاییناکرێینو حورمەتی مرۆییمان ناخرێتەژێر پێوە.

Yaseen_omer80@yahoo.com

# درێژەی... پارتی لەچی دەترسێت...

بۆ ئەوەی لەم تێزەم نێزیکببەمەوە، دەتوانم لەڕوانگەی شیکاری دەروونیەوە بگەمە ئەو تێزەی کەنەتەوە ئەو مێینەیە کەتەنها باوکی گەورە دەتوانێت پارێزگاری لێوە بکات، ئەمەش ڕەهەندێکی شاراوەی سێکسواڵیە بۆ نەتەوە وەک جەستەیەکی کارلەسەرکراوی نێگەتیڤانە، توخمێکی سێکسواڵیە لەڕوانینی باوکی سیاسی و سەرۆکی ئەبەدیدا بۆ نەتەوە. نەتەوە لەم کۆنەستەی پارتیدا ئەو مێینەیە کەتەنها نێرینە بەهێزەکان دەتوانن بیانپارێزن، ئەوەی توانای دەستبەسەراگرتنی مێینەی نەبێت توانای پارێزگاریکردنیشی نیە، ئەمە ئەم ڕەهەندە سێکسواڵیەیە دیسانەوە دەبێتە ئەکتێکی سیاسی و لەپڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا وەک حەتمیەتی بوونی سەرۆک باسی لێوە دەکرا، و دەکرێت.

نەتەوە لەم ئەکتە سیاسیەدا، لەم خەیاڵە سیاسیەدا دەبێتە نەتەوەیەکی بێئیرادە و بێبڕیار و بێتوانا لەبینینی چارەنوسی خۆی، نەتەوە لەم خەیاڵەدا مێینەیەکە لەشێوازی کەنیزەکێکی جوان، کەدەبێت سەرکردە لەچاوی تەماع بیپارێزێت، دەنا لەغەفڵەتدا ئەم کەنیزەکە دەبرێتە حەرەمی بێگانەوە. ئەم دیدە، دیدی زۆربەی ڕژێمە پۆست کۆلۆنیالەکانی ناوچەکەیە، لەسەدام حوسێنەوە بیگرە تادەگاتە ئەسەدی باوک و کوڕ و لەوێوە بۆ قەزافی و حوسنی موبارەک و بوتەفلیقە!. ئەمانە بەردەوام خۆیان بەو سەکردەیە تێدەگەن کەتەنها ئەوانن پارێزگاری نەتەوەن، وەک تاکەمێرد و تاکە پیاو و تاکە شۆڕە سواری میدان وەهان. ئەم ڕەهەندە سیاسیە هەڵگری ئەو جەوهەرە ڕەمزییە سێکسوالیەتییەن، کەنەتەوە دەکاتە بوکێکی دەستلێنەدراو و پاکیزە و لەدواجاریشدا بێ ئیرادەیە کەسەرکردەو پارتەکەی دەیپارێزن. هەموو هێزێک بیەوێت نەتەوە لەو پێناسەیە بکاتە دەرەوە، لەو کەنیزەکی و چاوەڕواندەستی و بێدەسەڵاتیەوە نەتەوە پێناسە بکات، ئەوا دژە نەتەوە و ئەمنی نەتەوەیی و شەرەف قسەدەکات. ئەم بیرکردنەوەیە نەتەوە وەک پاکیزەیەکی بێدەسەڵات دەبینێت کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە. هەڕەشەبوونی نەتەوەش مانای زەقکرنەوەی وێنەی سەرۆکە، وەک پاتریارکێک، وەک ڕزگارکەرێک، وەک فریادڕەسێکی نەتەوە. تاوەکو سەرۆک بمێنێت، ئێمە دەتوانین لەم دەڤەرە بەئاسوودەیی بنووین.. ئەمە ئەو پێویستیە مێژووییەیە کەپارتی دیموکرات کاری لەسەر دەکات. بەڕێز سەرۆک (مەسعود بارزانی) لەپڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراقیدا، جەختی لەمەترسی حکومەتی ئێراقی کردەوە، جەختی لەمەترسی سوپای ئێراقی کرد، ئەو هەستەی لای دەنگدەران و لایەنگران دروستدەکرد کەمەترسیەکان بۆسەر نەتەوە لەبەردەم قاپین و هەنووکەیین نەک ئەگەرێک بن لەئەگەرەکان.. بێگومان هەمیشە نەتەوەکان و دیموکراسیەتیان بەجۆرێک لەجۆرەکان لەبەردەم مەترسیدان، بەڵام زلکردنی ئەم مەترسیە بەو شێوەیە خۆی لەخۆیدا جەختکردنە لەسەر گرنگی ڕۆڵی سەرۆک کەدەبێت سەڵاحیاتی بێسنوری هەبێت. ئەمە ئەم پەیامە ناڕاستەوخۆیە بوو کەگوتاری سەرۆک هەوڵی گەیاندنی دەدا.

بەکورتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەم هەڵگری بەهاکانی خێزانی کوردییە و هەم هەڵگری کەرامەتی نەتەوەییە و هەم براگەورەی هەمووانە. ئەم تێزەی پارتیش دەمانگەیەنێتە بەردەم ئەو بڕوایەی کەنەتەوە و خێزان، کۆمەڵگەو خێزان لەبیرکردنەوەی سیاسی پارتیدا یەکسانن، بەمەش سنوورەکانی نەتەوە و خێزان و کۆمەڵگە لەناوەڕۆکە سێکسواڵیە پاتریارکیەکەیدا دەتوێتەوە، بەجۆرێک کەوێنەکانیان لەیەکتری جوداناکرێنەوە، بەڵکو هەموویان تەواوکەری یەک وێنەن کەوێنەی خێزانێکی دەستبەسەرە لەژێر ڕکێفی باوکی بەهێز و بەزبردا. نەتەوە لەم کلێشەیەدا بەووردی وێنەی ئەو پاکیزەیە کەچاوی تەماعی لەسەرە. لەبەرامبەر ئەمەدا پارتی هەمیشە بەدەست ئەو گرێ ئۆدیبیەوە دەناڵێنێت؛ کەمنداڵەکان بۆیان نییە لەبەر پیرۆزی باوک دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن، قسە لەسەر پیرۆزییەکانی بکەن، شەڕی پارتی شەڕبووە لەسەر جەستەی نەتەوە کەوەک مێینەیەکی پاکیزە سەیری کردووە. لێرەوە پارتی شەرعیەتی بەکارهێنانی توندوتیژی بەخۆی دەبەخشێت، بەڕای پارتی توندوتیژی مانای نادیموکراسیبوون و دیکاتۆریەت ناگەیەنێت، بەڵکو مانای پەیڕەوکردنی سیستماتیکی پەروەردەکردنی مناڵەکانە لەم خێزانە گەورەیەی ناوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

## وێنەی باوک لەبەردەم دیموکراسیزەبووندا

بوونی ڕۆژنامەی ئازاد و ڕێکخراوی مەدەنی و دەنگی جیاواز تاوەکو ئەو ڕادەیە لای پارتی قبوڵە کە لەخەتەسوورەکانی پارتی تێنەپەڕن، تائەو کاتە قبوڵە کەوێنەی باوکی سەرکردە نەخاتە گومانەوە، لێرەوە هەڕەشەی دەزگاکانی پاراستن و هێزەکانی دیکە، لەپێناو باوکی سەکردەدا کاری خۆی دەکات. لەمەشدا پارتی ماڵی خۆی کەناوچەی دهۆک و هەولێرە بەماڵێکی پاک تێدەگات و نایەوێت بەهەتیومچە و چەتیوان و بیروباوەڕە لادەرەکانیان پیس بێت. بەپاکڕاگرتنی ماڵی سەرۆک کەلەناوچەکانی نفوزی ژێر دەسەڵاتیدا خۆی دەبینێتەوە ئەخلاقیاتێکی تایبەتی دەزگاکانی پارتیە، کەهەموو شەرعیەتێک دەدات بەخۆی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی. نمونەی دکتۆر (کەماڵی سەید قادر) کەلەسەر چەند نوسینێک کەلەماڵپەڕێکدا بڵاویکردبۆوە کەزۆر بەجیدی وەرناگیرێت، بەسی ساڵ حوکمدراو پاشان دوای چەند مانگێک لەژێر فشاری نەمسادا ئازادکرا، نمونەیەکی ئاشکرایە..

دیارە ساڵانێکی دوورودرێژە پارتی ترسی ئەوەی نەماوە هێزێکی سیاسی بێت و لەم بنەما باوکسالاری و نێرسالارییە سیاسیەی بدات، تاکە ڕکابەری کەلەیەکێتیدا خۆی دەبینیەوە، لای پارتی مەترسی ڕاستەقینە نەبوو، چونکە لای ئەوان، بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی لەسەرووی هەڕەمەکەوە بوو، ئەویش کوڕێکی تۆراوی پارتیە و هەر ئاشت دەبێتەوە و هەرواش بوو. لەبەرئەوە شەڕی پارتی لەدوای ڕاپەڕین لەگەڵ یەکێتیدا، شەڕێکی جەستەیی بوو، نەک پڕنسیب. لەمەدا تەرازووی هێز و هێزەکانی درواسێ دەتوانن چارەسەی بکەن، بەڵام شەڕی ئێستای پارتی لەگەڵ گەشەسەندنی بیروڕای ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، شەڕێکە لەگەڵ ڕۆحی پارتیدا، کەخۆی لەچەمکی سەرۆکی ئەبەدیدا دەبینێتەوە. بەمانای مادامەکی یەکێتی بوو بەحیزبی بنەماڵە کەلەجەوهەردا لەگەڵ پارتیدا یەک بیرکردەنەوەی هاوبەشیان پێکهێنا، ئەوا لەفۆرمی دەرەوەدا جیاوازیەکی کەمی هەبوو، بەڵام لەجەوهەردا بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو دەنێن. بەکورتی، ئیدی لەشەڕی ناوخۆی دوای ڕاپەڕینەوە ئەم هێزە سیاسیەی یەکێتی خۆی تەسلیمی باوکێکی پیر دەکات کە تاڵەبانیە و ئەمیش یەکێتی دەکاتە حزبی بنەماڵە و ئیدی پارتی ئەم چەندساڵە هەناسەی ئاسوودەگی هەڵکێشاوە، لەبەر ئەوەی کوڕە تۆراوەکان گەڕانەوە بۆ نێو باوەشی باوک و خێزانی گەورە..

ئەم خۆشبەختیە زۆر ناخەیەنێت کەلەسەر جادەکانەوە، بزاوتێک پەیدا دەبێت، لەماڵپەڕەکانەوە دەنگێک قسەی خۆی دەکات، لەڕۆژنامەکانەوە بیروڕای W جیاواز پەیدابێت و لەدواجاردا هەموو ئەم ناڕەزاییە بکەری سیاسی خۆیان دەبێت و دێنە پرۆسەی ڕکابەری دەسەڵاتەوە. کۆی ئەم هێزە ڕۆشنبیریی و سیاسی و تورانە دیسانەوە شەڕی کوڕو باوکەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا زیندوو دەکەنەوە، ئەم شەڕە سیاسیە، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە، بەمانای شەڕێکی ئۆدیبیانەیە لەپێناو دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، کەباوک ناتوانێت و نایەوێت لەگەڵ کوڕ و کچەکانیدا بەشی بکات. ترسی پارتی، ترسی باوکی پیرە لەخانەنشینبوون، لەوەی ئەبەدیەتی دەسەڵات لەدەستبدات. ترسی ئەو، ترسە لەوەی لەشوین وەدەرنرێت، لەهەولێرەوە شوێنی سیاسیانەی لەدەستبدات وەدەرنرێت و هەولێر تەسلیمی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی و بیروڕای ئازاد بێت و جارێکی تر خانەنشین بێتەوە....

# بەبڕیاری دادگا دەستدرێژی

## سێکسی بەکۆمەڵ دەکرێتە سەر کچێک

دەستوور

کچێکی تەمەن ١٨ ساڵەی پاکستانی بەبڕیاری دادگایەکی عەشیرەیی شاری مرۆلای پاکستان بەرەوڕووی دەستدرێژی سێکسی بەکۆمەڵ بوویەوەو ئەو سزایەش لەبەرچاوی خەڵکدا ئەنجامدرا.

ئاژانسی هەواڵی سەما بڵاویکردەوە ئەو بڕیارە لەلایەن دادگایەکی سەر بەعەشیرەی ماسۆتی پاکستان پەسندکراوەو تاوانی ئەو کچە ئەوە بووە کەبرا یانزە ساڵەکەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی عەشیرەی ماسۆتی هەبووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە براو کەسوکاری کچەکە بینەری ڕووداوەکە بوون و سەرەڕای گریان و پاڕانەوەی زۆر پیاوانی دادگای عەشیرەی ماسۆتی لەبڕیارەکەیان پاشگەزنەبوونەوە و لەبەرچاوی باوک و کەسوکاری کچەکەو بەشێکی زۆر لەخەڵکی شارەکە ٤ کەس دەستدرێژی سێکسیان کردووەتە سەر ئەو کچە ١٨ ساڵەیە.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کەساڵانە بەدەیان جینایەتی لەوشێوە لەپاکستان ڕوودەدات و پۆلیس و حکومەتی پاکستان هیچ هەنگاوێک بۆ بەرگرتن بەو تاوانانە ئەنجام نادەن.





# فەیسبووک. ئاشکراکردنی خیانەتی هاوسەریی ئاسانکردووە

دەستوور

پارێزەرێکی پسپۆڕ لەکاروباری تەڵاقی ئەمریکا پێیوایە کەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت و بەتایبەت فەیسبووک ئاشکراکردنی خیانەتی هاوسەرییان ئاسانکردووە و ئەو مەسەلە لەئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی تایبەت بەو بوارە ئاشکرابووە.

ئاژانسی هەواڵی مێهری ئێرانی بڵاویکردەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت و بەتایبەت فەیسبووک تەنیا هۆکارێک بۆ ئاڵۆزکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان نین و، بەڵکوو یەک لەسەر پێنجی تەڵاقەکانیش لەئەمریکا بەچەشنێک پەیوەندی بەفەیسبووکەوە هەیە.

ئالن مانتڵ پارێزەری پسپۆڕ لەکاروباری تەڵاق لە ئەمریکا ئاماژە بەئەنجامەکانی توێژینەوەیەک لەو وڵاتە دەکاتو دەڵێت"گۆگڵ، فەیسبووک و تویتەر سەلماندنی خیانەتی هاوسەرییان ئاسانکردووە".

مانتڵ وتی"خیانەت هەمیشە بوونی هەبووە و بەڵام سەلماندنی ئەو مەسەلەیە لەڕابردوودا زۆر دژواربووە، کەچی ئێستا لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتەوە ئەو مەسەلەیە بەئاسانی ئەنجامدەدرێت و، پەیوەندییە ناتەندروستەکان لەو ڕێگەیەوە بەئاسانی ئاشکرادەکرێت".

# پیاوێک ژیانی هاوسەریی لەگەڵ سەگێکدا پێکهێنا

دەستوور

گەنجێکی ٢٠ ساڵەی خەڵکی ئوستورالیا لەڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ژیانی هاوسەریی لەگەڵ سەگەکەیدا پێکهێنا.

تۆڕی هەواڵی ئیسنای ئێرانی لەزاری ئاژانسەکانی هەواڵی ئوستورالیا بڵاویکردەوە ئەو پیاوە ناوی جوگیویەو خەڵکی ناوچەی توومبای سەر بەپارێزگای کوئینزلەندی ئوستورالیایە.

جوگیو لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتی"بۆ ماوەی پێنج ساڵە خەریکی بەخێوکردنی ئەو سەگەم و زۆرم خۆشدەوێ".

هەروەها وتی کە لەڕێوڕەسمی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ سەگەکەمدا هەموو هاوڕێ و کەسوکارم بەشدارییان کردو جلی بووک و زاواییمان لەبەرکردبوو.



# کچێک لەناو زانکۆدا کۆرپەلەیەکی لەجانتاکەیدا شاردەوە

دەستوور

بەرپرسانی زانکۆیەکی چین کچێکی ١٨ ساڵەی خوێندکاری ئەو وڵاتەیان بەتۆمەتی شاردنەوەی کۆرپەیەکی تازە بەدنیاهاتوو لەجانتاکەیدا لەزانکۆ دەرکرد.

تۆڕی هەواڵی شین هوا بڵاویکردەوە ئەو کچە کەناوی ئاشکرا نەکراوە، بەیارمەتی دوو هاوڕێی خوێندکاری لەزانکۆدا منداڵی دەبێتو دواتر بۆ ئاشکرانەبوونی مەسەلەکە کۆرپەکەی لەناو جانتاکەیدا دەشارێتەوە.

گریانی مناڵەکە مامۆستاو تەلەبەکانی دیکەی زانکۆ لەمەسەلەکە ئاگاداردەکاتەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی دەرکردنی ئەو کچە لەزانکۆ.





**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەگەر کەسانێک بیانەوێت بەگوێرەی خواستی ئەوان هەندێک کار ئەنجامبدەیت، ئەوا بەڕوونی پێیاندەڵێی کە ئەوە ناکەیت. حەز بە بەرەنگاربوونەوە و پێشبڕکێ دەکەیت، ئەگەر نەچێتە چوارچێوەی هێرشکردنە سەر کەسایەتیت.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

کاتێکی ناسکە بۆ گرتنەوەدەستی جڵەوی ئابووریی ئەم قۆناغەی ژیانت. ئەم ماوەیە بەرانبەر بەکێشەکان بەهێز دەبیت و دەتوانی چارەسەریان بکەیت. ئەمەش وا دەکات لەجاران خۆشحاڵتر دەربکەویت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەندێک گۆڕانکاریی مەعنەوی لەژیانتداو بەتایبەتی لەژیانی تایبەتیتدا ڕوودەدەن. هەندێک حاڵەت کەوەک کێشە دەردەکەون بێزارت دەکەن، بەڵام دواتر لەگەڵیان ڕادێیت و ئاسایی دەبن بەلاتەوە. پارە لەهەندێک کەلوپەلی ناوماڵدا خەرجدەکەیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم ماوەیە توانای ئەوەت هەیە جەستەت بخەیتە باشترین دۆخەوە لەڕووی کێش و تەندروستییەوە. ناسین و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسێک کە لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەردەبات، لەوانەیە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لێبکەوێتەوە.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

پێویستە ئاگات لەکێشت بێت و هەوڵبدەیت قەڵەو نەبیت، ئەمەش بەوەی بەرنامەیەک بۆ خواردن و وەرزشت دابنێیت. لەوانەیە کەسێک بناسیت ببێتە هۆی ئەوەی لەژیانتدا گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروستبکات.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم ماوەیە پێویستت بەبەختی باشەو پێدەچێت لەکۆتایی هەفتەدا ئەو بەختە ڕووت تێبکات. هەندێک کار بەئاسانی نایەن بەدەستەوەو ئەمەش پێویست بەنیگەرانی ناکات. ئاگاداری باری سۆزداریت بەو لەبیری مەکە.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ماوەیەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕێیت، بەڵام تائێستا نەتتوانیوە بیدۆزیتەوە هەروەک بێزار بوویت لەگەڕان. ئەوەشت لەبیرنەچێت ئەو شتەی بەدوایدا وێڵیت، هیچ بایەخێکی سۆزداریی نییە، بەڵام پێویستە بزانی پشووی درێژ باشترین چارەسەرە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هاوڕێکانت ڕەخنەیان لێت هەیە، بەڵام بەڕاستەوخۆیی ئەمە لەڕووت نادەن. باشتروایە لەگەڵ کەسە نزیکەکانتدا قسە لەبارەی ئەو کێشانەوە بکەیت کەهەتە. هەفتەی داهاتوو لەوانەیە شتێک بەدەست بهێنی.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

ژمارەیەک لەهاوڕێکانت تۆ بەکەسێکی کراوە دەزانن، بەتایبەت کاتێک باسی هەندێک شتی ژیانی تایبەتیتیان بۆ دەکەیت، بەڵام تۆ تەنیا لەگەڵ کەمێکیان هەست بەئاسوودەیی دەکەیت. لەم ماوەیەدا دڵت خۆشدەبێت.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

تۆ دەزانی ئەگەر دەستپێبکەیت دەتوانی ئەو کێشەیە چارەسەربکەیت، کەواتە پێویستە دەستپێبکەیت و دەستپێشخەرییەکان لای تۆوە بن. دڵنیابە ئەوەی کەهەوڵی بۆ دەدەیت، هەر ئەوە ئامانجی تۆیە.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

هەندێک شت کەوەختە ڕووبدەن بەتەواوەتی ژیانت دەگۆڕن. ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەستن بەو هەلانەوە کەهەڵدەکەون و چۆنیەتی قۆستنەوەیان. خۆشترین ڕۆژ بۆ خۆشەویستی، ڕۆژی شەممەیەو ڕۆژێکی نموونەییە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەندێک کێشەی ناوماڵ بێزارت دەکەن، لەو کێشانەی کەبەردەوام چارەسەریان دەکەیت و سەرهەڵدەدەنەوەو تۆش نازانی سەرچاوەکەیان کوێیە. لەبەرئەوە پێویستە بەدوای سەرچاوەکەیاندا بگەڕێی بۆ ئەوەی بنبڕیان بکەیت.

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر

# چنار و جەلیل زەنگەنە ماویانە

شیلان حەمە نەجم



هەرچەندە پێشتر لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن وابڵاوکرایەوە کەخانمە گۆرانیبێژ (چنار) بەنیازە لەزنجیرە درامای گەردەلوولدا بەشداری بکات، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لەخانمە گۆرانیبێژ (چنار) وتی"بەشداری ناکات".

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئەو سەرچاوەیە وتی"چنار تاکو ئێستا لەگەڵ دەرهێنەر (جەلیل زەنگەنە) نە گە یشتو و نە تە هیچ ئەنجامێک و لەو زنجیرە درامایەدا بەشداری ناکات".

خانمە گۆرانیبێژ چنار لەگوندی (زرگوێزی گەورە)، لەنزیک شاری سلێمانی لەدایکبووە، خاوەنی ئەلبومێکی گۆرانییە بەناوی"دڵی من".

# کێ دەیەوێت ناو بۆ ئەیوب عەلی دابنێت؟

موحسین یاسین



هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەیوب عەلی، ئەلبومێکی نوێی بە ١١ گۆرانییەوە ئامادەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناو بۆ ئەلبومەکەی دابنێت و داوا دەکات، گوێگران خۆیان ناوێک بدۆزنەوە.

گۆران کامیل هونەرمەندی مۆزیسیان ـ بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی گۆرانیبێژ (ئەیوب عەلی) لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور ڕایگەیاند ئەلبومەکەی گۆرانیبێژ (ئەیوب عەلی) یانزە گۆرانی لەخۆگرتووە و زۆربەی ئاوازەکان هی خۆیەتی.

هەروەها وتی"لەم ئەلبومەدا بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و هەورامی گۆرانی وتووە، کارەکانی ئەم ئەلبومەی زۆر جیاوازە و بەستایلێکی تازە و جیا لەستایلەکانی پێشووتری بەرهەم هاتووە و، چەندین موزیکژەنی بەتوانا بەشدارییان تێداکردووە".

لەو ئەلبومەدا هەریەکە لەگۆران کامیل و عارف شەکوری و سەعید یەڵدزوی و هێمن حسێن کاری دابەشکردنی موزیکییان بۆ کردووە و کاری تۆمارکردنیشی لەوڵاتانی (بەریتانیا و ئەمریکا و تورکیا) ئەنجامداوە.

گۆران وتی"بەڵام هیچ ناوێکی بۆ ئەلبوومەکەی دانەناوە و ناونانی ئەلبومەکەی بۆگوێگران و عاشقانی دەنگی بەجێهێشتووە، تاکو بەویستی خۆیان ناو لەئەلبومەکە بنێنو ناوێکی بۆ هەڵبژێرن".

ئەیوب عەلی بەدەستووری وت"گوێگران لەئەلبومەکەدا هەر گۆرانییەکی بەدڵ بوو، با بەو گۆرانیەوە ناوی بنێن".

هەروەها وتی"لەم ئەلبومەمدا حەیرانێکم وتووە و لەکۆی گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەشم دوو گۆرانی تایبەتم بۆ عاشقان ووتوە، هیوادارم خۆیانی تیا بدۆزنەوە".

# نامەکانی ئەشرەف دەبنە ڕەیحانە

شیلان حەمەنەجم

بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا زنجیرە درامای (ڕەیحانە)، کەزۆرینەی ئەو هونەرمەندانەی لەنامەکانی ئەشرەفدا بەشداربوون لەسەر شاشەی tv پەشخبکرێت. کە لەلایەن هونەرمەند لوقمان غەریب کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.

لوقمان غەریب دەرهێنەری زنجیرە درامای (ڕەیحانە) لەبارەی دراماکەوە وتی"ئەم دراما نوێیە پڕۆژەیەکی گەورەی هونەرییە ژمارەی ئەڵقەکانی خۆی لە ٤٥ ئەڵقەی ٤٠ خولەکی دەدات، لەو درامایەدا ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندانی خاوەن ئەزموونو بەناوبانگ بەشداریدەکەن و یەکەمجارە زۆربەی هونەرمەندان لەبەرهەمێکی گەورەی درامادا کۆببنەوە".

ڕەیحانە زنجیرە درامایەکی نوێی کۆمپانیای هونەری (گاف)ەو باس لەساڵانی پەنجاکان دەکاتو چیرۆکی ئەو زنجیرە درامایە چیرۆکێکی ڕۆمانئامێزی کۆمەڵایەتی کۆنە کەدەیان دەلالات و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە لەخۆشەویستی و دوژمنایەتی و کێشە و زوڵموزۆر و چەوسانەوە.

ئەو بەرهەمە لەناوەرۆکەکەیدا خاڵینییە لەباسکردنی ئەو دابونەریت و دیاردە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئیدارییانەی کەلەکۆنەوە کۆمەڵگای ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێنێ.

زنجیرەکە لەنواندنی هونەرمەند (شەم فوئاد) کچی هونەرمەندی گەورە و ناسراو فوئاد حەمەمین ئاغایە کەبۆ یەکەمجارە لەسەر شاشەی TV ڕۆڵی سەرەکی (ڕەیحانە) دەبینێو لەو زنجیرە درامایەدا لەگەڵ ئەکتەری لاو (هیوا مستەفا) کوڕی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و بەناوبانگ (مستەفا ئەحمەد) کە ئەویش بۆ یەکەمجارە لەسەر شاشەی tv ڕۆڵی سەرەکی (حسەین) دەبینێ. دەیان ئەکتەری ناسراوی پڕ ئەزموونی تر... کەژمارەیان لەسەرو (١٠٠) ئەکتەرەوەیە بەشدارییان تێدا کردووە.



REKLAM



ڕاگەیاندراوێک
لە ڕۆژنامەی دەستوورەوە

ڕۆژنامەی دەستوور کۆی ژمارەکانی ساڵی یەکەمی (٢٠٠٩-٢٠١٠)ی لە بەرگێکدا کۆکردۆتەوەو ئامادەیکردووە بۆ فرۆشتن. هەر کەسو لایەنێک دەخوازێت بەدەستیبهێنێت، لەئێستاوە دەتوانێت پەیوەندی بەیەکێک لەم ئەدرەسانەوە بکات. ئۆفیسی سلێمانی، شارێی سالم، تەلاری میران، بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، نهۆمی پێنجەم.

ئیمەیڵ: info@destur.net

تەلەفۆن: ٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١